# هەڵبژاردن لەکوردستان 1992 – 2010

## توێژینەیەوەکی شیکاریی – بەراوردکارییە

محەمەد ڕەئوف



ناوی کتێب: هەڵبژاردن لەکوردستان ١٩٩٢- ٢٠١٠
نوسینی: محەمەد ڕەئوف
بابەت: ڕامیاری
دیزاینو ڕێکخستن: ئەژی کەمال
هەڵەچنینی: هەردی ئیبراهیم
تیراژ: ١٠٠٠دانە
چاپ: یەکەم ساڵی ٢٠١٣
کوردستان – سلێمانی
چاپخانە: ئارۆ
نرخ: ٣٠٠٠ دینار

لەبڵاوکراوەکانی کۆمپانیای شارپرێس
www.sharpress.net

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٨٤٣)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێدراوە.

# پێڕست

لەبری پێشەکی................................................................................. ٧

بەشی یەکەم
دەروازەی یەکەم: زەمینەسازیی بۆ یەکەمین هەڵبژاردن لەکوردستان
یەکەم/ دۆخی سیاسی لەبار بۆ هەڵبژاردن........................................ ١١
دووەم / ڕێخۆشکردن بۆ هەڵبژاردن................................................ ١٤
سێیەم/ بە یاساییکردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان.......................... ٢٠
چوارەم/ یاسایەك هەڵبژاردنی رابەر................................................. ٢٤
پێنجەم/ رێو شوێنەکانی هەڵبژاردن ................................................ ٢٧

دەروازەی دووەم: هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩
یەکەم / بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان............................................... ٤٢
دووەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی ١٩٩٢/٥/١٩.. ٤٩
أ- ژمارەو رێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای سلێمانی.................... ٦١
ب- ژمارەو رێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای هەولێر.................... ٦٢
ج- ژمارەو رێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای دهۆك...................... ٦٤
د- ژمارەو رێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای کەرکوك...................... ٦٥
سێیەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنی کەمایەتییە مەسیحییەکان...................... ٦٨
چوارەم / ئەنجامی هەڵبژاردنی رابەری رزگاری خوازی کوردستان...... ٧١

دەروازەی سێیەم / هەڵبژاردنو کارتێکەرەکانی
یەکەم / تەزویرو ساختەکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنی گۆڕی.............. ٧٦
دووەم/ کێشەو گرفتەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩.................. ٧٩
سێیەم/ پێکهێنانی پەرلەمانو حکومەت ١٩٩٢ .............................. ٨٣

بەشی دووەم
دەروازەی چوارەم / هەڵبژاردنی ناهاوسەنگ
یەکەم/ فەرامۆشکردنی هەڵبژاردن............................................ ٩١
دووەم/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان............................ ٩٤

دەروازەی پێنجەم/ هەڵبژادنەکانی دوای روخانی بەعس ٢٠٠٣
یەکەم/ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان........................................ ٩٨
دووەم/ دووەم/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٥............. ١٠٣
أ- پارێزگای سلێمانی لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥.. ١٠٣
ب- پارێزگای هەولێر لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥.. ١٠٦
ج- پارێزگای دهۆك لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥.. ١٠٨
سێیەم/ بەراوردی هەڵبژاردنی ١٩٩٢-٢٠٠٥................................... ١١٠
چوارەم/ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٠٥....... ١١٢

دەروازەی شەشەم/ هەڵبژاردنەکانی ٢٥/٧/ ٢٠٠٩
یەکەم / هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان..................................... ١١٥
دووەم/ لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢و ٢٠٠٩ دا................................ ١١٨
سێیەم/ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ٢٠٠٩................................... ١٢٢
چوارەم/ بەراوردی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ١٩٩٢ - ٢٠٠٩.......... ١٢٤
پێنجەم/ کاردانەوەی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ / ٧/ ٢٠٠٩.................... ١٢٧

دەروازەی حەوتەم/ هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧
یەکەم/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٠/٣/٧...... ١٣٠
أ- پارێزگای هەولێر لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠١٠...... ١٣٣
ب- پارێزگای سلێمانی لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠١٠.. ١٣٦
ج- پارێزگای دهۆك لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠١٠...... ١٣٨
دووەم/ نەخشەی سیاسی حیزبەکان
لەنێوان هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢و ٢٠١٠ ................................ ١٤٠



دەروازەی هەشتەم/ هەڵبژاردنو ساختەکاریی
یەکەم/ تەزویرو ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکاندا........................ ١٥٠
دووەم/ تەزویرو ساختەکاریی ئەنجامی
هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ دەگۆڕێ ........................................ ١٥١
سێیەم/ ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا.................... ١٥٤
چوارەم/ ساختەکاریی لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ ............................ ١٤٦
پێنجەم/ تەزویر لەرووی یاساییەوە ........................................ ١٤٧

ئەنجام............................................................................ ١٦٢

پێشنیازو راسپاردەکان.................................................... ١٦٤

سەرچاوەکان.................................................................. ١٦٥

پاشکۆکان....................................................................... ١٧١

# لەبری پێشەکی

هەڵبژاردن وەك پرۆسەیەکی گرنگ لەکۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکاندا، کاریگەری گەورەی هەیە لەگەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسیدا، بەتایبەتیش ئەو کۆمەڵگایانەی کە هەنگاو رووەو دیموکراسی دەنێن، هەرچەندە لەکۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەهۆی هەیمەنەی پارتە دەسەڵاتدارەکانەوەو هەوڵدان بۆ مانەوەیان لەسەر کورسی دەسەڵات، هەڵبژاردن کاریگەری گەورەی لەسەر ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتو گۆڕانکاریی لەنەخشەی سیاسی هێزەکاندا دروست نەکردووە.

بەڵام لەهەرێمی کوردستان کە لەدوای یەك ساڵ لەراپەڕینو ئازادبوونی لەدەستی رژێمی بەعس لەساڵی ١٩٩٢، یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجامدا، تا ئەمڕۆ سێ خولی پەرلەمانو یەك هەڵبژاردنی شارەوانیو یەك هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو سێ جار بەشداری لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا کردووە، لەگەڵ ئەوەی هیچ یەك لەهەڵبژاردنەکان لەکاتو شوێنی خۆیدا نەکراوە، بەڵام پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان تا ئاستێك رۆڵی هەبووە لەگۆڕانکارییەکانو گۆڕینی نەخشەی سیاسی هێزەکاندا.

بەو پێیەی لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا گۆڕانکاریی لەنەخشەی سیاسی هێزەکاندا دروستبووە، هەندێك لەحیزبە سیاسییەکان ئاستی دەنگەکانیان دابەزیوەو هەندێکیشیان ئاستی دەنگەکانیان هەڵکشاوە، تەنانەت لەهەڵبژاردنەکاندا هێزی نوێو حیزبی نوێ هاتەکایەوەو گۆڕانکاریی لەکورسییەکانی پەرلەماندا دروستکردووە.

لەم توێژینەوەیەدا (هەڵبژاردن لەکوردستان، ١٩٩٢ – ٢٠١٠)، شیکاریی بۆ سەرجەم هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کراوە، لەگەڵ بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنەکانو خستنەڕووی دیاردەی ساختەکاریی (تەزویر) لەسەرجەم هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، هاوکات بەراوردکاریی نێوان دەنگی هێزەکان لەهەڵبژاردنەکاندا، بەتایبەتیش جیاوازی ئاستی دەنگی هێزەکان لەنێوان هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩ لەگەڵ ٣٠کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ لەگەڵ ٢٠٠٩/٧/٢٥، بەوپێیەی لەنێوان ئەو سێ هەڵبژاردنەدا گۆڕانکاریی گەورە لەدەنگی هێزەکاندا روویداوە.



ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە هەڵبژاردن لەکوردستان دروستیکردووە، ئەویش لەرێگەی ئەو ئامارو داتایانەی کە لەکەناڵە فەرمییەکان، بەتایبەتیش کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە خراوەتەڕوو، بۆ ئەوەی لەرێگەی داتاو ئامارەکانەوە، گۆڕانکاریی هێزەکان لەرێگەی هەڵبژاردنەکانەوە بخاتەڕوو.

گرفتو بەربەستەکانی بەردەم توێژینەوەکەش، کەمی ئەو ژمارەو داتایانەیە کە لەئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا راگەیەنراوە، بەتایبەتیش لەهەڵبژاردنەکانی سەرەتادا داتاو ژمارەکان بەشێوەیەکی نادروستو هەر هێزەو بە ویستی خۆی خستوویەتییە روو، لەگەڵ ئەوەی هێزەکان لەزۆربەی هەڵبژاردنەکاندا بە یەك لیست بەشدارییان کردووە، کە ئەوەش گرفتێکی گەورەی بەردەم توێژینەوەکەیە بەتایبەتی بۆ بەراوردکردنی دەنگی هێزەکان لەهەڵبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە.

ئەم توێژینەوەیە لەدووبەشی سەرەکیو هەشت دەروازە پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا باس لەزەمینەسازیی کراوە بۆ یەکەمین هەڵبژاردن لەکوردستان لەساڵی ١٩٩٢دا بە تایبەتیش کە دۆخێکی سیاسی لەبار هاتە ئاراوە بەهۆی بڕیاری (٦٨٨) ئەنجوومەنی ئاسایشی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەدەروازەی یەکەمدا رێخۆشکردن بۆ هەڵبژاردنو دانانی یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانو یاسای رابەری رزگاریخوازی گەلی کوردستان خراوەتەڕوو، بەڵام لەدەروازەی دووەمدا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانو ئەنجامی هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩، لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنی رابەر خراوەتەڕوو، لەدەروازەی سێیەمیشدا، لەرێگەی بەڵگە نووسراوو داتاکانەوە، کاریگەری تەزویرو ساختەکاریی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان خراوەتەڕوو، لەگەڵ کێشەو گرفتەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩، دواتریش پێکهێنانی پەرلەمانو حکومەت خراوەتەڕوو.

بەڵام لەدەروازەی چوارەمدا ئاماژە بە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکان لەوادەی خۆیداو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان کراوە، لەدەروازەی پێنجەمیشدا، شیکاریی بۆ هەڵبژاردنەکانی دوای روخانی بەعس ۲۰۰۳، کراوە بەتایبەتیش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەساڵی ۲۰۰۵، هاوکات لەدەروازەی شەشەمدا بە وردیی شیکاریی کراوە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم لە۲۵/۷/ ۲۰۰۹دا بەو پێیەی ئەو هەڵبژاردنە لەدۆخێکی گونجاودا کراو گۆڕانکاریی لەنەخشەی سیاسی هێزەکاندا دروستکرد، هاوکات بەراوردکردنی دەنگی هێزەکان لەنێوان هەڵبژاردنی ۱۹۹۲ بۆ ۲۰۰۹، لەدەروازەی حەوتەمیشدا ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ۲۰۱۰/۳/۷، ئەویش تەنها دەنگی سێ پارێزگاکەی هەرێم بەو پێیەی لەو هەڵبژاردنەدا بەتەواوی دەنگی حیزبەکان دەرکەوت، لەدەروازەی هەشتەمیشدا شیکاریی بۆ تەزویرو ساختەکاریی کراوە لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا، لەکۆتاییشدا بە ئەنجامو پێشنیازەکان توێژینەوەکە کۆتایی پێهاتووە.



# بەشی یەکەم

## دەروازەی
## یەکەم
## زەمینەسازیی بۆ یەکەمین هەڵبژاردن لەکوردستان

یەکەم/ دۆخی سیاسی لەبار بۆ هەڵبژاردن
دووەم / ڕێخۆشکردن بۆ هەڵبژاردن
سێیەم/ بە یاساییکردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان
چوارەم/ یاسایەك هەڵبژاردنی رابەر
پێنجەم/ رێوشوێنەکانی هەڵبژاردن

## یەکەم/ دۆخی سیاسی لەبار بۆ هەڵبژاردن

لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩٢ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو ئازادکردنی سەرجەم ناوچە کوردستانییەکان لەدەسەڵاتی حیزبی بەعس، دواتر کۆڕەوی خەڵکی کوردستان بۆ سنوری وڵاتانی دراوسێو خراپیی دۆخی ئاوارەکان لەناوچە سنورییەکان کاردانەوەی گەورەی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێناوو بووە جێی بایەخی رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان، بەتایبەتیش وڵاتی فەڕەنسا رۆڵی گەورەی هەبوو لەهاندانی رێکخراوەکانو فشار لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان، لەو ساتەدا (بێرنارد کۆشنێر) وەزیری تەندروستیو کاروباری مرۆیی فەڕەنسا، سەردانی ئاوارەکانی کوردستانی لەسنوری تورکیاوە کردبوو، هەربۆیە فشارێکی زۆر لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان هەبوو بۆ دەرکردنی بڕیارێك سەبارەت بە دۆخی عێراق لەو بارەیەوە: (فرەنسۆ میتەران سەرۆکی فەڕەنسا، جۆن مەیجەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، جۆرج بوش سەرۆکی ئەمەریکا) کەوتنە راوێژو گفتوگۆی تەلەفۆنیی، وەزیرانی دەرەوە: رۆلان دۆما، وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، دۆگلاس هێرد، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جەیمس بیکەر، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەوتووێژدا بوون بۆ دانانی رێگەچارە، سەرئەنجام بڕیاری (٦٨٨)ی رۆژی ٥ی مایسی ١٩٩١ی لێ بەرهەم هات). "١"

بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان کە لەپەیجی رەسمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڵاوکراوەتەوە لەرۆژی (٥ ئەپریل/نیسانی ١٩٩١) بە بڕیاری ژمارە (٢٩٨٢) دەرچووەو لە(٨) بڕگە پێکهاتووە، لەبڕگەی یەکەمدا هاتووە : ئیدانەی ئەو سەرکوتکارییانەی هاوڵاتیانی مەدەنی دەکەین کە لەزۆر شوێنی عێراق دەکرێت، تازەترینیان لەناوچە کوردنشینەکانە، کە ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتییو ئارامیی وڵاتانی ناوچەکە.... هاوکات لەخاڵەکانی تردا داوا لەعێراق کراوە کە ئەو سەرکوتکارییانە بوەستێنێتو رێگە بە رێکخراوە مرۆییەکان بدات فریاگوزارییەکان بگەیەننە لێقەوماوان. "٢"

دواتریش وڵاتانی فەڕەنساو ئەمەریکاو بەریتانیا کەوتنە جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)و ناوچەی دژە فڕین (**No_Fly Zone**)یان دروستکرد (هێڵی ٣٤ بۆ باکوورو هیڵی ٣٣ بۆ باشووری عێراق). (بڕوانە نەخشەی ژمارە ١)



**(نەخشەی ژمارە ١)**



سەرەرای دروستکردنی هێزی هاوبەش کە ١٣ دەوڵەت پێکهاتبوون، لەگەڵ دروستکردنی بنکەی (ئینجەرلیك) لەتورکیا بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. "٣"

لەسەروبەندی هەنگاوەکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاساییشی نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێگریکردن لەسەرکوتکارییەکانی حکومەتی بەعس دژ بە کورد، بەرپرسانی کورد کەوتنە دانوستان (مفاوضات) لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق، هەربۆیە لەرۆژی (١١/نیسانی ١٩٩١) یەکەم وەفدی کوردی بۆ دانوستان چوونە بەغدا، دوای دەیان کۆبوونەوەو دانوستان لە(١٣ ئابی ١٩٩١) دوایین کۆبوونەوەو دانوستانی نێوان هەردوولا کۆتایی هاتو شکستی هێنا، (لە دوای شکستهێنانی گفتوگۆکانیش لەبەراوری ١٩٩١/١٠/٢٦ حکومەتی عێراق دەستیکرد بە کشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکانی لەناوچەکانی کوردستان، ئەمەش بۆشاییەکی یاساییو ئیداریی دروستکرد..... ئەوەبوو لەپێناو بەڕێوەبردنی هەرێمو دانانی دەسەڵاتی یاسا بەرەی کوردستانی بیری لەدامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی کردەوە، لەرێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتەوە). "٤"

بەرەی کوردستانی کە لە١٩٨٨/٥/٧ دروستبوو، هەشت پارتی سیاسی هەرێمی کوردستانی لەخۆ دەگرتو لەو ساتەدا تاکە دەسەڵات بوو کە بڕیاری سیاسی لەکوردستان بەدەستبوو کە پێکهاتبوو لە:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، جەلال تاڵەبانی سکرتێری بوو
پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی سەرۆکی بوو
حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، رەسوڵ مامەند سکرتێری بوو
پارتی گەلی کوردستان، سامی عەبدولڕەحمان سکرتێری بوو
حیزبی شیوعی عێراق، عەزیز محەمەد سکرتێری بوو
پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆك، کەریم سەلام بەرپرسیان بوو سکرتێرەکەیان کۆچی دوایی کردبوو
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، قادر عەزیز سکرتێری بوو
بزووتنەوەی دیموکراتی ئاسوریی."٥"



## دووەم/ ڕێگەخۆشکردن بۆ هەڵبژاردن

لەدوای راپەڕینی ١٩٩١و پاشەکشێی حکومەتی عێراق لەکوردستان بۆشاییەکی ئیداریی دروست بوو. دۆخێکی وا هاتە ئاراوە کە جۆرێك لەپاشاگەردانیی پێوە دیاربوو لەرووی بۆشایی یاساییو ئیدارییەوە، بەوەی هیچ دەسەڵاتێکی یاساییو ئیداریی نەبوو کە لەرووی یاساییەوە ژیانی خەڵکی رێکبخاتو مووچەو پێداویستییەکانی ژیان دابین بکات. تەنها دەسەڵاتێك بەرەی کوردستانی بوو کە ئەویش نەیدەتوانی بۆشایی یاساییو ئیداریی پڕبکاتەوە. بۆیە بەرەی کوردستانی بیری لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کردەوە ئەویش لەپێناو:

١- دەسەڵاتێکی یاسایی بهێنێتە بوون، بەمەبەستی گێڕانەوەی حوکمی یاسا بۆ ناو قەوارە کوردییەکە.

٢- حکومەتێك دابمەزرێنێت کە بەرپرسیاربێت لەئاست دابینکردنی ئەمنو ئاساییشو بژێویی هاوڵاتیان.

٣- متمانەیەك لای هاوڵاتیان دروست بکات کە راپەڕین هەوێنی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردییە، کە کارو خزمەتەکانی لەگەڵەوە بۆ گەلە.

٤- پاشاگەردانیو راوو رووتکردن بنەبڕبکاتو کۆنترۆڵی ئەو بارە ناهەموارە بکات، کە لەلایەن هەندێك لەحیزبەکانو خەڵکی هەڵپەرستەوە دروستکرابوو.

٥- بۆ وڵاتانی جیهانی بسەلمێنێت کە کورد لەتوانایدایە کاری سەرسوڕهێنەر ئەنجام بداتو خاوەن عەقڵێکی کراوەی ئەوتۆی دیموکراسییەو بڕوای بە پێکەوە ژیانی برایانەو ئازادییو لێبوردن هەیە.

٦- ئاپۆڕەی جەماوەری کوردی لەهەڵبژاردنەکاندا، وەڵامێك بێت بۆ ئەو لایەنەی کە حکومەتی عێراق بە حکومەتێکی نموونەیی دەبینێتەوە. "٦"

بۆیە لەپێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی سەرەوەو بۆ دەربازبوون لەو بۆشاییە یاساییانەی کە لەکوردستان هەبوو، هاوکات دانانی پلانی پێشوەخت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانو کێشانەی کە چاوەڕوان دەکرا بەهۆی کشانەوەی دامودەزگاو ئیدارەی حکومەتی بەغداوە دروست بێت، بەرەی کوردستانی بڕیاریدا هەڵبژارد بکات.

دوای ئەوەی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی – بەعس لەشوێنی خۆیدا چەقی‌و بۆشایی دەسەڵات دروستبوو، لەئەنجامی ئەوەشدا بۆشایی ئیداریی‌و ئەمنیی‌و قانوونی لەکوردستان دروستبوو، سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بڕیاریدا هەڵبژاردنی گشتیی بکرێت‌و لیژنەیەکی دروستکرد بۆ نووسینی قانوونەکانی، لیژنەکە قانوونەکانی نووسی، یەکێکیان قانوونی هەڵبژاردن بوو)."٧"

بەڵام کێشەی گەورەی بەردەم بەرەی کوردستانی لایەنی یاسایی بوو، کە ئایا کوردستان لەرووی یاساییەوە دەتوانێت هەڵبژاردن بکات‌و دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە، لەکاتێکدا هیچ دامەزراوەیەکی یاسایی باڵای نییە کە بڕیاری یاسادانان‌و هەڵبژاردنی هەبێت، بەڵام (ئاڕاستەی یەکەمی لێکۆڵەرانی بواری یاسای دەستووریی ڕێککەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەسەنەدێکی تەواو یاسایی دەناسێنن‌و بە باکگراوندێکی یاسایی ئەو هەڵبژاردەی دەدەنە قەڵەم.... هەرچەندە زۆربەی پارتە کێبەرکێکارەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، بڕوایان نەدەکرد بەوەی ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی ئازاری ١٩٧٠ بنەمایەکی دەقداری سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن تێدایەو هەرچۆنێك بێت ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی بنەمایەکی یاسایی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی‌و ناوخۆیی گرنگی بۆ هەڵبژاردنەکان ڕەخساند."٨"

زۆربەی یاساناسان لەو باوەڕەدا بوون کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بنەمایەکی یاسایی گرنگە بۆ بڕیاردان لەسەر دەرکردنی هەر بڕیارێکی یاسایی کە لەکوردستان دەبچێت، بەو پێیەی لەمادەی (١٠)ی یاسای حوکمی زاتی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٤ کە حکومەتی ناوەندی خۆی یەکلایەنە پیادەی کرد، لەدوای شکستپێهێنانی گفتوگۆکانی بەرەی کوردو ڕژێمی عێراقدا هاتووە ؛ ئەنجوومەنی یاسادانان، دەستەیەکی یاسایی هەڵبژێردراوی ناوچەکەیە کە دروستبوون‌و ڕێکخستنی کارەکانی بە گوێرەی یاسا دەبێت. "٩"

بەرەی کوردستانی نەیاندەویست هیچ بنەمایەکی یاسایی بدەن بەدەست بەغداو وڵاتانی دراوسێوە تا دژایەتی ئەزموونی کوردستا بکەن‌و جارێکی تر بەبیانووی نایاساییەوە بەغدا دەست بگرێت بەسەر کوردستاندا، (هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە لایەنەکانی بەرەی کوردستانی پێکهاتن لەسەر یاسایەکی هەڵبژاردن کە هەر لەچوارچێوەی ڕێککەوتنەکەی ساڵی ١٩٧٠دا بێت بۆ ئەوەی (بەغدا)و وڵاتانی دراوسێ واتێنەگەن کە ئەمان نیازی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆیان هەیە). "١٠"



بەرەی کوردستانی بڕیاریدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بداتو بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەتی دروستکرد لە١٥ کەس کە لەدادوەران‌و پارێزەران‌و یاساناسان‌و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی پێکهاتبوو، لیژنەی باڵای هەڵبژاردن بریتیبوون لە:

١- سەرۆکی لیژنەی باڵا/ دادوەر ئەمیر حەوێزی

٢- نوێنەری هەموو حیزبەکان (بەرەی کوردستانی) + ئیدارە

٣- لیژنەی پارێزگاکان: سەرۆك/ دادوەرێك + نوێنەری بەرە + نوێنەری ئیدارەو بەهەمانشێوە نوێنەری بنکەکانی هەڵبژاردن دروستکرابوو. "١١"

پێکهێنانی لیژنەکە قورس بوو بۆ بەرەی کوردستانی بەو پێیەی دروستکردنی لیژنەکە لەسەر بنەمای شارەزایی‌و پسپۆڕیی لەبوارەکەدا کە داڕشتنی یاسای هەڵبژاردنەو کە بۆ یەکەمجارە لەکوردستاندا دەکرێت، هاوکات ڕازیکردنی سەرجەم لایەنەکانی ناوبەرەی کوردستانی لەسەر دیاریکردنی کەسایەتییەکان گرفت بوو، بەڵام لیژنە ١٥ کەسییەکە ڕاگەیەنرا کە بریتیبوون لە:

١- ڕەشید عەبدولقادر، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان.

٢- مەعروف ڕەئوف، یەکەم وەزیری داد لەوەزارەتی هەرێم.

٣- نازم حەوێزی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر.

٤- حاکم ئەمیر حەوێزی، ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەووەی هەولێرو دواتر بووە سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن.

٥- شەمسەدین موفتی

٦- مەحمود بابان

٧- د. سەعدی بەرزنجی، ڕاگری کۆلێژی یاساو رامیاریی زانکۆی سەلاحەدین

٨- د. خورشید شەوکەت ڕەواندوزی، مامۆستای کۆلێژی یاساو رامیاریی زانکۆ سەلاحەدین

٩- پارێزەر مستەفا عەسکەری

١٠- فرسەت ئەحمەد، لەساڵی ١٩٩٢ تا ئەمڕۆ سکرتێری پەرلەمانی کوردستانە.

١١- د. قەیس دیوالی، دواتر بووە ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان.

١٢- حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی، دواتر بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.
١٣- بەختیار حەیدەری، دواتر بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.
١٤- قادر جەباری، دواتر بووە وەزیری داد لەکابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم.
١٥- فرەنسو هەریری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەخولی یەکەمی پەرلەمان. "١٢"

دوای چەندین کۆبوونەوەو گفتوگۆی بەردەوامی ئەو لیژنەیە لەسەر دیاریکردنی یاسایەکی گونجاو کە لەگەڵ دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستان بگونجێت، لەماوەی نزیکەی مانگێکدا گەیشتنە رێککەوتنێکو پرۆژە یاسایەکیان خستە بەردەستی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، (ئەم لیژنە تایبەتەی پێکهات دوای ئەوەی چەند دانیشتنێکی لەماوەی نێوان ١٩٩١/١٢/٢٣ تاوەکو ١٩٩٢/١/٢٨ ئەنجامدا پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کردو لەرۆژی ١٩٩٢/٤/٨ لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بڕیاری لەسەردراو بەناوی یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان – عێراق پەسەندکرد) "١٣". (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢ دەقی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان).

دوای گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاسایەك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان لەلایەن لیژنە باڵاکەوەو دواتر خرایە بەردەم لایەنەکانی بەرەی کوردستانی، لایەنەکانی بەرەی کوردستانی لەرۆژی چوارشەممە رێککەوتی (١٩٩٢/٤/٨ ی زایینی بەرامبەر بە ١٩ی نەورۆزی ٢٩٩٢ کوردی) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی پەسەند کرد بە ئامادە بوونی (جەلال تاڵەبانی لەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان، مەسعود بارزانی لەپارتی دیموکراتی کوردستان، عەبدوڵا ئاگرین لەحیزبی سەربەخۆی دیموکراتی کوردستان، (لێرەدا مەبەست، پارتی سۆسیالیستی کوردستان پاسۆکە... نووسەر) عەزیز محەمەد لەحیزبی شیوعی کوردستان، رەسوڵ مامەند، حیزبی سۆسیالیست، سامی عەبدولڕەحمان، پارتی گەل، قادر عەزیز، حیزبی زەحمەتکێشان، یەعقوب یوسف، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاسوریی."١٤"



هەرچەندە لیژنە باڵاکە لەکەسانی یاساییو شارەزا پێکهاتبوون، بەڵام بیرو تێڕوانینی گشتییو جۆری هەڵبژاردن لەکوردستاندا لەلایەن سەرکردەکانی بەرەی کوردستانییەوە دیاری دەکران نەك یاساناسانی ناو لیژنەکە.

لەسەرەتاوە دوو بۆچوونی جیاواز لەناو سەرکردەکانی بەرەی کوردستانیدا هەبوو لەسەر شێوازی هەڵبژاردن، بۆچوونی یەکەم پێیوابوو باشترین جۆری هەڵبژاردن کە بۆ ئەو قۆناغە بگونجێت، هەڵبژاردنی بازنەییە، بەو شێوەیەی کە کوردستان دابەشبکرێت بەسەر چەندین بازنەی هەڵبژاردنداو هەڵبژاردن بە لیست نەبێت، لەهەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا هەموو کەسێ کە مەرجەکانی ئەندامێتی ئەنجوومەنی تێدابێت، بۆی هەبێت خۆی کاندید بکات، بەڵام بۆچوونی دووەم پێیوابوو باشترین شێوەی هەڵبژاردن کە لەگەڵ هەلومەرجی کوردستاندا بگونجێت هەڵبژاردنی رێژەییە بە لیست، حیزبە بچووکەکان پێیان لەسەر بۆچوونی دووەم دادەگرت، تەنانەت هەڕەشەی ئەوەشیان دەکرد کە ئەگەر هەڵبژاردن رێژەییو بەلیست نەبێت، ئەوان بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن، ئەوەش لەو کاتەدا بۆ ناوبانگی یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستان باش نەبوو، بەتایبەت ئەو زەمانە هێشتا هیچ لایەنێکی عێراقیو دەرەکی قەوارەی راستەقینەی ئەو حیزبانەیان نەدەزانی، لەبەرئەوە لەژێر کاریگەری ئەم هەڕەشەیەدا سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی قبوڵی کرد هەڵبژاردن بەرێژەیی بێت."١٥"

ئەو بۆچوونەی حیزبە بچووکەکان کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دروستکرد بۆ چەسپاندنی شێوازی هەڵبژاردنەکان، چونکە ئەو حیزبانە پێیان وابوو دەنگێکی باش دەهێنن لەهەڵبژاردنەکاندا. (قانوونی هەڵبژاردن سیستەمی رێژەیی لیستی کرد بە بناغەی کار... ئەویش لەبەر هەڕەشەی حیزبە بچووکەکان؛ حشع، حسك، گەل، زەحمەتکێشان، پاسۆك، ئاشوریی... سووربوون لەسەر ئەوەی هەڵبژاردن بە لیستو رێژەیی بێتو هەڕەشەی ئەوەیانکرد ئەگەر قانوونەکە بەو جۆرە دانەڕێژرێت ئەوان بایکۆتی دەکەن... لەژێر گوشاری ئەو حیزبانەدا سیستەمی رێژەیی پەسەند کرا، بەڵام بەو مەرجەی هەر حیزبێك ٧٪ کەمتر بهێنێت رێگەی چوونە ناو پەرلەمانی نادرێت)."١٦"

بـەلام هەندێك سـەرچاوە وایان راگەیانـد کە مەسـعود بارزانی لەگەڵ دانانی رێـژە بووە بۆ هەڵبژاردن، بەوپێیەی ئەو هێزو لایەنانەی کە پێگەی جەماوەرییان نییە بەشـدار نەبن لەبڕیاری سیاسـیدا، (وا راگەیەنرا گوایە مەسـعود بارزانی داوای دانانی ٧٪ی کردووە وەك کەمترین پلەی دەنگ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان کەوا دیارە بۆ ئەوەی خۆیان رزگاربکەن لەهەڵوێستی حیزبە بچووکەکان). "١٧"



## سێیەم/ یاسایەك بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان

ئەو لیژنە باڵایەی کە لە١٥ یاساناسو پارێزەرو نوێنەری لایەنەکانی بەرەی کوردسـتانی پێکهاتبوو، لەمـاوەی نزیکەی مانگێکدا یاسـای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشـتیمانی کوردستانی خستە بەردەست بەرەی کوردستانی ئەویش پەسەندی کرد، ئەو یاسایە (یەکەمین یاسایە لەمێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراق کە لەلایەن دەسەڵاتێکی دیفاکتۆی کوردییەوە دەرکرابێت کـە مومارەسـەی دەسـەڵات دەکاتو مافی بڕیارسـازیی لەنێـو هەرێمە کوردییەکەی عێراقدا دەبێت، بەدەر لەدەسەڵاتی ناوەندیی لەبەغدا). "١٨"

لە یاسـای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردسـتانی عێراقدا کە دواتر لەلایەن ئەنجوومەنی نیشـتیمانی کوردستان بە ژمارە (١) پەسەندی کرد، لە(٦١) مادە پێکهاتووە، شـێوازو رێکارەکانی هەڵبژاردنی لەکوردستان دیاریکـرد، ئـەم یاسـایە لەژمـارە (١) ی رۆژی ١٩٩٢/٩/١٥ ی رۆژنامەی ئەنجوومەن، زمانحاڵی پەرلەمانی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.(بڕوانەپاشکۆی ژمارە ٢ دەقی یاسای ژمارە ١ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان).

لە یاساکەداو لەمادەی (١) دا هاتووە: (ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێـراق لەچەند ئەندامێـك پێکدێت کە ژمارەیان لـە(١٠٠) ئەندام کەمتر نەبێتو لەسەر بنەمای یەك نوێنەر بۆ هەر سی هەزار سەرنشینێك) ئاماژە بە سەنگی کورسییەکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کراوەو بۆ هەر کورسیەك (٣٠ هەزار) کەس دانراوە (لەبەرئەوەی ژمارەی سەرنشینانی کوردستانیش بە نزیکـەی (٣ ملیۆن) کەس خەمڵێنرابوو، بەم پێیـە پەرلەمانەکە تەنها لە(سـەد) کورسـی پێکدەهێنرا، بەڵام دواتـر لەبەر کۆمەڵێـك فاکتەری نێوخۆییو دەرەکی پێنج کورسی تر بۆ کلدو ئاشورییەکان زیادکرا، بەمەش ژمارەی کورسییەکان کرانە (١٠٥) کورسی)."١٩"

لەبەرئەوەی هیچ ئامارێکی رەسـمی بەردەست نەبوو کە دەریبخات ژمارەی دانیشـتوانی کوردستان چەندە، نزیکترین ئاماریش لەعێراقدا ئاماری ساڵی ١٩٨٧ ی عێراقە کە (ژمارەی دانیشتوانی عێراق بە ١٦ ملیۆنو ٣٣٥ هەزارو ١٩٩ کەس ئەژمار کراوە، لەو رێژەیەش ٢١،٥٪ ی کورد بووە، واتا ٣ ملیۆنو ٥٢٥ هەزارو ٤١٥ کەس). "٢٠"

سەبارەت بە شێوازی دەنگدانەکە لەمادەی (٢)ی یاساکەدا ئاماژەی پێکردووە کە (هەڵبژاردنەکان بەشێوەی گشتیی نهێنیی راستەوخۆ دەبێت).

له مادەی (٦) ی یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەبڕیاری بەرەی کوردستانی دەستەیەکی باڵای هەڵبژاردن دروست دەکرێت. بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك یان دوو، ئەندامێتیی داواکارێکی گشتیی ناوچەی تێهەڵچوونەوە یان جێگرەکەیو نوێنەرانی بەرەی کوردستانیو نوێنەری کارگێڕیی پێکدێت. کە ئەرکی دیاریکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن، پێکهێنانی لیژنەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن، دەرکردنی زانیاریی، ڕێنمایی بۆ ئاسانکاریی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن دەبێت. دواتر لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان بەپێی بەیانی ژمارە (٣) ی کارگێڕیی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لەرۆژی ١٩٩٢/٤/١٥ (دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق)ی دامەزراندو بەم شێوەیە پێکهات:

ئەمیر عەبدولکەریم حەوێزی (سەرۆك)
فوائاد سابیر رەشید (داواکاری گشتیی)
رەشید مستەفا کاکە عەبدولکەریم (نوێنەری کارگێڕیی – پارێزگای هەولێر)
جەمال تایەر بەکر، نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
کەریم سوڵتان سنجاری، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان
بەدران ئەحمەد حەبیب، نوێنەری حیزبی زەحمەتکێشان
جەمیل عەبدوڵا خۆشناو، پارتی سۆسیالیستی کوردستانو پاسۆك
کلدون شموئیل بنیامیم، نوێنەری پارتی دیموکراتی ئاشوریی

ئەمە جگە لەوەی (ساڵح بەرواری) کە نوێنەری پارتی گەل بوو لەدوا ساتەکانی واژۆکردنی دوا کۆنووسی لیژنەکەدا دەستی کێشایەوە بەهۆی ناڕازیبوونی پارتەکەی لەهەڵبژاردن."٢١"
هاوکات لەمادەی (٩)ی یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە (کوردستانی دابەشدەکرێت بەسەر ناوچەی هەڵبژاردندا بەشێوەیەك لەچوار ناوچە کەمتر نەبێت)، ناوچەکانی هەڵبژاردن لەکوردستان بەسەر پارێزگای (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، کەرکوك کە لەچەمچەماڵ، کەلار، کفری، دەربەندیخان پێکهاتبوو) دابەشکرا.



مادەکانی (١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣) تایبەتە بە پاڵێوراوانو دەنگدەرانەوەو ئەو مەرجانەی پێویستە بۆ هەریەکەیان لەمادەی (١٩)دا یەکسانی تەواوی رەخساندووە لەنێوان نێرو مێدا چ بۆ ئەو کەسانەی دەنگ دەدەن یاخود ئەوانەی خۆیان دەپاڵێون بۆ ئەندامی پەرلەمان، سەبارەت بە مەرجەکانی دەنگەدەرو پاڵێوراویش لەمادەی (٢٠)دا هاتووە (مەرجە دەنگدەر هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێتو ١٨ ساڵی تەواو کردبێت)، لەمادەی (٢١)یشدا مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ ئەندامێتیی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان خراوەتەڕوو کە بریتین:
١- هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێتو دانیشتووبێت تیایدا.
٢- شایستەیی تەواوی هەبێتو گەیشتبێتە تەمەنی ٣٠ ساڵ.
٣- خوێندنەوەو نووسین بەتەواوی بزانێت.
٤- حوکم نەدرابێت بەتاوانی لەکەدار بەشەرەفو ئادابی گشتییو پاکیزەیی (نەزاهەت).
٥- حوکم نەدرابێت بە بەندکردن بە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست یان دزی.
٦- بەشداری نەکردبێت لەو تاوانانەی دەسەڵاتی پاکتاوکەر پلانی بۆ داناونو لەکوردستان ئەنجامیداون.
سەبارەت بە شێوازی بەشداریکردنی حیزبەکانیش لەمادەی (٢٢)دا هاتووە کە هەموو حیزبو چینو کەمینەیەکی نەتەوەیی دەتوانێت لیستی تایبەتی خۆی پێشکەشبکاتو کە ناوی پاڵێوراوەکانی لەخۆگرتبێت.
سەبارەت بە کاتی دەستپێکردنی هەڵبژاردنیش لەمادەی (٣٢)دا ئاماژە بەوە کراوە کە پرۆسەی دەنگدان لەسەعات هەشتی بەیانی دەستپێدەکاتو هەشتی ئێوارە کۆتایی دێت، بەڵام دەستەی باڵای هەڵبژاردن بەبەیانێك دەتوانێت کاتی تر دیاری بکات.
سەبارەت بە شێوازی دابەشکردنی دەنگەکان بەسەر کورسییەکانو دەنگی لیستەکان لەمادەی (٣٦) خاڵی یەکەمدا ئاماژە بەوە کراوە کە کۆی دەنگی دەنگدەران دابەشی کورسییەکان دەکرێت بۆ دەرهێنانی تێکڕای هەڵبژاردن، بەڵام لەخاڵی ٣دا ئاماژە بەوەکراوە کە هەرلیستێك (٧٪)ی دەنگی دەنگدەرانی بەدەستنەهێنا نوێنەری نابێت لەئەنجوومەنی نیشتیمانیداو دەنگەکانی دابەشدەکرێت بەسەر ئەو لیستانەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە بە گوێرەی رێژەی سەرکەوتنیان.

هەرچەندە ئەم بڕگەیە واتا شـێوازی ڕێژەیی (نیسـبی) بـۆ هەڵبژاردنی کوردستان لەسـەر داوای هەندێ پارتی ناو بەرەی کوردستانی بوو، چونکە (یەکەمین پرۆژە قانوونییەکانی کورد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی ئامادەیان کردبوو ڕێگەی (دائیری)یان دیاریکردبوو بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر.... بەڵام پرۆژەکە لەسـەرکردایەتی بەرە وەکو خۆی پەسـەند نەکرا، هەندێ گۆڕینی تێدا کرا، لەوانە شێوەی هەڵبژاردن لە(دائیری)ەوە بۆ (نیسبی)، ئەم گۆڕینە لەسەر داواو پێداگرتنی حشع، زەحمەتکێشان، گەل... بوو)."٢٢"
بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ئەوکاتی کوردسـتان کە حیزبەکان تازە لەشـاخ دابەزیبوونە ناو گۆڕەپانی سیاسییەوەو هیچ ئامارو داتایەکیش لەبەردەستا نەبوون ئاسـان نەبوو ئاستی دەنگدەری لایەنە سیاسییەکان دیاری بکرێت، کە دەبوو ئەو پێشـنیازە لەسـەر داوای پارتە گـەورەکان بوایە نەك پارتە بچووکـەکان، چونکە بە هەمـوو پێوەرێك ئەگەر هەڵبژاردن بە شـێوەی (دائیـری) بوایـە زۆربەی حیزبـەکان نوێنەریـان دەبـوو لەئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان، (لە وڵاتانی دیموکراتیدا پێڕەوی دوو ڕێگەی سەرەکی هەڵبژاردن دەکرێت، یەکێکیان هەڵبژاردنی نوێنەرە لەمەڵبەندێکی دیاریکراو کـە پێیدەڵێن (دائیـری) بەناوبانگتریـن نموونەی ئەمجـۆرە هەڵبژاردنە بەریتانیایە، ئەویتریشـیان هەڵبژاردنی لیسـتی پارتە سیاسـییەکانە کە پێیدەڵێن (نیسبی) نموونەکانیشی فەرەنسـا، ئەڵمانیاو زۆری تر لەوڵاتانی ئەوروپییە، هەردوو ڕێگای (دائیری)و (نیسبی) لایەنی باشیان هەیەو لایەنی نەباشیان هەیە، ڕێگەی نیسبی کەسانی سەربەخۆو بێلایەن بێبەش دەکات لەمافی خۆهەڵبژاردن مەگەر بچنە لیستەی یەکێك لەپارتە سیاسییەکانەوە، کە ئەوسـا مەعلوم نییە دەرچوون یان دەرنەچوونـی دەگەڕێتەوە بۆ ناوو ناوبانگی خۆی یان بۆ هێزی حیزبەکەی)."٢٣"



## چوارەم/ یاسایەك بۆ هەڵبژاردنی رابەر

لە کاتی گفتوگۆکانی بەرپرسانی بەرەی کوردستانیدا بۆ پرسی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان، پرسی رابەری گەلی کورد هاتە بەرباسو گفتوگۆ (لەگەڵ پێشنیاری هەڵبژاردنی گشتیدا بۆ ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان د. مەحمود سۆرانی پێشیارێکی تری خستە پاڵ کە گوایە (شوان) ێك بۆ کورد هەڵبژێردرێت کە رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بێت، ئەم پێشـنیارە لەلایەن هەموو لایەنەکانی ناوبەرەی کوردستانییەوە بێ مشتومڕ قبوڵو ئیمزا کرا، زۆربەی لایەنەکان دوای ئەم بڕیارە لەپاشملە کەوتنە رەخنە لێگرتنـی، بەڵام هیچ کامیان بۆ هەڵوەشـاندنەوەی، مافی ڤیتۆیان بەکارنەهێنا)."٢٤"
بەڵام بەکارهێنانی وشـەی (رابەر) لەناو بەرەی کوردستانیدا مشـتومڕو گفتوگـۆی زۆری بـەدوای خۆیـدا هێنا، لەبەکارهێنانی وشـەی سـەرۆك دەسـڵەمینەوە، بەوەی حکومەتی ناوەندیو وڵاتانی دراوسێ نیگەران بکات سـەبارەت بەوەی هەڵبژاردنی سـەرۆك ئاماژەیەکە بۆ بـوون بە دەوڵەت، (سۆسیالیسـت داوای کـرد رابەرێکیـش هەڵبژێردرێت، لەبـەر بارودۆخی نێودەوڵەتی دیاربوو نابێت ناوی (سەرۆك)ی لێبنرێت، ئەو وشەیەش (رابەر)یان مورشید هەندێك نارەزایی هەبوو لەسەر بەکارهێنانی لەلایەن لایەنەکانی (بەرە)وە، چونکە (سـەدام)یش ئەم ناونیشـانانەی بەکاردەهێنا. جگە لەوە لای گەلێك لەکوردەکان ئەم وشـانە لە(فیورەر)و (دویچی) ئەوروپا دەچوون، یەکەمیان نازناوی (هیتلەر) بوو دووەمیان هی (مۆسۆلۆنی)...)."٢٥"

هەندێك لەچاودێران لەو ساتەدا مەترسی خۆیان لەپرسی هەڵبژاردنی رابەر دەربڕی بەوەی رابەر بۆ سەردەمی شۆڕشو خەباتی چەکدارییە، نەوشیروان مستەفا لەوتارێکدا بەناوی (کوردو پەرلەمان پیاچوونەوەیەك بەرابردوو، کە لەرۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٩٢ لەرۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاوی کردووەتەو) نیگەرانیی خۆی لەپرسی هەڵبژاردنی رابەر دەربڕیووە پێشیوایە لەگەڵ هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستاندا نەگونجاوە دەشڵێت وشەی رابەر لەگەڵ ئەدەبیاتی سیاسی گەلاندا نەگونجاوە. (راستییەکەی هەڵبژاردنی رابەرو پەرلەمان دوو شتن پێچەوانەی یەکترن، چونکە رابەر بۆ زەمانی شەڕو شۆڕشو بۆ سەردەمی بزووتنەوەی چەکدار، واتە بۆ هەلومەرجێکی نائاسایی دەستدەدات، بەڵام پەرلەمان هی سەردەمی ئاساییشو دامەزراندنی حکومەتی قانوونو نیزامە.... هەڵبژاردنی راستەوخۆی رابەر لەلایەن خەڵکەوە شانبەشانی نوێنەرانی پەرلەمان رابەر دەخاتە سەرو پەرلەمانو بەوەش لەدەسەڵاتو هەیبەتو نرخی پەرلەمان کەمدەبێتەوە). "٢٦"

هاوکات لەگەڵ یاسای ژمارە (١)ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان کەلەلایەن لیژنەیەکی بالاوە ئامادەکراو لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە لەرۆژی ١٩٩٢/٤/٨ پەسەند کرا، لەهەمان رۆژدا یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە پەسەندکراو دواتریش ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان پەسەندی کرد، لە١٦ مادە پێکهاتووە."٢٧" (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣ کە دەقی یاسای هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە).

لە یاسای ژمارە دوودا شێوازی هەڵبژاردنو دەنگدانو دەسەڵاتەکانی رابەر روونەدەکاتەوە، کە دەنگدان بەشێوەی نهێنییو راستەوخۆ دەبێت لەمادەی (١)ی یاساکەدا هاتووە (گەلی کوردستانی عێراق لەرێگای دەنگدانێکی گشتیی، نهێنییو راستەخۆدا رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی هەڵدەبژێرێت....).

دەنگدان بۆ رابەر هاوکات لەگەڵ هەڵبژادنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان دەکرێتو ماوەی رابەر کەلە مادەی (٢)دا هاتووە (ویلایەتی رابەر بۆ چوار ساڵە) بەڵام لەمادەی (٥١)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستاندا ماوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی (پەرلەمان) بۆ (٣) ساڵە.



سەبارەت بە مەرجەکانی پاڵێوراوی سەرۆکایەتیش لەمادەی (٥)ی یاساکەدا هاتووە:

١- کاتی هەڵبژاردن تەمەنی نابێت لە٤٠ ساڵ کەمتر بێت.

٢- هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێتو لەکوردستان نیشتەجێ بێت.

٣- پەیوەست بێت بە مافە مەدەنییو سیاسییەکانەوە.

سەبارەت بە سەرکەوتنی رابەر لەهەڵبژاردنەکاندا وەك لەمادەی (٨) داهاتووە پێویستە رابەر زۆرینەی رەهای دەنگەکان بەدەستبهێنێت، واتا (٥٠ + ١) خۆ ئەگەر ئەو رێژەیەی نەهێنا ئەوا لەماوەی ١٥ رۆژدا هەڵبژاردن دەکرێتەوە لەنێوان دوو پاڵێوراو کە زۆربەی دەنگەکانیان هێناوە لەو کاتەشدا ئەو پاڵێوراوەیان دەیباتەوە کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت.

سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی رابەریش لەچەند مادەیەکدا دەسەڵاتەکانی خراونەتەڕوو لەمادەی (١٠)دا شەش دەسەڵاتو لەمادەی (١١)شدا شەش دەسەڵاتی هەیە، بەڵام لەمادەی (١٢)دا هاتووە : رابەر وەك فەرماندەی گشتیی گشت هێزە چەکدارەکانی کوردستانی عێراق دەژمێردرێتو لەمادەی (١)یشدا هاتووە کە رابەر نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات لەناوەو دەرەوەی وڵات.

سەبارەت بە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی رابەریش وەك لەمادەی (٣)ی یاساکەدا هاتووە، هەڵبژاردنی رابەر هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستاندا دەکرێت.

## پێنجەم/ ڕێو شوێنەکانی هەڵبژاردن

دوای دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانو پێکهێنانی دەستەی باڵای هەڵبژاردنو (کە لەبەشەکانی پێشوودا ناوەکانیان بڵاوکراوەتەوە) لەمادەی (٦)ی یاسای ژمارەی (١)ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستاندا هاتووە (بەبڕیاری بەرەی کوردستانی دەستەیەکی باڵا دروستدەکرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنو بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك یان دوو، ئەندامێتیی داواکارێکی گشتییو ناوچەی تێهەڵچوونەوە یان جێگرەکەیو نوێنەری بەرەی کوردستانیو نوێنەرێکی کارگێڕیی...).

لیژنەی باڵای هەڵبژاردن ڕاپۆرتی کۆتایی خۆی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان خستەڕوو، سەبارەت بە ناوچەکانی دەنگدانو شێوازی دەنگدانو ڕیزبەندی لیستەکان لەدەقی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە:

ڕاپۆرتی کۆتایی (نیهائی)"٢٨"

بەپێی بەیانی ژمارە (٣)ی کارگێڕیی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی لەرۆژی ١٩٩٢/٤/١٥، ئەم دەستەیەی ئێمە دەستەی (دەستەی باڵای سەرپەرشتیی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان) دامەزرا، ئەم دەستەیە بۆ هەڵسوڕانی کاروباری هەڵبژاردنو دابینکردنی پێویستییەکانی هەڵبژاردن بوو. ئەم دەستەیە بەپێی دەسەڵاتی خۆی فقرە (٢) مادە (٦)، چوار مەڵبەندی هەڵبژاردنی کردەوە:

١) هەولێر
٢) سلێمانی
٣) دهۆك
٤) کەرکوك

• لیژنەی ئەم ناوچانە بەپێی دەسەڵاتی خۆیان لەمادە (٧)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان هەستان بە کردنەوەی بنکەکانی هەڵبژاردن (المراكز الانتخابية) لەشوێنی پێویستدا هەروەها دەستەی باڵا دەسەڵاتی ئەوەیدا بە لیژنەی ناوچەکان بۆ ئەوەی بەپێی پێویست بنکەی هەڵبژاردن بکەنەوە.



• لەبەرئەوەی سەرژمێری ورد لەبەردەستدا نەبووو توانای بەجێگەیاندنی سەرژمێریی لەتوانادا نەبوو، بۆیە دەستەی باڵا ڕێنمایی دەرکرد بۆ ئاسانکردنی کردەوەی هەڵبژاردنو پشتی بە حەصری سکانیی بەست، ئەمەش بە گوێرەی بڕگەی (٢)ی مادە (٦)ی یاسای ئەنجوومەن، هەر لەسەر ئەم بنەڕەتەشدا پشتمان بەو مەرەکەبو مۆرو ستامپە بەست کە لەدەرەوە بۆ بەرەی کوردستانی هاتبوو.

• بەپێی تەخمینی دەستەی باڵا، ژمارەی دەنگدەر لەکوردستاندا لەنێوان یەك ملیۆن تا یەك ملیۆنو سەد هەزار کەس دەبوو.

• دەستەی باڵا لەماوەی یاسایی ڕاگەیەنراودا (٧) لیستەی پاڵێوراوانی بەپێی یاسا وەرگرت، دوولیستەی ڕەفز کردەوە کە یەکێکیان (٢) کەس پێشکەشیان کردبووو ئەویتر لیستەی حیزبی پارێزگاران بوو کە بریتی بوو لە(٣) کەس، هەروەها چوار لیست بۆ هەڵبژاردن لەلایەن کەمە نەتەوەییە ئاشورییەکانەوە پێشکەشی هەیئە کراونو وەرگیران، ژمارەی تێکڕای پاڵێوراوەکانیش (٥٨٤) کەس بوونو لەناویاندا (١٨) کەسی ئاشوری هەبوون.

## (خشتەی ژمارە ١)

| ژمارەی لیست | ناوی لیست |
| --- | --- |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٢ | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك (یەکگرتن) |
| ٣ | پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان |
| ٤ | دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان و شیوعی و بێلایەنەکان |
| ٥ | لیستی ئیسلامی |
| ٦ | دیموکراسی خوازە بێلایەنەکان |
| ٧ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| لیستی کۆتای مەسیحیەکان | |
| ١ | بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری |
| ٢ | مەسیحییە دیموکراتەکان |
| ٣ | یەکێتی مەسیحییەکانی |
| ٤ | پارتی دیموکراتی کلدۆ – ئاشوری |



(سەبارەت بە پاڵێوراوی لیستەکانیش، پارتی دیموکراتی کوردستان، لیستەکەیان (١٠٠) پاڵێوراوی لەخۆ گرتبوو، کە (٦٦)یان حیزبیی‌و (٣٤)یان سەربەخۆبوون، لەنێویشیاندا (٥) پاڵێوراوی ئافرەت هەبوون، لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان‌و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (١٠٠) پاڵێوراوی لەخۆ گرتبوو کە (٧٥)یان حیزبیی‌و (٣٥)یان سەربەخۆبوون، لەنێویشیاندا (٧) پاڵێوراوی ژن هەبوون، لیستی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان کە (٣٣ پاڵێوراوی سەربەخۆ هەبوون، لیستی پارتی گەل، (٥٤) پاڵێوراوی حیزبیی‌و (٤٣) پاڵێوراوی سەربەخۆ هەبوون، لیستی حیزبی شیوعی عێراق (٩٢) پاڵێوراویان هەبوو لەگەڵ ژمارەیەکی نەزانراو لەسەربەخۆی تێدابوو، لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی (٥٩) پاڵێوراوی سەربەخۆی تێدا بوو، لیستی سەربەخۆ لەژمارەیەکی کەم لەرۆشنبیران پێکهاتیوون...)."٢٩"

- دوای ئەمە دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کرایەوە کە چوار کەس خۆیان پاڵاوتو وەرگیران.
- ناوی لیستی پاڵێوراوانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی‌و رابەر لەدەزگای راگەیاندنە جۆراوجۆرەکاندا بڵاوکرانەوە.
- دەستەی باڵا هەموو پێویستییەکانی کردنەوەی هەڵبژاردنی جێبەجێکرد کە بریتیبوون لەمانەی خوارەوە:
- دروستکردنی کارتی هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەن‌و بۆ رابەرو چاپکردنیان.
- دروستکردنی مۆرو سندوقی هەڵبژاردن بۆ هەموو بنکەکان‌و بەجێهێنانی هەموو پێویستییەکانی تر بۆ بنکەکانی هەڵبژاردن (کیس، شمع احمر، محاظر الانتخابات).
- دەرکردنی راگەیاندن‌و تەعلیمات‌و بەیانی پێویست دەربارەی هەڵبژاردن‌و بڵاوکردنەوەیان لەدەزگاکانی راگەیاندندا.
- هێشتنەوەی دیعایەی هەڵبژاردن لەسنوری یاسایی خۆیداو چارەسەرکردنی هەر تەجاوزو خەرقێك کە لەم بارەیەوە رووبدات.....
- تەنسیقکردن لەگەڵ پۆلیس بۆ پاراستنی هێمنیی‌و ئاسایش لەرۆژی هەڵبژاردندا.

• پێشوازی لەچاودێرە بێگانەکانو ناردنیان بۆ بنکەکانی هەڵبژاردن کە ژمارەیان (٤٦) چاودێر بوون (١١)یان پەرلەمانیی بوون. (تیمێکی چاودێریی کە لەلایەن دامەزراوەی مافی مرۆڤی ئەوروپیی هاوکاری کرا (E.H.R.F) لەلەندەن/ برۆکسل، ئەندامانی تیمەکە بریتیبوون لە(رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر) کە دواتر لەسەر هەڵبژاردنی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ی کوردستان کتێبێکیان نووسی بەناوی (هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق، ١٩ی مایسی ١٩٩٢، ئەزموونێکی دیموکراسییانە، لەلایەن پارێزەر، صفوت رشید سدقییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیی، هاوکات ناوی سەرجەم چاودێرەکان لەلاپەڕە ١٥٤ی کتێبی (هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ١٩ی ئایار ١٩٩٢، بەڵگەو دەستاوێژدا، بەدران ئەحمەد حەبیب بڵاوکراوەتەوە).

• سەرەتا بڕیار بوو کە هەڵبژاردن لەڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٧دا جێبەجێ ببێت، بەڵام پێش ئەو مێژووە بۆماندەرکەوت کە ئەو مەرەکەبەی بۆ هەڵبژاردنەکە پشتی پێ بەستراوە مەرەکەبێکی بێکەڵکە، بۆیە لەپێناو چارەسەربوونی ئەم گیروگرفتە دەستەی باڵا پێوەندی بەسەرکردایەتی سیاسیی کرد لەهەمانکاتدا پێوەندی بە ئەندازیارانی معمل نسیجو مامۆستایانی کولیەی علوم کرد بۆ ئەوەی لەنهێنیی سڕانەوەی مەرەکەبەکە بکۆڵنەوە.

• سەرکردایەتی سیاسی بڕیاریدا هەڵبژاردنەکە بۆ ماوەی (٤٨) سەعات دوابخات بۆئەوەی لەم ماوەیەدا مەرەکەبێکی تر دروستبکرێت، لەلایەن ئەو مامۆستایانەی کولیەی علوم کە خۆیان بەڵێنیان بەسەرکردایەتی سیاسیدا بۆ ئەوەی لەماوەی دیاریکراودا مەرەکەبێکی ئەو تۆ دروست بکەن کە نەسڕدرێتەوە.

• تاقیکردنەوەی پێویست لەسەر مەرەکەبەکە کراو ئەو مامۆستایانەی کە مەرەکەبەکەیان دروستکردبوو سوێنددران بۆ ئەوەی نهێنیی ئەم مەرەکەبە بەکەس نەڵێن.

• ئەم مەرەکەبە تازەیەو تەعلیماتی بەکارهێنانەکەی بەسەر ناوچەکانی هەڵبژاردن دابەشکرا بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆ بنکەکانی خۆیانی ڕەوانە بکەن.



کێشەی مەرەکەبی هەڵبژاردن دەنگدانەوەی گەورەی دروستکرد، وەك یەکەم هەنگاوی ساختەکاریی لێکدرایەوە، هەربۆیە ئەو مامۆستایانەی زانکۆ کە مەرەکەبەکەیان دروستکرد سوێنددرانو دەقی سوێند خواردنەکەیان ئاڕاستەی سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن کرد کە تیایدا هاتووە:

**بەڕێز لێپرسراوی دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان.**

ئێمەی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین لەکۆلێژی زانیاریی‌و پەروەردە (بەشی کیمیا) کە دەستەی ئامادەکردنی ئەو مەرەکەبەبووین کە داوامان لێکرابوو لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنەوە بۆ ئەنجامدانی کاری دەنگدان لەڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ لەکوردستان بۆ دروستبوونی ئەنجوومەنی نیشتیمانی، هەڵساین بە ئامادەکردنی مەرەکەبەکە بەمەرجی پێویست بە شێوەیەکی سەرکەوتوانەو دانی بە نوێنەرەکانی مەڵبەندی هەڵبژاردن لەسەر بڕیاری بەڕێزتان، بەڵێن دەدەینو سوێند دەخۆین کە نهێنیی ئەم کارە لەلایەن ئێمەوە نەدرکێت، ئیتر هیوای سەرکەوتنتان دەخوازین.

د. محمد ڕەشید عومەر کەریم، د. محەمەد عەلی عەبدوڵا، د. کاوس عەزیز، د. عەونی فەتاح عەقراوی، د. شیروان بابان، د. عی‌بدولقادر، سالح نەجیب مەجید، ئەحمەد ئەنوەر دزەیی، فەریدون ئەمین، ئازاد سدیق، محەمەد تاهیر کەریم، عوسمان حەمەئەمین، کەمال مستەفا، نەبیل عادل فەخری، محەمەد شیروان عەبدوڵا)."٣٠"

سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە مەرەکەبەکە لەئەڵمانیا دروستکراوەو هەر لەبنەڕەتەوە بە ساختەکراویی دروستکراوە، هەندێکیش پارتی دیموکراتی کوردستانیان تۆمەتبار دەکرد، (مەرەکەبی ئەو مۆرەی لەئەڵمانیا دروستکرابوو لەلایەن لێپرسراوانی "پ.د.ك" بە باری لۆری لەڕێگای "تورکیا"وە هێنرابووو لەبارەگای "پ.د.ك" لەشارۆچکەی "سەلاحەدین" لەگەنجینەدا بوو تا کاتی هەڵبژاردنەکەو وادیار بوو بوتڵەکان مۆر نەکرابوون... لەچەند کاتێکی جیاوازدا تۆمەت خرایە پاڵ حکومەتەکانی ویستڤالیاو تورکیاو عێراقو تەنانەت "پ.د.ك"یش کە گوایە دەستکاریی مەرەکەبەکەی کردووە بەمەبەستی تێکدانی هەڵبژاردنەکە)."٣١"

لەبەرئەوەی بە ئاسانی نەدەتوانرا ناسنامەو کارتی هەڵبژاردن بەرێکوپێکی بۆ هەموو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو ئامادە بکرێت، بەرەی کوردستانی لەهەوڵدابوو کە چارەسەرێکی دیکە بدۆزێتەوە، چونکە لەرووی تەکنیکی هەڵبژاردنەوە لاواز بوو، (بۆ چارەی ئەم گیروگرفتە سەرەکییە هەندێ پسپۆڕو شارەزای سویدی پێشنیاری ئەوەیان کرد کە جۆرە مەرەکەبێك بهێنن بۆ مۆرکردنی دەستی هەموو ئەوانەی دەنگ دەدەن تا ماوەی ٤ رۆژ کاڵ نەبێتەوە بۆ ئەوەی ١. هیچ کەسێك نەتوانێت لەجارێك زیاتر دەنگ بدات٢. بۆئەوەی ئەگەر دەنگدان بە یەك رۆژ نەبوو، بتوانرێ ماوەکەی درێژ بکرێتەوە بۆ رۆژی دووەم هەتا هیچ کەسێك لەدەنگدان بێبەش نەبێت..... رۆژی ١٦ی مایسی ١٩٩٢ کاتێك هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە ئەو مەرەکەبەی دابەشکراوە بەسەر ناوەندەکانی هەڵبژاردندا بۆ مۆرکردنی دەستی دەنگدەران بەکەڵ نایەت)."٣٢"

رەنگە دواخستنی هەڵبژاردن لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە لە٥/١٧ بۆ ٥/١٩/١٩٩٢، تەنها خراپیی مەرەکەبی هەڵبژاردن نەبووبێت، بەڵکو بۆ لایەنی ئەمنیش دەگەڕایەوە، بەپێی زۆرێك لەسەرچاوە هەواڵدەرییەکان رژێمی بەعس، چەندین ئۆتۆمبێلی بۆ تەقینەوە لەکوردستان لەرۆژی هەڵبژاردن ئامادەکردووە، (لیستی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە گەیشتووەتە رێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان کە رژێمی بەعسی عێراق بۆ تەقینەوە ئامادەی کردبوون لەکوردستاندا: ١- بەڕازیلی ژمارە (٥٦٨٥) تاکسی بەغدا... تا دەگاتە ژمارە ١٨- بەڕازیلی ژمارە (٥٤٨٥) نەینەوا)."٣٣"

ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی ٥/١٩و هاوکات بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی کاتیی گونجاو بۆ ئەو کێشەوگرفتانەی کە دێنە رێگەی پرۆسەکە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بەردەوام بوو، کوردستان بەسەر چوار ناوچەی هەڵبژاردندا دابەشکرا هەروەك لەمادەی (٩) ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانیدا هاتبوو، کوردستان بەسەر چوار ناوچەی هەڵبژاردنو ١٧٦ بنکەی هەڵبژاردندا دابەشکرابوو، کە ئەوانیش: دهۆك ٤٢ بنکە ژمارەی دەنگدەری چاوەڕوانکراو (١٧٨٠٠٠)، هەولێر ٦٢ بنکەو ژمارەی دەنگدەری چاوەڕوانکراو (٣٤٠٠٠٠)، کەرکوك ١٦ بنکەو ژمارەی دەنگدەری چاوەڕوانکراو (١٤٤٠٠٠) سلێمانی ٥٦ بنکەو ژمارەی دەنگدەری چاوەڕوانکراو (٤٥٠٠٠٠)، کۆی گشتیی ژمارەی دەنگی چاوەڕوانکراو (١١١٢٠٠٠). "٣٤"



بەڵام ئەو ئامارو ژمارە چاوەڕوانکراوەی دەنگدەران لەسەرچاوەکاندا جیاواز هاتووەو پێدەچێت گۆڕانکاریی تیاکرابێت، بەوپێیەی لەچاوپێکەوتنێکدا (ئەمیر عەبدولکەریم حەوێزی، سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان) ئاماژە بەوەتەخمینە دەکات کە بۆ ژمارەی دەنگدەری پارێزگاکان کردوویانەو دەڵێت: هەولێر (٣٣٧٧٠٠) دەنگدەری چاوەڕوانکراو، سلێمانی (٤٤٤١٢٥) دەنگدەری چاوەڕوان کراو، دهۆك (١٧٨٧٦٥) دەنگدەری چاوەڕوانکراو، کەرکوك واتا کفری، چەمچەماڵ، کەلار، دەربەندیخان (١٤٤٠٠٠) دەنگدەری چاوەڕوانکراو."٣٥"

**(خشتەی ژمارە ٢)**

| ژ | ناوچەی هەڵبژاردن | بنکە | دەنگدەری چاوەڕوانکراو | تێکڕای دەنگ بۆ هەر بنکەیەك |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٦٢ | ٣٤٠٠٠٠ | ٥٤٨٤ |
| ٢ | سلێمانی | ٥٦ | ٤٥٠٠٠٠ | ٨٠٣٦ |
| ٣ | دهۆك | ٤٢ | ١٧٨٠٠٠ | ٤٢٥٦ |
| ٤ | کەرکوك | ١٦ | ١٤٤٠٠٠ | ٩٠٠٠ |
| کۆ | | ١٧٦ | ١١١٢٠٠٠ | |

ناهاوسەنگییەك هەبووە لەدابەشکردنی بنکەکاندا بەسەر ناوچەکانی هەڵبژاردن کە لەپارێزگای سلێمانی بۆ هەربنکەیەك (٨٠٣٦) دەنگدەری بەردەکەوێت، بەڵام لەپارێزگای دهۆك (٤٢٥٦) دەنگدەری بەردەکەوێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەر لەسەر ئاستی کوردستان ژمارەی بنکەکان زۆر کەمبوو، کە دیارترین کەموکوڕییەکانی هەڵبژاردن بوو.

هاوکات لەگەڵ دیاریکردنی ناوچەی هەڵبژاردنو بنکەی دەنگدان، ناوچەو بنکەی دەنگدانیش بۆ مەسیحییەکانی کوردستان دیاریکرا کە (٣٥) بنکەبوو (سندوقی هەڵبژاردنی جیاواز لەبنکەکانی دەنگدان بۆ مەسیحییەکان تەرخانکرابوو، بەڕێژەی ٢٥ بنکە لەدهۆكو ٨ بنکە لەهەولێرو یەك بنکەش لەسلێمانیو کەکوك کە بە تێکڕایی ٣٥ بنکە دەکات)."٣٦"

لەگەڵ ئەوەشدا بەشی زۆری هاوڵاتیان پێناسی باری شارستانیان نەبوو تا بتوانن دەنگ بدەن، ئەویش بەهۆی ئاوارەییو شۆڕشەوە، هەربۆیە بڕیار درا ئەوانەی پێناسیان نییە پێناسیان بۆ دەربکرێت، (ئەو کەسانەی پێناسی رەسمی عێراقیان نەبوو، دەیانتوانی داوای بەڵگەنامەی تایبەت لەلیژنەی هەڵبژاردن بکەنو ئەمەش دەبوایە مۆری پزیشکی نەخۆشخانەو شارەوانی پێوە بێت...... بەتەنها لەهەولێر ٩٠٠٠ پێناسی نوێ دەرکراو لەدهۆك ژمارەی داخوازی گەیشتە ٢٠٠٠٠)."٣٧"

سەبارەت بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش هەروەك لەمادەی (٢٤) ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیدا هاتووە: (پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ئازادە لەسنوری یاساو سیستەمی گشتییو ئادابدا، بەمەرجێك بەرەی کوردستانی بنەمای هاوتایی لەهەلدا لەنێوان لیستە کێبەرکێکاندا دابینبکات).

هەرچەندە لەکوردستان دەزگای راگەیاندنی ئەوتۆ نەبوو تاکو لایەنەکان بتوانن پڕوپاگەندەی خۆیان بکەن، بەڵام لەرێی کۆبوونەوەی جەماوەرییو هەڵکردنی ئاڵای لیستەکانەوە خەڵك لایەنگرییو پشتیوانیی لیستەکانی دەکرد، (بەرەی کوردستانی جەوێکی زۆر دیموکراتی بۆ پاڵێوراوانو رێکخراوە سیاسییەکان رەخساندو رێگایدا بە هەموو لایەك پڕوپاگەندە بۆ ئەو لیستەی پاڵێوراوانیان بکەنو دروشمو پڕۆگرامەکانیان بۆ دوارۆژی کوردستان بە گەل رابگەیەننو رای دانیشتوانی کوردستان بۆ لای خۆیان رابکێشن)."٣٨"



سەرجەم لایەنەکان لیستو پاڵێوراوەکانی خۆیان پێشکەشی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد بۆ ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان، هاوکات ناوی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیش پێشکەشکرا کە پێکهاتبوو لە:

١- جەلال حیسام الدین الطالبانی
٢- دکتۆر محمود علی عثمان
٣- مسعود مصطفی البارزانی
٤- عثمان عبدالعزیز محمد

بەر لەدەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان هێزوو لایەنەکانی ناوبەرەی کوردستانی، چەندین کۆبوونەوەیان رێکخست بەمەبەستی ئامادەکاریی بۆ رۆژی هەڵبژاردنو ئەنجامەکانی، بەتایبەتیش یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو رێککەوتن لەسەرئەوەی کە ئاکامی هەڵبژاردن بەهەر شێوەیەك بێت رێزی لێدەگرنو مل بۆ خواستو دەنگی میللەت دەدەن.

بۆ ئەو مەبەستەش لەدوو کاتی جیادا، لەرۆژانی ١٩٩٢/٢/٢٣و ١٩٩٢/٥/٩ دوو بەیاننامەیان بە ئیمزای مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی راگەیاند:

بەیاننامەی یەکەم: رۆژی ١٩٩٢/٢/٢٣ لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆبوونەوەیەك لەبارەگای (ی.ن.ك) لەشەقڵاوە پێکهات، دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمری کوردستان لەهەمموو روویەکەوە، هەوڵی تێکڕای بێوچان بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە قانوونییە کە دروستبووە لەکوردستان، لەئەنجامی موقاتعەی حکومەتی عێراق لەئیداراتی کوردستان هەردوولا بڕیاریاندا:

١- پ. د.ك، ی.ن.ك بەڵێن بەیەکتر دەدەن کە رێز لەئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان بگرن بەهەر شێوەیەك بێت.
٢- هەوڵبدرێت هەڵبژاردن لە٤/١٧ یان ٤/٢٤ بێت.
٣- ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەهەر شێوەیەك بوو (پ.د.ك، ی.ن.ك) پێکەوە ئەنجوومەنێکی ئیئتلافی دروست بکەن، ئەویش بەم جۆرە:
١- لەم ئەنجوومەنە ئیئتیلافەدا حیزبی ئەکسەریەت سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیو سەرۆکی ئەنجوومەنی تەنفیزی دادەنێت.

٢- پایەکانـــی تـــری ئەنجوومەنـــی تەنفیزی لەنێوان هـــەردوولادا دابەش دەکرێت بە نیسبەتی هەر لایەك لەم دوولایەنە لەئەنجوومەنی نیشتیمانی بە رەچاوکردنی لێوەشاوەیی هەر یەك بۆ پایەکەی.

ئیمزا : سەرۆکی پ.د.ك ئیمزا : سکرتێری ی.ن.ك

ئیمزا : جێگری سەرۆکی پ.د.ك ئیمزا : د. فوئاد معصوم

مۆر : م.س. پارتی مۆر : م. س. یەکێتی "٣٩"

لە بەیاننامەی دووەمیشدا کە لەرۆژی ١٩٩٢/٥/٩ لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردســـتانو پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتاندا ئەنجامدراوە لەپێشـــەکی بەیاننامەکەدا ئاماژە بە ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنەکان دەکات، لەخاڵی یەکەمدا ئاماژە بەوەکراوە کە دەبێت هەڵبژاردن ببێتە هەوێنی ڕێکخســـتن نەك ترازان لەپێشو پاش هەڵبژاردنیش، لەخاڵی دووەمدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێت هەموولایەنەکان هاوکار بن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بە ئاشـــتییو هێمنیـــی بگات بە ئەنجام، لەخاڵەکانی تردا کە ٨ خاڵە ئاماژە بە ڕێزگرتنی بڕیارەکانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنو هەروەها داواش لەهێزی پێشمەرگەی هـــەردوولا دەکەن کە خۆیـــان لەدیاردەی چەکداریی لـــەرۆژی هەڵبژاردندا بپارێزن....

بەیاننامەکـــە ئیمـــزای هەریـــەك لەمەســـعود بارزانیو جـــەلال تاڵەبانی لەسەرە."٤٠"

لە هەمانکاتداو لەدوو بروســـکەی جیادا بۆ ئەمیر حەوێزی سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن، هەریەك لەجەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردســـتانو مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، باس لەرێو شوێنی ناتەندروست بۆ زیادبوونی دەنگدەر دەکەن.



**بروسکە**

**لە / مام جەلالەوە**

**بۆ / کاك ئەمیر حەوێزی**

**ژمارە: ٥١٣ مێژوو: ٥/١٨**

**دوای سڵاو**

١)خەڵکـــی هاواری لێهەڵســـاوە، چونکە وەرەقەکەیـــان زۆر کەم ناردووە بۆ رانیەو پشتدەر هەندێك شوێنی تر.

٢) چونکە پارتی ١٠٠٠ کەسی خۆی هێناوەتەوە لەئێرانەوە کەچی دەنگدان بۆ ئەوان دواخراوە بە بڕیاری سەرکردایەتی.

٣) هەویە بۆ ئەو شوێنانەی کە خەڵکی سەربە ینکی زۆرە ناکرێت، بۆیە بە رەســـمی بە ناوی ینك ئیعتراز تەسجیل دەکەمو بە حەقی خۆمانی دەزانین پاشان داوای هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردن بکەین، لەو شوێنانەی ئەم کارانەی تێدا دەکرێت.

وێنەیەك بۆ مەسعود بارزانی بەهیوای ئەوەین پشتیوانی لەم داوا رەوایەمان بکەن.

.......

**بروسکە**

**برای بەڕێز مام جەلال**

**مکرر/ کاك حاکم ئەمیر حەوێزی**

**لە / مەسعود بارزانی**

**ژمارە : ٦١٠ لە٩٢/٥/١٨**

بروســـکەتان (٥١٣) ئەوانەی پێشـــتر لەئێران پەنابەربوونو هاتوونەتەوە حەقێکـــی تەبیعی خۆیانـــە دەنگ بدەن، ئەگەر تـــازەش خەڵك بۆ دەنگدان هاتبێت یان هێشـــتا هەر لەئێران بێت با دەنگ نەدات تا مەرحەلەی دووەم بـــۆ دەنگدان، لەهەر کوێ بن ئەو هەزار کەســـە دەنگ نەدەنو پشـــتگیری داواکەتان دەکەین هەویە بۆ برادەرانی ینك دروســـت بکرێت، وەك بزانین بۆ زۆریان دروستکراوەو بۆ هەموو خەڵکی سەربە لایەنەکانیش... دەستەی باڵای هەڵبژاردن مخەوەلە بۆ وەرگرتنی هەر ئیجرائاتێکی پێویست."٤١"

ئەم دوو بروسکەیەی تاڵەبانیو بارزانی ئاماژەن بەوەی کە پشێویەك هەبووە لەتۆماری دەنگدەرانو دەرهێنانی ناســـنامەی نـــوێو نیگەرانی لایەنگرانی هەردوولا لەهەوڵدان بۆ زیادبوونی دەنگی لایەنگرانیان.

هاوكات بۆ باشتر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەكان سەرۆكی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن لەرۆژی ١٩٩٢/٥/١٨ چەند ڕێوشوێنێكی ڕاگەیاند لەبەیاننامەكەدا كە ئاڕاستەی جەماوەری كوردستانی كردووە هاتووە:

**بەیان (١٣٢)**
**بۆ هەموو جەماوەری بەڕێزی كوردستان"٤٢"**
**ژمارە : ١٣٢**
**مێژوو/ ١٩٩٢/٥/١٨**

بەیانی واتا ١٩٩٢/٥/١٩ ڕۆژێكی گرنگە لەمێژووی گەلی كوردستان كە ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كوردستانە، بۆیە تكا لەهەموو جەماوەری بەڕێزی كوردستان دەكەین، هێمنایەتیی‌و ئاشتیی لەو ڕۆژەدا بپارێزن‌و ڕێگەی هیچ كەسێك نەدەن ئاژاوەو گێرەشێوێنی بنێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كارێكی گرنگەو چارەنووسی میللەتەكەمانی پێوە بەستراوەتەوە، هەروەها ژمارەیەكی زۆر لەچاودێرو ڕۆژنامەنووسانی بیانی سەرپەرشتیی‌و چاودێریی ڕەوتی كردەوەی هەڵبژاردنەكە دەكەن‌و ئەگەر ئەوان ئەم هەڵبژاردنە بە چاكی هەڵنەسەنگێنن یان ڕاپۆرتی باشی لەبارەوە نەنووسن ئەوا زیانێكی گەورە لەمیللەتەكەمان دەكەوێت، لەبەرئەوە تكاتان لێدەكەین ڕەچاوی ئەم تێبینیانەی خوارەوە بكەن:
١- بردنی هەموو جۆرە چەكێك بۆ ناو بنكەكانی هەڵبژاردن (المراكز الانتخابیە) چ بە ئاشكراو چ بە دزی قەدەغەیەو ئەوەی سەرپێچی بكات بە توندی سزا دەدرێت.
٢- كاتێك دەچنە ناو بنكەكانی هەڵبژاردن ئەوپەڕی هێمنیی‌و ئارامیی بپارێزن.
٣- هەركەسێك كۆششی ئەوە بكات كە دوو جار دەنگبدات بە گوێرەی یاسا توندترین سزا دەدرێت‌و ناویشی لەهەموو ئێزگەكاندا بڵاودەكرێتەوە بۆ ڕیسوابوونی.
٤- هەر كەسێك بیەوێت لەیاسا لابدات یان ڕەفتارێكی ئەوو تۆ بكات كە زیان بە كردەوەی هەڵبژاردن بگەیەنێت بە گێرەشێوێن‌و ئاژاوەچی لەقەڵەم دەدرێت‌و زۆر بەتوندی سزا دەدرێت.



٥- لەبەرئەوەی كاتی هەڵبژاردن لە(٨)ی بەیانییەوە تا (١٢)ی شەو دەخایەنێت‌و ئەمەش كاتێكی دوورو درێژوو بەشی هەموو لایەك دەكات، هەر كەسێك دەتوانێت دەرفەتێكی لەبار بۆخۆی هەڵبژێرێت‌و بۆ ئەوەی رووبكاتە بنكەی هەڵبژاردن‌و هەروەها هەوڵ بدەن قەرەباڵغی لەبنكەكانی هەڵبژاردندا دروست نەكەن، هیوای زۆرمان بە جەماوەری تێكۆشەری كوردستان هەیەكە هەموو لایەك هاوكاریمان بكەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێكی بێ گیروگرفت‌و ڕێكوپێك‌و خاوێن ئەنجام بدەین، وەكو دیارییەكی بەنرخ پێشكەشی گەلی كوردستان‌و تێكڕای گەلانی دونیای بكەین‌و بۆیان ئیسپات بكەین كە ئێمەی خەڵكی كوردستان شایەنی چارەنووسێكی پڕ لەئاشتی‌و دیموكراسین.
٦- ئاواتمان سەربەرزی هەموو لایەكە

**ئەمیر عەبدولكەریم حەوێزی**
**سەرۆكی دەستەی باڵای سەرپەرشتی**
**هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كوردستان**

## دەروازەی دووەم
## هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩

**یەکەم/ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان**
**دووەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی ١٩٩٢/٥/١٩**
آ- ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای سلێمانی
ب- ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای هەولێر
ج- ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای دهۆك
د- ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای کەرکوك
سێیەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنی کەمایەتییە مەسیحییەکان
چوارەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنی ڕابەری ڕزگاریخوازی کوردستان



### یەکەم/ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان

هەرچەندە لەدوای درێژکردنەوەی ماوەی هەڵبژاردن بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر لە٥/١٧ بۆ ٥/١٩، جۆرێك لەنا ئومێدی دروست بۆ بۆ هاوڵاتیان لەوەی کە هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت، بەڵام لەبەیانی ١٩٩٢/٥/١٩ یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان بەڕێوە چوو، وەك یەکەمین ئەزموونی هەڵبژاردنی خۆماڵی کوردیی، زۆرێك لەسەرکردەو سیاسییەکانی کورد ئەو ڕۆژەیان بە میهرەجانو فێستیڤاڵی نەتەوەیی دایە قەڵەم، نەوشیروان مستەفا لەوتارێکدا کە لەرۆژی (١ی حوزەیرانی ١٩٩٢ لەرۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاویکردووەتەوە) کاتێك دێتە سەر ڕۆژی هەڵبژاردن بە مانشێت دەنووسێت (هەڵبژاردن یان میهرەجانی سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی) نووسیویەتی لەراستیدا کورد ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتیی بە میهرەجانی سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەزانی لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان سەلماندیان، نەتەوەن، خاوەنی هۆشی نەتەوەیین..... بەشداری فراوانی خەڵك لەهەڵبژاردنی گشتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیدا بە بەرچاوی هەموو دونیاوە گەورەترین "ئیستیفتا" بوو لەسەر ئەوەی:

١- کە هەموو دانیشتوانی کوردستان، سەرەڕای هەموو جۆرە گوشارێ ئابڵوقەدراونو نەبوونییو برسێتیی، بەکۆمەڵ هەڕەشەو داواکاریی بەعس ڕەتدەکەنەوە، دەیانەوێت خۆیان چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن.
٢- خەڵك بە هیچ جۆرێ نایانەوێت دەسەڵاتی بەعسو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیو جەیشی ئیحتیلال بگەڕێتەوە کوردستان.
٣- خەڵکی کوردستان دەیانەوێتو دەتوانن خۆیان حوکمی خۆیان بکەن."٤٣"

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی بەو پەڕی شەوقو گەرمییەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەچوون، بەڵام قەرەباڵغییەکی لەرادەبەردە لەبەردەم بنکەکانی دەنگدان بوو، کە ڕەنگە بەشێکی بۆ ئەوە بووبێت کە خەڵکەکە ویستوویانە بە زووی دەنگی خۆیان بدەن، وەك ئاماژەیەك بۆ خۆشییان بۆ هەڵبژاردن وەك پرسێکی نەتەوەیی گرنگ کە چەندین ساڵ بوو بەدەست زوڵمی حیزبی بەعسەوە دەیانناڵاند، هۆکارێکی تری قەرەباڵغییەکە کەمیی بنکەکانی دەنگدان بوو، (کاتژمێر هەشتی بەیانی ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دەرگای ١٧٦ ناوەندی هەڵبژاردن لەکوردستانی ئازاددا کرایەوەو بۆ ماوەی ١٦ کاتژمێر

دەنگدان درێژەی هەبوو بەرلەوەی دەرگای ناوەندەکان بکرێنەوە، بە هەزاران کـەس بۆ ئەوەی زووتر دەنگ بدەن، خۆیان لەسـندوقەکانی دەنگ هاوێژن لەبـەردەرگای ناوەندەکان کۆبوونـەوە، فڕۆکە جەنگییەکانـی ئەمەریکاو بەریتانیا هەر نیو سەعاتەی جارێك ئاسمانی هەرێمی کوردستانیان دەبڕیو پارێزگاریان لەهەڵبژاردنو دانیشـتوانی کوردستان دەکردو جەماوەریش بە هێمنییو بەو پەڕی هەست بە بەرپرسیارێتییکردندا فەرماندەو بەرپرسەکانو پۆلیسەکانی چاودێرییان بەڕێوە دەبرد)."٤٤"

سـوڕانەوەی فڕۆکەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا بە ئاسـمانی کوردسـتاندا لـەرۆژی هەڵبژاردنەکانـدا رەنگـە تەنهـا ئامانـج، پاراسـتنی کەشـی هەڵبژاردنەکانی کوردسـتان نەبوویێت، وەك هەندێك لەچاودێرانی بیانیش لەراپۆرتەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کـردووە، کە (رۆژی هەڵبژاردنەکە فڕۆکەی جەنگیو هێلیکۆپتەرەکانی هێزە هاوپەیمانەکان، بەردەوام دەفڕین بەسەر ناوچەکەدا، ئەمە ئاماژەیەکی ئاشـکرابوو بۆ سـوپای عێراق کە داسەکنێ بەرەحەتی). "٤٥"

واتـا هاوپەیمانـەکان بەو کارەیـان نیشـانی حکومەتـی عێراقیاندا، کە دەسـتوەرنەداتە کاروباری هەڵبژاردنەکانی کوردسـتانەوە، هەرچەندە لەو کاتەدا چاودێران وایان لێکدایەوە کە سـوڕانەوەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لەچوارچێـوەی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایشـی سـەربە نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە ناوچەی دژە فڕینی لەعێراقدا دروستکرد، بەو پێیەی ئەو فڕۆکانە زیاتر بە ئاسمانی هەولێرو دهۆکدا دەسوڕانەوە، چونکە هێڵی دژە فڕین سـلێمانیو کەرکوکـی نەدەگرتەوە، بەو پێیـەش؛ لەوتەیەکدا لەرۆژی ١٥ی مایس قسەکەر بەناوی کۆشکی سپییەوە (مارگرێت تاتوایلەر) روونی کردەوە کە هەڵبژاردنەکان (مەبەسـتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بـوو) هەنگاو نین بەرەو سـەربەخۆیی سیاسـی کە (ئەمەریـکا) لەگەڵ دروستکردنی کەسایەتییەکی سیاسی سـەربەخۆدا نییە لەژوورووی عێراق واتا دەوڵەتێکی کوردی.... هـاوکات حکومەتەکەی بووش دووباتی کردەوە کـە یەکێتی خاکی عێراق دەبێت بپارێزرێت، لەهەمانکاتدا بەچاکی روونیان کردەوە کەوا رێگە بەوە نادەن عێراق هەڵبژاردنەکە بشـێوێنێت.... لەگەڵ هەمـوو ئەو داوەتنامانـەی کە لەلایەن (بەرە)وە بۆیان نێردرا کەسـێکیان نەنـارد وەك چاودێرێکی بڕوا پێکراو بـۆ هەڵبژاردنەکان،و رێگەیان نەدا بە هیچ هاولاتییەکی خۆیان بۆ سەردانی ناوچەکە لەم ماوەیەدا)."٤٦"

لەگەڵ ئەوەی رۆژی ٥/١٩ وەك یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردن، گەلی کوردستان



بە هـەوڵو توانای خۆماڵی چووە ناو پرۆسـەیەکەوە کە وڵاتانی ناوچەکەو جیهان سـەدان سـاڵ بوو مومارەسەی ئەو پرۆسـەیەیان دەکرد، ئەمەش هەر لەچرکە ساتەکانی سەرەتاوە رووبەڕووی چەندین کێشەی تەکنیکییو لۆجیسـتی بووەوە، بەتایبەتیش لەوەی کورد بۆخـۆی ئەزموونێکی لەگەڵ ئەو پرۆسەیەدا نەبوو، هەر بۆیە لەئاستی تەکنیکییەوە شێوازی بەرێکردنی دەنگـدەر رووبەڕووی کێشـە دەبوونـەوە لەگەڵ ئـەوەی دەنگدەر یەکەم ئەزموونی بوو لەهەمانکاتیشدا کارمەندانی سەرسندوقەکانی دەنگدانیش ئاشنا نەبوون بە پرۆسـەکە بەتایبەتیش لەبواری پراکتیکیدا، دیارە کەمی بنکەکانی دەنگدان لەو رۆژەدا قەرەباڵغییەکی زۆری دروسـتکرد، شـێوازی دەنگدان لەبنکەکانی دەنگداندا بەم جۆرە بوو؛

١- کەسێك بەرپرس بوو، پێناسی دەنگدەرەکانی تەماشا بکات ١٨ ساڵەکانی ئیزن دەدا.

٢- کەسـێك بەرپرس بوو، ناونیشانو رۆژو جێی لەدایکبوونی دەنگدەرەکان بنووسێت.

٣- کەسـێك بەرپرس بوو تا قامکی (پەنجەی) دەنگدەرەکان بە مەرەکەب مۆر بکات.


٤- کەسێك بەرپرس بوو دوو دانە کارتی مۆرکراوی هەڵبژاردن (هەڵبژاردنی نوێنەرانـی پەرلەمانو هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی نیشـتیمانی گەلی کوردستان) بدات بە دەنگدەرەکان.

٥- دەنگدەرەکان نوێنەرەکانی خۆیان دیاری دەکردو کارتی دەنگدانەکەیان دەبردە سـەر دووسندوقی دەنگ (سندوقی دەنگدان بۆ پەرلەمانو سندوقی دەنگدان بۆ رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان)

٦- پۆلیسی کورد بەرپرسی راگرتنی نەزمو هێمنایەتی تەواوی ناوەندەکانی دەنگدان بوون."٤٧"

(بڕوانە وێنەی ژمارە ١و ٢)

**(وێنەی ژمارە ١)**


دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢
تکـایــە:
یەکێك لەم لیستانەی خوارەوە هەڵبژێرەو بەپێنووس دەست نیشانی بکە.

| لیستەی | لیستەی | لیستەی | لیستەی | لیستەی | لیستەی | لیستەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پـارتـی دیموکراتی کوردستان | حـزبـی سوسیالیستی کوردستان و پاسۆك (یەکگرتن) | گەل | دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، شیوعی و بێ لایەنەکان | ئیسلامی | دیموکراسی خوازە بێ لایەنەکان | یەکێتی نیشتمانی کوردستان وحـزبـی زەحمەتکێشانی کوردستان |

**(وێنەی ژمارە ٢)**


دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢
[ هەڵبژاردنی ڕابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ]
تـکـایـە:
یەکێك لەم بەڕێزانەی خوارەوە هەڵبژێرەو بەپێنووس دەست نیشانی بکە.

| بەڕێز | بەڕێز | بەڕێز | بەڕێز |
|---|---|---|---|
| جلال حسام الدين الطالباني | دكتور محمود علی عثمان | مسعود مصطفى البارزاني | عثمان عبدالعزيز محمد |

هەرچەندە بەپێی مادەی (٣٢) لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان (دەنگدان لەسەعات هەشتی بەیانی دەستپێدەکاتو لەسەعات هەشتی ئێوارە کۆتایی پێدێتو دەستەی باڵا دەتوانێت بە بەیانێك کاتی تر دیاری بکات)، بەڵام بە بڕیارێکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن کاتی دەنگدان درێژکرایەوە بۆ (١٢)ی شەو، واتا لەهەشتی بەیانی بۆ ١٢ ی شەو. کە دەکاتە (١٦) کاتژمێر، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەنگدانی دووبارەو ساختەکاریی زیاتر لەهەڵبژاردنەکەدا، هەر لەسەرەتای پرۆسەکەوە چەندین سکاڵا ئاڕاستەی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن کرا، لەو بارەیەوە د. مەحمود عوسمان کاندید بۆ ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، لەبەیاننامەیەکدا بۆ لیژنەی باڵای هەڵبژاردن ئاماژە بە خروقاتو ساختەکاریی زۆردەکاتو ڕایدەگەیەنێت کە کەسی واهەیە (١٠) جار دەنگیداوە.

دەقی بەیاننامەکە: "٤٨"

**بۆ لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی گشتیی بەڕێز...**

**سڵاوێکی گەرم...**

من لەبەیانییەوە تەماشای وەزعی هەڵبژاردنەکە دەکەم لەگەڵ برایانی تر، بۆم دەرکەوتووە کە نەزاهەتو ڕێکوپێکی تێدا نییە، لەبەرئەوەی مەرەکەبەکە دەسڕێتەوە چ بە ئاوو سابوون یان بە تێزاب (ئاوی ناو پاتری) یان بە (فاس)و ئاوی ڕێواس، پاش ئەوەی مەرەکەبەکەی تریش لەئاخری ڕۆژدا وادەرکەوت، بۆ ئەوەی ئەم مەوزوعە عیلاج بکرێت، پێش سێ شەو لەموحافەزە ١٦-١٧/ ٥ ئیقتراحمانکرد کە تەنها یەکجۆرە هەویە قبوڵبکرێتو وەربگیرێت لەخەڵك کە دەنگدەدەن، بەڵام قبوڵ نەکرا، هەروەها ئەمڕۆ لەبەیانییەوە هەمان ئیقتراحمان کردووە، بەڵام تا بڕیاردرا بوو بە سەعات (١) تا سەعات شەشیش زۆربەی هەرە زۆری مەرکەزەکان تەبلیغ نەکراونو ئێستا دەرکەوت زۆر شەخسی وا هەیە تا (١٠) دە جار دەنگیداوەو لەشوێنی جیاوازو زۆر ئاشکرا بووەو بروسکەمان بۆ هاتووە کە ناوچەکانی تریش هەروا بووە لەزۆر شوێن، هەروەها لەزۆر لەمەرکەزەکانی هەڵبژاردن یەکێك بۆ چەند کەسێکی نووسیوەو لەباتی ئەوان کە نابێت بەپێی تەعلیماتو سەریەت مراعات نەکراوە، لەبەرئەوانەی کە بە زۆری چەندینجار دەنگیانداوە ماوەی خەڵکی تر نەبووە کە دەنگ بدەن، لەبەرئەوە زۆربەداخەوە من بڕیارمدا کە دەنگ نەدەمو بڕوام بە نەزاهەتو ئەنجامی هەڵبژاردنەکە نییەو چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی ئێوەش دەکەم، کە مەسئولن لەمبارەیەوە



لەکاروباری هەڵبژاردن، ئەگەرچی هەندێك لایەنی سەرکردایەتی بەرەش لێپرسراوەتی هەیە، ئەمەم بۆ نووسین بۆ ئاگاداریتانو چاوەڕوانی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنو بڕیاری ئێوە دەکەم بەبێدەنگیی، لەبەر بەرژەوەندیی میللەتەکەمان ڕاستە هەڵبژاردن زۆر گرنگە، بەڵام بێگومان تەزویرو بێنەزاهەتیی هەڵبژاردنیش بەمشێوەیە، ئاشکرایە هەرگیز لەبەرژەوەندی کورددا نییەو کێشەی کوردیش بەمشێوەیە چارەسەر ناکرێت، میللەتی ئێمە زۆر پێویستی بە هەڵبژاردنی گشتیی هەبوو، بەڵام نەك بەم شێوەیە کە زۆر زەرەربەخش دەبێت بۆ دەستپێکردنی قۆناغی پەرلەمانو دیموکراتیەتو حوکمی قانوون لەوڵاتەکەمانداو لەدەرەوەش زەرەمان لێدەدات بە تایبەتی بەنیسبەت سومعەی کوردەوە...

ئیتر خۆشیتان

**براتان**

**د. مەحمود عوسمان**

**١٩٩٢/٥/١٩**

لە بەیاننامەکەی د. مەحمود عوسمانەوە کە دواتریش لەبەیاننامەی سەرجەم لایەنەکاندا ئاماژە بەکەموکوڕییەکان کرابوو دەردەکەوێت کە لەهەڵبژاردنەکەدا:

١- مەرەکەبەکە بە ئاسانی لێکراوەتەوە.

٢- بەچەندین جۆری ناسنامە دەنگدراوەو کەسی وا هەبووە (١٠) جار دەنگیداوە.

٣- ساختەکاریی زۆر کراوە.

٤- هەڵبژاردنێکی بێگەردو نەزاهەت نەبووە.

٥- زیانی بە قۆناغی دیموکراتییو پەرلەمانی گەلی کورد گەیاندووە.

لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردن لەکاتژمێر ١٢ی شەوی ٥/١٩ کۆتایی هات، بەڵام نارەزاییو نیگەرانی لای ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان دروستکردو تەنانەت سەرجەمی حیزبو لایەنەکانیش نیگەران بوون لەو دۆخە لەبەیاننامەیەکدا لەپارێزگای سلێمانی هەریەك لە(حسك، پاسۆك، حیزبی شیوعی، پارتی گەل، پ.د.ك) ئاماژەیان بەوە داوە کە هەڵبژاردنەکە بە گشتیی بە شێوەیەکی نارێكو ناپوختە لەبەر چەند دەستتێوەردانێكو چەند هەڵەیەکی تەکنیکیی کە بوونە هۆی دروستکردنی ئاوو هەوای تەزویرو لادان لەیاسای هەڵبژاردن.....)."٤٩"

## دووەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی ١٩٩٢/٥/١٩

لە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان لەکاتژمێر ١٢ی شەوەوە جیاکردنەوەی دەنگەکان دەستی پێکرد، بەڵام چەندین گیروگرفت هەبوون لەبەردەم گواستنەوەی سندوقەکانو شێوازی جیاکردنەوەی دەنگەکان، هەروەك لەراپۆرتی کۆتایی لیژنەی باڵای هەڵبژاردندا هاتووە (دوای تەواو بوونی کاتی یاسایی لە(١٢)ی شەوی ١٩٩٢/٥/١٩، جیاکردنەوەی دەنگەکان لەبنکەکانی هەڵبژاردن دەستی پێکرد، بەڵام گیروگرفتی هاتووچۆو ڕێگاوبان بووە هۆی ئەوەی کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە لەماوەیەکی درەنگ بگەنە دەستەی باڵا)."٥٠"

لەبەرئەو ناڕەزایيو نیگەرانییەی کە لەلای لایەنگرانی سەرجەم لایەنەکان دروستبوو بوو بەتایبەتیش یەکێتیو پارتی کە بەپێی ئەنجامە بەراییەکان دەنگەکانیان نزیکبووە لەیەکەوە، بۆیە دۆخێکی هەستیار دروستبوو لەشەقامی کوردستاندا، کە ئەگەر مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ نەکرێت ڕەنگە بە ئاڕاستەی شەڕی ناوخۆ هەنگاو بنرێت، هەرچەندە پێشتر لەکۆبوونەوەی نێوان یەکێتیو پارتی لە١٩٩٢/٢/٢٣و لەراگەیەنراوێکدا هەردوولا بەڵێنیاندابوو ڕێز لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی بگرن بەهەر شێوەیەك بێت.

هەربۆیە (لە کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرکردایەتی سیاسیو دەستەی باڵا شەوی (٢١-١٩٩٢/٥/٢٢) لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دەستەی باڵا ئەنجامەکان بڵاو نەکاتەوە تا سەرکردایەتی سیاسی لەسەر هەندێك شتی پێویست ڕێکدەکەون)."٥١"

هەربۆیە دوای کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژەی نێوان یەکێتیو پارتی لەبارەگای یەکێتی لەشەقڵاوە لەکاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٢٢ لەسەر دابەشکردنی پەرلەمانو حکومەت ڕێککەوتن.



**دەقی ڕێککەوتنەکە:"٥٢"**

لە ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٢٢ هەردوو مەکتەبی سیاسی ی.ن.كو پ.د.ك بە ئامادە بوونی بەڕێزان مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی لەشەقڵاوە کۆبوونەوە، دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانو ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کە هێندێ کەلێنو موخالەفاتی تێدا کەوتەوەو لەپێناو پاراستنی ڕێزەکانی جەماوەری کوردستانو بۆ پاراستنی سومعەی میللەتەکەمانو لەپێناو بەرەو پێشبردنی خەباتی گەلی کوردستان، دوای ئەوەی لایەنەکانی تری ناو بەرەی کوردستانیو بزووتنەوەی ئیسلامیی کە بڕیاریاندا ئیلتیزام بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەنو لەدەرەوەی پەرلەمان هەموو هاوکارییەکی بکەن هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر:

١- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی داهاتوو لە١٩٩٢/١٠/١٥ بکرێت.

٢- هەڵبژاردنی ڕابەر دوای دوو مانگ بکرێتەوە.

٣- ئەنجوومەنی نیشتیمانی پێکەوە لەنێوان هەردوولا بە یەکسانی پێکبێت.

٤- سەرۆکی ئەنجوومەنی پەرلەمان پارتی بێتو جێگرەکەی یەکێتی.

٥- سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن یەکێتی بێتو جێگرەکەی پارتی.

٦- ئەنجوومەنی بەڕێوەبەردن بە یەکسانی دابەشبکرێت.

٧- دژی یەکتر هیچ جۆرە تەحالوفێك نەکەن.

٨- هەڤاڵ مام جەلالو کاك مەسعود پێکەوە بەیانێك دەردەکەن دەربارەی هەڵبژاردنو ڕابەر.

٩- لە ئێستاوە هەردوولا هەوڵی ڕێکخستنی دامودەزگاکانی شۆڕش دەدەن.

١٠- ئیعلانی نەتایجی هەڵبژاردن لەلایەن لیژنەی باڵا دەکرێت وەك هەیە، لەگەڵ بەیانێکی موشتەرەکی نێوان پارتیو یەکێتی دەردەچێت.

١١- هەربڕیارێك لەپەرلەمان دەرچوو بە ڕەزامەندی هەردوولا دەبێت.

**ئیمزا: مەسعود بارزانی ئیمزا: مام جەلال**
**١٩٩٢/٥/٢٢**

لــە دوای رێککەوتنی یەکێتی نیشــتیمانی کوردســـتانو پارتی دیموکراتی کوردســـتان لەســـەر دابەشـــکردنی پۆســـتەکانو دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن لەو کاتانەی دیاریکراوە. بۆیە یەکێتیو پارتی گلۆپی ســـەوزیان دایـــە لیژنەی باڵای هەڵبـــژاردن بە راگەیاندنـــی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، (ئێوارەی رۆژی ١٩٩٢/٥/٢٣ دەســـتەی باڵای هەڵبـــژاردن بانگکرا لەلایەن سەرکردایەتی سیاسییەوە. بە سەرۆکی دەستە راگەیەنرا کە سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی لەســـەر ئەوە رێککەوتوون. کە رێژەی بەشـــداری ئەم دوو لایەنە لەئەنجوومەندا وەکو یەك بێت. واتە پەنجا بە پەنجا)."٥٣"

هەر لەو ئێوارەیەدا لیژنەی باڵای سەرپەرشـــتیکردنی هەڵبژاردنەکانەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان ئەنجامەکانی راگەیاند بەمشێوەیە:

ئەنجامە راستەقینەکان:

ئەنجامی دابەشـــکردنی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤)


لە هەرچـــوار ناوچەکەی دەنگدان (هەولێر، ســـلێمانی، دهـــۆك، کەرکوك) لەسەرجەم بنکەکانی هەڵبژاردن (١٧٦) بنکە، ژمارەی دەنگدەران (٩٧١٩٥٣) بووە. واتا لەکـــۆی (١١١٢٠٠٠ دەنگدەری چاوەڕوانکراوی کوردســـتان) کە دەکاتە رێژەی (٨٧،٤٪). هاوکات ژمـــارەی دەنگە بەتاڵەکان (٤٧٢٤) دەنگ بەو پێیەش (٩٧١٩٥٣ - ٤٧٢٤ = ٩٦٧٢٢٩) واتا دەنگی راستەقینە دەکاتە (٩٦٧٢٢٩)."٥٤" (بڕوانە خشتەی ژمارە ٣)

**خشتەی ژمارە ٣**

| ژمارەی دەنگدەران | دەنگە بەتاڵەکان | دەنگی راستەقینە |
|---|---|---|
| ٩٧١٩٥٣ | ٤٧٢٤ | ٩٦٧٢٢٩ |



**(چارتی ژمارە ١)**




ســـەبارەت بە ژمارەی دەنگەکانی هەر کورســـییەك لەتێکـــڕای هەڵبژاردن دەکاتـــە (٩٧١٩،٥٣) بەو پێیەی کۆی ژمارەی دەنگدەران دابەشـــی (١٠٠) کورسی پەرلەمان دەکرێت (٩٦٧٢٢٩دابەش ١٠٠ یەکسانە بە ٩٧١٩،٥٣ دەنگ)

**خشتەی ژمارە ٤**

| تێکڕای هەڵبژاردن – ژمارەی دەنگەکانی هەر کورسیەك |
|---|
| ٩٧١٩,٥٣ |


سـەبارەت بە ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیســتەکانیش، لەراگەیەنراوی لیژنەی بالاّی هەڵبژاردندا هاتووە، لیســتی ژمارە ١ پارتی دیموکراتی کوردســتان (٤٣٧٨٧٩) دەنگی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (٤٥،٥ ٪) لەپلەی یەکەم دێتو لیستی ژمارە (٧)ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردســتان (٤٢٣٨٣٣) دەنگیان بەدەشتهێناوە بەڕێژەی (٤٣،٦٪)و لەپلەی دووەمدایــە، هــاوکات لیســتی ژمــارەی ٥ی ئیســلامی (٤٩١٠٨) دەنگی بەدەســتهێناوە بەڕێژەی (٥،٠٥٪) لەپلەی ســێیەمدایە، لیســتی ژمارە ٢ی حیزبی سۆسیالیستو پاسۆك یەکگرتن (٢٤٨٨٢) دەنگ بەڕێژەی (٢،٥٦٪)، لیستی ژمارە ٤ی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانو شیوعیو بێلایەنەکان (٢١١٢٣) بەڕێژەی (٢،١٧٪)و لیســتی ژمارە ٣ی پارتی گەل (٩٩٠٣) دەنگ بەڕێژەی (١،٠١٨٪)و لیســتی دیموکراسی خوازە بێلایەنەکان (٥٠١) دەنگ بەڕێژەی (٠،٥١٥٪)ی دەنگەکان. (بڕوانە چارتی ژمارە ٢)

## خشتەی ژمارە ٥

| ڕێژەی سەدی | ژمارەی دەنگەکان | لیستەکان |
|---|---|---|
| ٪ ٤٥،٥ | ٤٣٧٨٧٩ | ١ |
| ٪٤٣،٦ | ٤٢٣٨٣٣ | ٧ |
| ٪٥،٠٥ | ٤٩١٠٨ | ٥ |
| ٪٢،٥٦ | ٢٤٨٨٢ | ٢ |
| ٪٢،١٧ | ٢١١٢٣ | ٤ |
| ٪١،٠١٨ | ٩٩٠٣ | ٣ |
| ٪٠،٥١٥ | ٥٠١ | ٦ |



## (چارتی ژمارە ٢)




سـەبارەت بە ژمارەی ئەو دەنگانەی کە ڕێژەی لە٧٪ یان زیاتر هێناوە هەر یەك لەپارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە بە هەردوو لیستەکە (٨٩،١٤٣٪)ی دەنگی هەڵبژاردنیان هێناوە

## خشتەی ژمارە ٦


| ڕێژەی سەدی | ژمارەی ئەو دەنگانەی سەدی حەوت یان زیاتریان هێناوە |
|---|---|
| ٪٨٩،١٤٣ | ٨٦١٧١٢ |

سەبارەت بەو لیســـتانەی کە ڕێژەی لە٧٪ کەمتریان بەدەستهێناوەو بەپێی بڕگـــەی ٣ لەمادەی ٣٦ ی یاســـای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشـــتیمانی کوردســـتان هەر لیســـتێك لە٧٪ی دەنگـــی دەنگدەرانی بەدەســـت نەهێنا نوێنەری نابێت لەپەرلەماندا، بۆیە جگە لەپارتیو یەکێتی بە ٥ لیســـتەکەی تر توانیان (١٠٥٥١٧) دەنگ بەدەستبهێنن، واتا بەڕێژەی (١٠،٨٥٦٪) بەڵام هیچیان بە تەنها نەیانتوانی ڕێژەی پێویست بهێنن.
(بڕوانە چارتی ژمارە ٣)

### خشتەی ژمارە ٧

| ڕێژەی سەدی | ژمارەی ئەو دەنگانەی سەدی حەوت یان زیاتریان هێناوە |
|---|---|
| ٪١٠،٨٥٦ | ١٠٥٥١٧ |

### (چارتی ژمارە ٣)






ئەم ڕێژەی ٧٪ هەرچەندە لەسەر پێشنیارو پێداگری حیزبە بچووکەکان بوو، بەڵام زیانێکی گەورەی لێیان دا بەو پێیەی بە دەنگی هەر پێنج لیستەکەی دەرەوەی یەکێتیو پارتی کە (١٠٥٥١٧) دەنگ دەکات بەشـــی زیاتر لە(١٠) کورســـی پەرلەمانی دەکرد بەو پێیـــەی کورســـییەکی پەرلەمان (٩٧١٩) دەنگبووە، بۆیە لیســـتی ئیســـلامیی کە (٤٩١٠٨) دەنگی هەبووە بەشـــی (٥) کورســـی پەرلەمانەو لیســـتی حیزبی سۆسیالیســـتو پاسۆك یەکگرتن (٢٤٨٦٧) دەنگ بایی زیاتر لە(٢) کورسییەو لیستی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانو شـــیوعیو بێلایەنەکان (٢١١٢٣) بایی زیاتر لە(٢) کورسییەو لیســـتی پارتی گەل (٩٩٠٣) دەنگ بایی (١) کورسی دەنگیان هێناوە، بەڵام ئەم دەنگانە کە دەکاتە (١٠) کورسی دابەشکرا بەسەر یەکێتیو پارتیدا.

### خشتەی ژمارە ٨


| لیستەکان | دەنگە سەرەتاییەکان | دەنگە زیادکراوەکان | دەنگە کۆتاییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ٤٣٧٨٧٩ | ٥٣٦١٨,٤٧ | ٤٩١٤٩٧,٥ |
| ٧ | ٤٢٢٨٣٣ | ٥١٨٩٨,٥٣ | ٤٧٥٧٣١,٦ |
| گشتی | ٨٦١٧١٢ | ١٠٥٥١٧ | ٩٦٧٢٢٩ |

### خشتەی ژمارە ٩

| لیستەکان | دەنگە سەرەتاییەکان | ژمارەی دەنگەکان دوای زیادکردن | ڕێژەی سەدی دەنگە بەرکەوتووەکان | ڕێژەی سەدی کورسیەکانی ئەنجوومەن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٤٣٧٨٧٩ | ٤٩١٤٩٧,٥ | ٪٥٠,٨١٥ | ٪٥١ |
| ٧ | ٤٢٢٨٣٣ | ٤٧٥٧٣١,٦ | ٪٤٩,١٨٥ | ٪٤٩ |

## (چارتی ژماره ٤)

دابەشکردنی دەنگی لیستەکانی تر بەسەر یەکێتی و پارتیدا




ئەنجامی راگەیەنراو:
هاوکات دەستەی باڵای سەرپەرشـــتیکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی راگەیاند بەمشێوەیە: (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٥)

### خشتەی ژمارە ١٠

| ژمارەی دەنگدەران | دەنگە بەتاڵەکان | دەنگە راستەقینەکان |
|---|---|---|
| ٩٦٢١٧١ | ٤٧٠٢ | ٩٥٧٤٦٩ |

### خشتەی ژمارە ١١

| تێکڕای هەڵبژاردن – ژمارەی دەنگەکانی هەر کورسیەك |
|---|
| ٩٦٢١,٧١ |



### خشتەی ژمارە ١٢

| ڕێژەی سەدی | ژمارەی دەنگەکان | لیستەکان |
|---|---|---|
| ٪٤٤,٥١٧ | ٤٣٨٣٣٩ | ١ |
| ٪٤٤,٠٣٣ | ٤٢٣٦٨٢ | ٧ |
| ٪٥,١٠٠ | ٤٩٠٧٣ | ٥ |
| ٪٢,٥٨٤ | ٢٤٨٦٧ | ٢ |
| ٪٢,١٩٣ | ٢١١٠٦ | ٤ |
| ٪١,٠٢٩ | ٩٩٠٢ | ٣ |
| ٪٠,٥١٩ | ٥٠٠ | ٦ |

### خشتەی ژمارە ١٣

| ڕێژەی سەدی | ژمارەی ئەو دەنگانەی سەدی حەوت یان زیاتریان هێناوە |
|---|---|
| ٪٨٩,٠٤٠ | ٨٥٢٠٢١ |

### خشتەی ژمارە ١٤

| ڕێژەی سەدی | ژمارەی ئەو دەنگانەی سەدی حەوت یان زیاتریان هێناوە |
|---|---|
| ٪١٠,٩٥٩ | ١٠٥٤٤٨ |

### خشتەی ژمارە ١٥

| لیستەکان | دەنگە سەرەتاییەکان | دەنگە زیادکراوەکان | دەنگە کۆتاییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | ٤٢٨٣٣٩ | ٥٣٠١٢,١٩ | ٤٨١٣٥١,٢ |
| ٧ | ٤٢٣٦٨٢ | ٥٢٤٣٥,٨٥ | ٤٧٦١١٧,٨ |
| گشتی | ٨٥٢٠٢١ | ١٠٥٤٤٨ | ٩٥٧٤٦٩ |

## خشتەی ژمارە ١٦

| لیستەکان | دەنگە سەرەتاییەکان | ژمارەی دەنگەکان دوای زیادکردن | ڕێژەی سەدی دەنگە بەرکەوتووەکان | ڕێژەی سەدی کورسیەکانی ئەنجوومەن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٤٢٨٣٣٩ | ٤٨١٣٥١,٢ | ٪٥٠,٢٧٣ | ٪٥٠ |
| ٧ | ٤٢٣٦٨٢ | ٤٧٦١١٧,٨ | ٪٤٩,٧٢٦ | ٪٥٠ |

سەبارەت بە دەنگی هێزوو لایەنەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش ڕێژەی دەنگدان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان بەمشێوەیە بووە. لەپارێزگای سلێمانی ژمارەی دەنگی پێشبینیکراو (٤٥٠٠٠٠) بەلام ژمارەی دەنگدەری راستەقینە (٣٤٩١٦٤)، بەو پێیەش ئاستی بەشداری دەنگدەران لەپارێزگای سلێمانی (٧٧،٦٪)و لەپارێزگای هەولێر ژمارەی دەنگی پێشبینیکراو (٣٤٠٠٠٠) بەلام ژمارەی دەنگدەری راستەقینە (٣٣٥٨٢٧)، بەو پێیەش ئاستی بەشداری دەنگدەران لەپارێزگای هەولێر (٩٨،٨٪)، لەپارێزگای دهۆکیش ژمارەی دەنگی پێشبینیکراو (١٧٨٠٠٠)، بەلام ژمارەی دەنگدەری راستەقینە (١٩٨٣٥٢)، بەو پێیەش ئاستی بەشداری دەنگدەران لەپارێزگای دهۆك (١١١،٤٪) واتا ئەگەر لە(١٠٠٪) ی هاولاتیانیش دەنگیان دابێت ئەوا (٢٠٣٥٢) دەنگی زیاتر دراوە بە ڕێژەی (١١٪)، لەپارێزگای کەرکوکیش کە قەزاکانی (چەمچەماڵ، کەلار، کفری، دەربەندیخان) دەگرێتەوە ژمارەی دەنگی پێشبینیکراو (١٤٤٠٠٠ ) بەلام ژمارەی دەنگدەری راستەقینە (٨٨٦١٠) بەو پێیەش ئاستی بەشداری دەنگدەران لەپارێزگای کەرکوك (٦١،٥٪) ئاستی کەمی بەشداری دەنگدەران لەهەردوو پارێزگای سلێمانیو کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ کەمی بنکەکانی دەنگدان، بەو پێیەی ژمارەی دەنگی چاوەڕوانکراوی سلێمانی زیاتر لەدوو هێندەی پارێزگای دهۆکە، بەلام لەسلێمانی (٥٦) بنکەو لەدهۆك (٤٢) بنکە هەبووە، هەروەها لەکەرکوك تەنها (١٦) بنکە هەبووە بۆ چوار قەزای گەورە، هاوکات بۆ هەولێر (٦٢) بنکە هەبووە کە سلێمانی زیاتر لە(١٠٠ هەزار) دەنگی پێشبینیکراوی لەهەولێر زیاتر بووە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٦ ڕاگەیەنراوی لیژنەی بالای هەڵبژاردن سەبارەت بە دەنگی لیستەکان لەپارێزگاکانی کوردستان)



## خشتەی ژمارە ١٧

| لیستەکان | ژ. بنکە | ژ. دەنگدەری پێشبینیکراو | ژ. دەنگدەری راستەقینە | ڕێژەی بەشداری دەنگدەران | تێکڕای دەنگی هەر بنکەیەك |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٥٦ | ٤٥٠٠٠٠ | ٣٤٩١٦٤ | ٪٧٧,٦ | ٤٧٢٣ |
| هەولێر | ٦٢ | ٣٤٠٠٠٠ | ٣٣٥٨٢٧ | ٪٩٨,٨ | ٥٤١٧ |
| دهۆك | ٤٢ | ١٧٨٠٠٠ | ١٩٨٣٥٢ | ٪١١١,٤ | ٥٥٣٨ |
| کەرکوك | ١٦ | ١٤٤٠٠٠ | ٨٨٦١٠ | ٪٦١,٥ | ٦٢٣٥ |
| کۆی گشتی | ١٧٦ | ١١١٢٠٠٠ | ٩٧١٩٥٣ | ٪٨٦,٤ | ٥٤٧٨ |

## (چارتی ژمارە ٥)

ڕێژەی دەنگی دەنگدەران له پارێزگاکانی کوردستان



بەڵام ڕێژەو ژمارەی دەنگی لیستەکان بەپێی ئاستی پارێزگاکان جیاوازە. لەپارێزگای هەولێر پارتی دیموکراتی کوردستان لەپلەی یەکەمدایەو یەکێتی دووەمو بزووتنەوەی ئیسلامی لەپلەی سێیەمدایە. لەپارێزگای سلێمانیش یەکێتی لەپلەی یەکەمدایەو پارتی دووەمو بزووتنەوەی ئیسلامیش لەپلەی سێیەمدایە. بەڵام لەپارێزگای دهۆك پارتی لەپلەی یەکەمدایەو یەکێتی لەپلەی دووەمدایەو بزووتنەوەی ئیسلامیش لەپلەی سێیەمدایە. سەبارەت بە پارێزگای کەرکوکیش یەکێتی لەپلەی یەکەمدایەو پارتی پلەی دووەمو بزووتنەوەی ئیسلامی لەپلەی سێیەمدایە.

أ- ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای سلێمانی

لە پارێزگای سلێمانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (٢٠٧١٦٨) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٪٥٩,٩) لەپلەی یەکەمدایە. پارتی دیموکراتی کوردستان (٩٢٤٤٩) دەنگ بە ڕێژەی (٪٢٦,٦) لەپلەی دووەمدایە. لیستی ئیسلامی (٢٩٣٣٤) بە ڕێژەی (٪٨,٤) لەپلەی سێیەمدایە."٥٥" (بڕوانە چارتی ژمارە ٦)


**خشتەی ژمارە ١٨**

| پارێزگای سلێمانی | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی لیست | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٩٢٤٤٩ | ٪٢٦,٦ |
| ٢ | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ١١٩٧٨ | ٪٣,٤ |
| ٣ | پارتی گەل | ١١١٨ | ٪٠,٣ |
| ٤ | حزبی شیوعی | ٥٦٩٣ | ٪١,٦ |
| ٥ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ٢٩٣٣٤ | ٪٨,٤ |
| ٦ | دیموکراتخوازە بێلایەنەکان | ٢١٣ | ٪٠,٠٦ |
| ٧ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٢٠٧١٦٨ | ٪٥٩,٩ |
| دەنگی بێکەڵك : ١٢١١ | | کۆی دەنگدەران: | ٣٤٩١٦٤ |



**(چارتی ژمارە ٦)**

ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لە پارێزگای سلێمانی




ب- ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای هەولێر


لە پارێزگای هەولێر پارتی دیموکراتی کوردستان (١٥٢١٤٣) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٪٤٥,٩) لەپلەی یەکەمدایە. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (١٤٨٣٥٢) دەنگ بە ڕێژەی (٪٤٤,٤) لەپلەی دووەمدایە. لیستی ئیسلامی (١١٠٩٢) بە ڕێژەی (٪٣,٣) لەپلەی سێیەمدایە. حیزبی شیوعی (١١٠٤٧) بەڕێژەی (٪٣,٣)لە پلەی چوارەم دایە. (بڕوانە چارتی ژمارە ٧)

## خشتەی ژمارە ١٩

| پارێزگای هەولێر | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی لیست | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٥٢١٤٣ | ٪٤٥,٩ |
| ٢ | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ٨٨٤٣ | ٪٢,٦ |
| ٣ | پارتی گەل | ٢١٠١ | ٪٠,٦ |
| ٤ | حزبی شیوعی | ١١٠٤٧ | ٪٣,٣ |
| ٥ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ١١٠٩٢ | ٪٣,٣ |
| ٦ | دیموکراتخوازە بێلایەنەکان | ١٨٤ | ٪٠,٠٥ |
| ٧ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ١٤٨٣٥٢ | ٪٤٤,٤ |
| دەنگی بێکەڵك : ٢٠٢٥ | | کۆی دەنگدەران: ٣٣٥٨٢٧ | |

## (چارتی ژمارە ٧)

ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لە پارێزگای هەولێر






ج- ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای دهۆك


لـە پارێزگای دهـۆك پارتی دیموکراتـی کوردسـتان (١٦٨٩٨٣) دەنگی بەدەسـتهێناوە بەڕێژەی (٪٨٥,٥) لەپلەی یەکەمدایە، یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان (١٥١٨٤) دەنگ بە ڕێژەی (٪٧,٧) لەپلەی دووەمدایە، لیسـتی ئیسـلامی (٣٨٧٤) بە ڕێژەی (٪٣) لەپلەی سێیەمدایە، حیزبی سۆسیالیست (١٩٨٣) بەڕێژەی (٪١)لە پلەی چوارەم دایە. (بڕوانە چارتی ژمارە ٨)

## خشتەی ژمارە ٢٠

| پارێزگای دهۆك | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی لیست | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٦٨٩٨٣ | ٪٨٥,٥ |
| ٢ | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ١٩٨٣ | ٪١ |
| ٣ | پارتی گەل | ٦٣٣ | ٪٠,٣ |
| ٤ | حزبی شیوعی | ١٥٤٦ | ٪٠,٧ |
| ٥ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ٣٨٧٤ | ٪٣ |
| ٦ | دیموکراتخوازە بێلایەنەکان | ٤٩ | ٠,٠٢ |
| ٧ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ١٥١٨٤ | ٪٧,٧ |
| دەنگی بێکەڵك : ٩٨٢ | | کۆی دەنگدەران: ١٩٨٣٥٢ | |

## (چارتی ژمارە ٨)

**ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لە پارێزگای دهۆك**




د- ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لەپارێزگای کەرکوك

لە پارێزگای کەرکوك یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (٥٣١٢٩) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٦٠,٣٪) لەپلەی یەکەمدایە، پارتی دیموکراتی کوردستان (٢٤٦٠٤) دەنگ بە ڕێژەی (٢٧,٩٪) لەپلەی دووەمدایە. لیستی ئیسلامی (٤٨٠٨) بەڕێژەی (٥,٥٪) لەپلەی سێیەمدایە. حیزبی شیوعی (٢٨٣٧) بەڕێژەی (٣,٢٪) لەپلەی چوارەم دایە. (بڕوانە چارتی ژمارە ٩)




## خشتەی ژمارە ٢١

| پارێزگای کەرکوك | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی لیست | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٤٦٠٤ | ٪٢٧,٩ |
| ٢ | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ٢٠٣٨ | ٪٢,٣ |
| ٣ | پارتی گەل | ٦٣٣ | ٪٠,٧ |
| ٤ | حزبی شیوعی | ٢٨٣٧ | ٪٣,٢ |
| ٥ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ٤٨٠٨ | ٪٥,٥ |
| ٦ | دیموکراتخوازە بێلایەنەکان | ٥٥ | ٪٠,٠٦ |
| ٧ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٥٣١٢٩ | ٪٦٠,٣ |
| | دەنگی بێکەڵك : ٥٠٦ | کۆی دەنگدەران: | ٨٨٦١٠ |

## (چارتی ژمارە ٩ )

**ژمارەو ڕێژەی دەنگی لیستەکان لە پارێزگای کەرکوك**



## خشتەی ژمارە ٢٢

| ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی لیست | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | کەرکوك | ژ.دەنگ | ٪ |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٥٢١٤٣ | ٩٢٤٤٩ | ١٦٨٩٨٣ | ٢٤٦٠٤ | ٤٣٧٨٧٩ | ٤٥,٠٥٪ |
| حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ٨٨٤٣ | ١١٩٧٨ | ١٩٨٣ | ٢٠٣٨ | ٢٤٨٨٢ | ٢,٥٦٪ |
| پارتی گەل | ٢١٠١ | ١١١٨ | ٦٣٣ | ٦٣٣ | ٩٩٠٣ | ١٪ |
| حزبی شیوعی | ١١٠٤٧ | ٥٦٩٣ | ١٥٤٦ | ٢٨٣٧ | ٢١١٢٣ | ٢,١٧٪ |
| بزووتنەوەی ئیسلامی | ١١٠٩٢ | ٢٩٣٣٤ | ٣٨٧٤ | ٤٨٠٨ | ٤٩١٠٨ | ٥,٠٥٪ |
| دیموکراتخوازە بێلایەنەکان | ١٨٤ | ٢١٣ | ٤٩ | ٥٥ | ٥٥ | ٠,٠٦٪ |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ١٤٨٣٥٢ | ٢٠٧١٦٨ | ١٥١٨٤ | ٥٣١٢٩ | ٤٢٣٨٣٣ | ٤٣,٦٪ |
| | | | | | | |
| کۆی گشتی | ٣٣٥٨٢٧ | ٣٤٩١٦٤ | ١٩٨٣٥٢ | ٨٨٦١٠ | ٩٧١٩٥٣ | ٨٧,٤٪ |
| کارتە سپی و بەتاڵەکان | ٢٠٢٥ | ١٢١١ | ٩٨٢ | ٥٠٦ | ٤٧٢٤ | |
| دەنگی راستەقینە | ٣٣٣٨٠٢ | ٣٤٧٩٥٣ | ١٩٧٣٧٠ | ٨٨١٠٤ | ٩٦٧٢٢٩ | ٩٩,٩٩٦٪ |
| ١١١٢٠٠٠ | | | | | | |



### سێیەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنی کەمایەتییە مەسیحییەکان

هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان، ئەنجامی هەڵبژاردنی دەنگی کەمینە مەسیحییەکانیش راگەیەنرا، کە لە(٣٥) بنکە بەڕێوەچوو کە (٢٥ بنکە لەدهۆكو ٨ بنکە لەهەولێرو یەك بنکەش لەسلێمانیو کەکوك)، بەپێی راگەیەنراوەی لیژنی باڵای سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان ئەنجامەکە بەم شێوەیە بوو: (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٧ ئەنجامی هەڵبژاردنی کەمەنەتەوەییە مەسیحییەکان).
ژمارەی دەنگدەرانی مەسیحی (١٢٠٥٩)، دەنگی بێکەڵ (٨٨)، دەنگی راستەقینە (١١٩٧١) دەنگ لەسەر ئاستی کوردستانیش بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری (٦٥٤٣) دەنگی بەدەستهێناوەو لەپلەی یەکەمدایە بە رێژەی (٥٤,٧٪)، یەکێتی مەسیحییەکانی کوردستان (٢٧٥٧) دەنگی بەدەستهێناوەو لەپلەی دووەمدایە، بە رێژەی (٢٣٪)و پارتی دیموکراتی کلدۆ – ئاشوری (٢١٣٤) دەنگی بەدەستهێناوەو لەپلەی سێیەمدایەو بە رێژەی (١٧,٨٪)و مەسیحییە دیموکراتەکان (٥٣٧) دەنگی بەدەستهێناوەو لەپلەی چوارەمدایە بە رێژەی (٤,٥٪). (بڕوانە چارتی ژمارە ١٠ )


## خشتەی ژمارە ٢٣

| ناوچەی هەڵبژاردن | ناوی لیستەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوریی | مەسیحییە دیموکراتەکان | پارتی دیموکراتی کلدۆ – ئاشوریی | یەکێتی مەسیحییەکانی کوردستان | ژمارەی کارتە بێکەڵکەکان |
| هەولێر | ٩٠٠ | ٣٤٧ | ١٨٥٥ | ٨٨٠ | ٢٩ |
| سلێمانی | ٨٣ | ٩ | ٣٨ | ٣٦ | ..... |
| دهۆک | ٥٥٦٠ | ١٨١ | ٢٤١ | ١٨٤١ | ٥٩ |
| کۆ | ٦٥٤٣ | ٥٣٧ | ٢١٣٤ | ٢٧٥٧ | ٨٨ |
| ڕێژە | ٪٥٤,٧ | ٪٤,٥ | ٪١٧,٨ | ٪٢٣ | ٪٠,٧ |

| ژمارەی دەنگدەران | ژمارە کارتە بێکەڵکەکان | ژمارەی کارتە ڕاستەقینەکان |
|---|---|---|
| ١٢٠٥٩ | ٨٨ | ١١٩٧١ |

## (چارتی ژمارە ١٠)

ڕێژەی دەنگی لیستی کەمایەتیە مەسیحیەکان






سـەبارەت بە تێکڕای دەنگی کورسی بۆ کەمایەتییە مەسیحییەکان کە (٥) کورسـی کۆتایان بۆ دیاری کرابوو (٢٤١١) دەنگە، بەو پێیەش بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری کە (٦٥٤٣) دەنگی بەدەستهێنابوو بە ڕێژەی (٥٤,٧٪) بـەو پێیەش (٤) کورسـی پەرلەمانی بەرکەوت، یەکێتی مەسـیحییەکانی کوردستانیش (٢٧٥٧) دەنگی بەدەستهێناوبوو بە ڕێژەی (٢٣٪) بەو پێەیش (١) کورسی پەرلەمانی بەرکەوت." ٥٦"

## چوارەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنی رابەری رزگاریخوازی کوردستان

لیژنــەی بــاڵای سەرپەرشــتیکردنی هەڵبژاردنەکانی کوردســتان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دەنگی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشــتیمانی کوردســتاندا، ئەنجامی هەڵبژاردنی رابەریشی رایگەیاند، بەمشێوەیە: بەپێی راگەیەنراوەکە جەلال حسامەالدین تاڵەبانی (٤٤١٠٥٧) دەنگ بەرێژەی (٤٤،٩٪)و مەحمود عەلی عوســمان (٢٣٣٠٩) دەنگ بەرێژەی (٢،٣٧٪)و مەســعود مســتەفا بارزانی (٤٦٦٨١٩) دەنگو بەرێژەی (٤٧،٥٪) عوسمان عبدالعزیز محەمەد (٣٨٨٦٥) دەنــگ بەرێژەی (٣،٩٥٪) ، هاوکات (١٢٥٩٩)یش بێکەڵبوون کە دەکاتە رێژەی (١،٢٨٪). (بڕوانە پاشــکۆی ژمــارە ٨ ئەنجامی هەڵبژاردنی رابەر)

بەڵام هیــچ یەك لەکاندیــداکان نەیان توانی رێژەی یاســایی بهێنن کە ئەویش تێکڕای دەنگی زۆرینــەی رەهایە (٥٠ + ١) دەکاتو هیچ یەك لەو کەســانەی خۆیان کاندید کردبوو بۆ رابەر نەیانتوانــی ئەو رێژەیە بهێنن کە (٤٩١٣٢٥)و کۆی ژمارەی دەنگدەران (٩٨٢٦٤٩) لە(یاســای ژمارە ٢ ی هەڵبژاردنــی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردســتان).( بڕوانە چارتی ژمارە ١١)

### خشتەی ژمارە ٢٤

| لیستی کاندید | ژمارەی دەنگەکان | ڕێژەی دەنگەکان |
|---|---|---|
| جەلال حسامەالدین تالەبانی | ٤٤١٠٥٧ | ٪٤٤,٩ |
| مەحمود عەلی عوسمان | ٢٣٣٠٩ | ٪٢,٣٧ |
| مەسعود مستەفا بارزانی | ٤٦٦٨١٩ | ٪٤٧,٥ |
| عوسمان عبدالعزیز محەمەد | ٣٨٨٦٥ | ٪٣,٩٥ |




### خشتەی ژمارە ٢٥

| ژمارەی دەنگدەران | ژمارە کارتە بێکەڵکەکان | ژمارەی کارتە راستەقینەکان |
|---|---|---|
| ٩٨٢٦٤٩ | ١٢٥٩٩ | ٩٧٠٠٥٠ |

### (چارتی ژمارە ١١)

ڕێژەی دەنگی کاندیداکانی رابەر



سەبارەت بە ئاستی دەنگی کاندیداکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان، لەپارێزگای هەولێر مەسعود بارزانی (١٦١٩٣٣) دەنگ، جەلال تاڵەبانی (١٥٣٢٣٠) دەنگ، دکتۆر مەحمود عوسمان (٨٧٩٥) دەنگ، مەلا عوسمان (٨٧٢٣)

هاوکات لەپارێزگای دهۆك مەسعود بارزانی (١٧٩٤٤٦) دەنگ، جەلال تاڵەبانی (٢١٣٩٢) دەنگ، دکتۆر مەحمود عوسمان (١٣٨٣) دەنگ، مەلا عوسمان (٢٤٨٨).لە پارێزگای سلێمانیش جەلال تاڵەبانی ( ٢١٠٦٣٩ ) دەنگ، مەسعود بارزانی ( ٩٩١٥٨ ) دەنگ، مەلا عوسمان ( ٢٤٣٦٦ ) دەنگ، دکتۆر مەحمود عوسمان (١١٣١٩).لە پارێزگای کەرکوك جەلال تاڵەبانی (٥٥٧٩٦) دەنگ، مەسعود بارزانی ( ٢٦٢٨٢ ) دەنگ، مەلا عوسمان (٣٢٩٩) دەنگ، دکتۆر مەحمود عوسمان (١٨١٢)

## خشتەی ژمارە ٢٦

| لیستی کاندید | ژمارەی دەنگی ناوچەکانی هەڵبژاردن | | | | کۆی |
|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | کەرکوك | ژمارەی دەنگەکان |
| جەلال حسام الدین تالەبانی | ١٥٣٢٣٠ | ٢١٠٦٣٩ | ٢١٣٩٢ | ٥٥٧٩٦ | ٤٤١٠٥٧ |
| مەحمود عەلی عوسمان | ٨٧٩٥ | ٢٤٣٦٦ | ١٣٨٣ | ١٨١٢ | ٢٣٣٠٩ |
| مەسعود مستەفا بارزانی | ١٦١٩٣٣ | ٩٩١٥٨ | ١٧٩٤٤٦ | ٢٦٢٨٢ | ٤٦٦٨١٩ |
| عوسمان عبدالعزیز محەمەد | ٨٧١٢ | ١١٣١٩ | ٢٤٨٨ | ٣٢٩٩ | ٣٨٨٦٥ |
| کۆی گشتی | ٣٣٢٦٧٠ | ٣٤٥٤٨٢ | ٢٠٤٧٠٩ | ٨٧١٨٩ | ٩٧٠٠٥٠ |



بەپێی ئەنجامی دەنگەکان، کە هەریەك لەمەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی رکابەرایەتی یەکتریان دەکرد، مەسعود بارزانی بە (٢٥٧٦٢)و بەرێژەی (٢،٦٪) لەپێش جەلال تاڵەبانییەوە بوو، بەڵام نەیتوانی دەنگی پێویست بهێنێت، بەو پێیەش پێویست بوو هەڵبژاردن بکرێتەوە، لەنێوان دوو کاندید کە زۆرترین دەنگیان هێناوە ئەوانیش (مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانییە)، لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش لەپارێزگای هەولێر مەسعود بارزانی لەپلەی یەکەمدایەو بە (٨٧٠٣) دەنگ لەپێش جەلال تاڵەبانییەوەیە، بەڵام لەپارێزگای سلێمانی جەلال تاڵەبانی لەپلەی یەکەمدایەو بە (١١١٤٨١) لەپێش مەسعود بارزانییەوەیە، هاوکات لەپارێزگای دهۆك مەسعود بارزانی لەپلەی یەکەمدایەو بە (١٥٨٠٥٤) دەنگ لەپێش جەلال تاڵەبانییەوەیە، لەپارێزگای کەرکوکیش جەلال تاڵەبانی لەپلەی یەکەمدایەو بە (٢٩٥١٤) لەپێش مەسعود بارزانییەوەیە.

# دەروازەی سێیەم
# هەڵبژاردنو کارتێکەرەکانی

**یەکەم/ تەزویرو ساختەکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنی گۆڕی**
**دووەم/ کێشەو گرفتەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩**
**سێیەم/ پێکهێنانی پەرلەمانو حکومەت ١٩٩٢**



## یەکەم / تەزویرو ساختەکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنی گۆڕی

بەپێی ئەو نامەو ڕاگەیەنراوو بەڵگەنامانەی کە لەبڵاوکراونەتەوە، لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩دا بە جۆرەها شێوە ساختەکاریی‌و تەزویر کراوە لەلایەن هێزو لایەنەکانەوە، لەگەڵ ئەوەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لێکۆڵینەوە لەهەر بنکەو ناوەندێکی دەنگداندا دەکرێت، کە ڕێژەی دەنگدان تێیدا لە(٨٥٪) زیاتر بێت، (هەر وێستگەیەکی دەنگدان ڕێژەی دەنگدانی (٨٥٪) زیاتر بوو دەچێتە تەحقیق... جگە لەمە لەهەرناوچەیەك ڕێژەی دەنگی (٨٥٪) زیاتر بێت دەچێتە تەحقیق، کە ئەمانە پێوەری نێودەوڵەتین)."٥٧".

بەڵام بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کە لەلایەن لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ڕاگەیەنرا، لەپارێزگای دهۆك کە (١٧٨٠٠٠) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، بەڵام لەو پارێزگایە (١٩٨٣٥٢) دەنگیانداوە، واتا ڕێژەی دەنگدان (١١١،٤٪) بەو پێیەش ڕێژەی دەنگدان کە لەسلێمانی (٧٧،٦٪) ئاسایی بووەو بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی، ئەگەر ڕێژەی دەنگدان لەپارێزگای دهۆك (١٠٠٪)یش ئەژمار بکرێت ئەوا (٢٠٣٥٢) دەنگ زیاد دراوەو ساختەکارییە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (١١،٤٪) هەرچەندە بەپێی پاشکۆی وتارێکی نەوشیروان مستەفا ئەمین بەناوی (حیزبو حوکم: ئەزموونی کوردستان) ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی دەنگدان لەپارێزگای دهۆك (١٢٤٪) بووە بەو پێیەی ئەگەر لەو پارێزگایە لە(١٠٠٪) ی دەنگدەران دەنگیان دابێت ئەوا نزیکەی (٤٥٠٠٠) زیاتر دەنگیانداوە بەو پێیەی ئەو پارێزگایە (٢٢٣٠٠٠) دەنگیانداوە)."٥٨"

هاوکات بەپێی زۆرێك لەسکاڵاو نامەو بروسکەی لایەنە سیاسییەکان باس لەدەستتێوەردانو دەنگیدانی دووبارە دەکەن، لەگەڵ ئەوەی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن هۆشیاریدا لەبە سزاگەیاندنی هەر کەسێك کە هەوڵی ساختەکاریی بدات، ئەمە سەرەرای ئەوەی بەپێی مادەی (٣٨) لەیاسای ژمارە (١) ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان لیژنەی باڵا مافی پوچەڵکردنەوەی هەر بنکەیەکی دەنگدانی هەیە ئەگەر دەرکەوت ساختەکاریی تێدا کراوە لەمادەکەدا هاتووە(دەستەی باڵای هەڵبژاردن بۆی هەیە دەنگی هەر ناوەندێکی دەنگدان پوچەڵبکاتەوە ئەگەر دەرکەوت ساختەکاریی، یاخود یاری بکات بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان).

دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان بۆ دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان دەرکەوت، کە لەهەردوو بنکەی (١٧) لەدهۆکو بنکەی (٦) لەهەولێر ساختەکاریی کراوە، بەو پێەی لەبنکەی (١٧) ی دهۆك (قوتابخانەی پێشکەفتن) ژمارەی دەنگەکانی ئەو بنکەیە بە (٧٩٩٤) دەنگ ئەژمار کراوە، بەڵام دوای بژاردنەوەیان دەرکەوت دەنگی ئەو بنکەیە تەنها (١٩٩٤) واتا (٦٠٠٠) دەنگ لەو بنکەیە زیاد ئەژمارکرابوو، بۆیە لەو بنکەیەدا (٦٠٠٠) دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان سڕایەوە، بەوپێیەی بۆ لیژنەی باڵا دەرکەوت لەو بنکەیەدا ساختەکاریی کراوە.

هاوکات لەبنکەی (٦) ی هەولێریش دوای ئەوەی بۆ دەستەی باڵا دەرکەوت کە ساختەکاریی لەو بنکەیەدا کراوەو لەجارێك زیاتر دەنگدراوە، بۆیە دەنگی ئەو بنکەیە رەتکرایەوە بەو پێەیش (٣٥٤٠) دەنگی پارتی سڕایەوە لەگەڵ (١٥) دەنگی سۆسیالستو (١) دەنگی پارتی گەلو (١٧) دەنگی شیوعیو (١٨) دەنگی ئیسلامیو (١٥١) دەنگی یەکێتی، بەمەش کاریگەری بەسەر ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردندا هات، دەنگەکانی یەکێتی بووە (٤٢٣٦٨٢) وتا (٤٢٣٨٣٣ – ٤١٥١ = ٤٢٣٦٨٢) دەنگەکانی پارتیش بووە (٤٢٨٣٣٩) بەوپێیەی (٤٣٧٨٧٩ – ٦٩٥٤٠ = ٤٢٨٣٣٩ )، بەم پێیە رێژەی دەنگەکان بووە پەنجا بە پەنجا بۆ هەردوو حیزبە سەرەکییە)."٥٩"

هاوکات هەوڵی دەرهێنانی هەزاران ناسنامە دراوە لەبەرژەوەندی لایەنەکان بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن دروست بکرێت بۆ نموونە لەبروسکەیەکدا کە لەرۆژی ١٩٩٢/٥/١٨ بۆ ئەمیر حەوێزی سەرۆکی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی ناردووە جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی ئاماژەی بە چەندین ساختەکارییو فێڵ کردووە، لەبروسکەکەدا ئاماژەی بەوەداوە کە پارتی ١٠٠٠ کەسی خۆی هێناوەتەوە لەئێرانەوە کەچی دەنگدان بۆ ئەوان دواخراوە بە بڕیاری سەرکردایەتی."٦٠"

لە بەیاننامەیەکیشدا کە لە١٩ /١٩٩٢/٥ بڵاوکراوەتەوەو لەبەشەکانی پێشتردا خستومانەتە روو د. مەحمود عوسمان ئاماژە بەوە دەکات کە ساختەکاری زۆر کراوە، بەهۆی ئەوەی مەرەکەبەکە بە ئاسانی لێکراوەتەوە بەچەندین جۆری ناسنامە دەنگدراوە، کەسی وا هەبووە (١٠) جار دەنگیداوە، پێشیوایە ساختەکاریی زۆر کراوە بۆیە هەڵبژاردنێکی بێگەردو نەزاهەت نەبووەو زیانی بە قۆناغی دیموکراتیو پەرلەمانی گەلی کورد گەیاندووە."٦١"



هاوکات لەبەیاننامەی سەرجەم حیزبەکاندا ئاماژە بە نیگەرانی کراوە سەبارەت بە ساختەکاریی زۆری هەڵبژاردنەکانو بێگەرد نەبوونیان، بەیاننامەیەکی هاوبەشدا هەریەك لەحیزبەکانی (حسك، پاسۆك، حیزبی شیوعی، پارتی گەل، پ.د.ك) هاتووە کە ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی گشتیی نارێكو ناپوختە، لەبەر چەند دەستتێوەردانێكو چەند هەڵەیەکی تەکنیکیی کە بوونە هۆی دروستکردنی کەشو هەوای تەزویرو لادان لەیاسای هەڵبژاردن، چ بەهۆی خۆفەرزکردنو بەسەر جەماوەرو چ بەهۆی فرۆفێڵی نابەجێیانە)."٦٢"

## دووەم/ کێشەو گرفتەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩

لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ بە هەڵبژاردنێکی مێژوویی‌و نەتەوەیی گرنگ ئەژمار دەکرێت، لەبەرئەوەی لەمێژووی گەلی کوردا بۆ یەکەمجارە هاوڵاتیانی بە شێوەیەکی مەدەنی‌و شارستانیانە نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن‌و ئەدای مافێکی دیموکراسی‌و ئازادی خۆیان دەکەن لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە.
هەروەك نەوشیروان مستەفا لەنووسێنکدا کە لەرۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٩٢ لەرۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاویکردووەتەوە بەناوی (کوردو پەرلەمان، پیاچوونەوەیەك بە رابردوو) پێیوایە کە هەڵبژاردن کۆسپی سەختی لەرێدا بوو:
یەکەم : کۆسپی سیاسی، کوردستان هاوسنورە لەگەڵ ٣ دەوڵەت ئێران، تورکیا، سوریا، لەناو هەرسێ دەوڵەتدا کورد هەن، دەبوو ئەو ٣ دەوڵەتە دڵنیا بکرێن کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی نابێتە هەڕەشە بۆ ئاساییشی نەتەوەیی ئەوان، وایان لێ بکرێت ئەگەر پشتیوانی لەهەڵبژاردنەکەش نەکەن، بێلایەن بوەستن یان هێچ نەبێت دژایەتی نەکەن‌و بە هەنگاوی یەکەمی جیابوونەوەی دانەنێن.
دووەم: کۆسپی تەکنیکی، بەهۆی هەلو مەرجی نائاسایی ساڵانی شۆڕشەوە سەرژمێرییەکی رێکوپێك‌و تەواوی دانیشتوانی کوردستان لەبەر دەستدا نەبوو، سەرژمێریکردنێکی تازەش وا بە پەلە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە توانایەکی تەکنیکیی‌و مالیی زۆری گەرەك بوو، لەبەرئەوە نەدەتوانرا ناسنامەو کارتی هەڵبژاردن بە رێکوپێکی بۆ هەموو ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو ئامادە بکرێت."٦٣"
هاوکات کەمی بنکەکانی دەنگدان یەکێك بوو لەهەرە کێشە سەرەکییەکانی رۆژی هەڵبژاردن، کە بەهۆی کەمیی بنکەکانی دەنگدانەوە سەرەڕای ئەوەی بە هەزاران کەس لەبەردەم بنکەکانی دەنگدان بۆ چەند سەعاتێك دەوەستان، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەزاران کەس بێبەشبوون لەمافی دەنگدان، بەتایبەتیش لەپارێزگاکانی سلێمانی‌و کەرکوك.



* لەپارێزگای سلێمانی ٤٥٠٠٠٠ کەس مافی دەنگدانیان هەبووەو (٣٤٩١٦٤) کەس دەنگیانداوە بەرێژەی (٧٧،٥٨٪) زیاتر لە(١٠٠٠٠٠) کەس بێبەشکران لەدەنگدان، بەهۆی کەمیی بنکەکانی دەنگدان،
* لەپارێزگای کەرکوك (١٤٤٠٠٠) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو تەنها (٨٨٦١٠) دەنگدەر توانیان دەنگبدەن بەرێژەی (٦١،٥٣٪) زیاتر لە(٤٥٠٠٠) دەنگدەر بێبەشکران لەدەنگدان بەهۆی کەمی بنکەکانی دەنگدانەوە.
* بێدادی‌و ناڕەواییەکی زۆر کراوە بە مافی دەنگدەر لەپارێزگاکانی سلێمانی‌و کەرکوك، چونکە ئەگەر بەپێی دانانی ژمارە بنکەکانی دەنگدان بوایە لەدهۆك (٤٢ ) بنکە، دەبوو لەپارێزگای سلێمانی (١١١) بنکەی دەنگدان هەبوایە، لەجیاتی (٥٦) بنکەو لەپارێزگای کەرکوکیش (٣٥) بنکەی دەنگدان هەبوایە لەجیاتی (١٦) بنکەی دەنگدان
* بەهۆی ئەم نەخشەیە، لەپارێزگای سلێمانی‌و کەرکوك (١٤٥٠٠٠) کەس بێبەشکران لەدەنگدان.
* لەپارێزگای دهۆکیش (١٥٢٥٣) دەنگدەر زیاد لەرێژەی دیاریکراو دەنگیانداوە، بەو پێیە رێژەی دەنگدان لەپارێزگای دهۆك گەیشتووەتە (١٠٨،٦٪).
* لەهەولێر (٩٠٠٠) پێناسەی نوێ دروستکرا، بەبڕیارو دەسەڵاتی لیژنەی پارێزگا کە دەبوو لیژنەی باڵا ئەو کارە لەئەستۆی خۆی بگرێت.
* لەدهۆك (٢٠٠٠٠) پێناسەی نوێ دروستکرا، بەبڕیارو دەسەڵاتی لیژنەی پارێزگا کە دەبوو لیژنەی باڵا ئەنجامی بدایە.
* یاریدەدەرەکان بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمی دەنگدان بۆ نەخوێندەوار بێلایەن نەبوون، بۆیە سەرپێچیی زۆری تێدا بووە.
* ناڕەزایی زۆر هەبوو لەسەر ترساندن‌و دووجار دەنگدان‌و لەسەر بێلایەن نەبوونی لیژنەکان.

بەپێی لێکدانەوەکان بەشێکی زۆری ئەو خاڵانەی سەرەوە کارگێڕی‌و هونەری نەبووە لەپرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵکو کارو بەرنامەیەك بووە، کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ بە شێوەیەکی نادروست‌و نایاسایی."٦٤"

ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو مەرەکەبەی کە بۆ مۆرکردنی پەنجەی دەنگدەر بەکار دەهات بە ئاسانی دەتوانرا بە فاسو تێزاب لێبکرێتەوە، بەوەش هاوڵاتیان دەیانتوانی بە ئاسانی دوو بارە دەنگبدەن، هەرچەندە دوو ڕۆژ هەڵبژاردن بەهۆی خراپیی‌و بێکەڵکی مەرەکەبەکەوە دواخرا، بەڵام دواتریش نەتوانرا چارەسەرێکی باش بدۆزنەوە.

نەبوونی ناوی دەنگدەران بە لیست لەبنکەکانی دەنگداندا هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ساختەکاریی دووبارە دەنگدانەوە، بەو پێیەی لەشاروشارۆچکەکان مامەڵەکردن لەگەڵ پێناسی دەنگدەران جیاواز بوو لەسلێمانی پێناسیان لەدەنگدەر وەردەگرت، بەڵام لەهەولێر تەنها تەماشایان دەکردوو دەیاندایەوە.

نەبوونی سەرژمێرییەکی ورد، دیاری نەرکردنی شوێن‌و سندوقی دەنگدانی هاوڵاتیان کێشەی بەردەم دەنگدەرو ناوەندەکانی دەنگدانی قورستر کردبوو.

سەبارەت بە لیستو کاندیداکانیش بوونی ڕێژەی (٧٪) بۆ چوونە پەرلەمان ڕێگەی بۆ هەیمەنەی هێزبە گەورەکان خۆشکردو لەیەکەم ئەزموونی پەرلەمانیدا ڕێگەی لەدروستبوونی دەنگی جیاوازو ئۆپۆزسیۆن گرت، لەناو هۆڵی پەرلەماندا، وایکرد ئەم دوو هێزە هەموو بڕیارەکانیان بە ڕێککەوتن‌و تەوافوق دەکردو دواتر دەنگیان لەسەردەدا.



**سێیەم/ پێکهێنانی پەرلەمان‌و حکومەت ١٩٩٢**

لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان لەرۆژی ١٩٩٢/٥/٢٣،و ڕێککەوتنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان پەنجا بە پەنجا، هەوڵدان بۆ یەکەمین دانیشتنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان درا، لەمادەی (٤٦) لەیاسای ژمارە (١)ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستاندا هاتووە (ئەنجوومەن یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لەسەعات ١٠ ی دەیەمین ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبەستێت)، هەربۆیە لەکاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤ پارلەمانی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی سازکرد بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام کە ئەویش (حەسەن کانەبی بڵباس) بوو کە کەسایەتییەکی بێلایەن بوو لەلیستی یەکێتیدا ئەویش بە پێی مادەی (٤٧)ی سای ژمارە یەکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان کە هاتووە (ئەنجوومەن یەکەمەین کۆبوونەوەی خۆی سەرۆکایەتی پیرترین ئەندام دەبەستێت‌و ئەندامان ئەم سوێندە دەخۆن: سوێند دەخۆم بەخوای گەورە پارێزگاری بکەم لەیەکێتی خاکی کوردستانی عێراق‌و بەرژەوەندییە باڵاکانی.

دواتر بە پێی مادەی (٤٨) لەیاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرۆك‌و جێگرو سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتیمانی هەڵبژارد هەروەك لەمادەکەدا هاتووە (ئەنجوومەن لەدانیشتنی یەکەمیدا بە ڕێگای دەنگدانی نهێنیی سەرۆك‌و جێگری سەرۆك‌و سکرتێر بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی هەڵدەبژێرێت) ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرۆك‌و جێگری سەرۆکی سکرتێری سەرۆکی هەڵبژارد کە بریتیبوون لە:

١- جەوهەر نامیق سالم - سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی - پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- محەمەد تۆفیق ڕەحیم - جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن - یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

٣- فرسەت ئەحمەد عەبدوڵا - سکرتێری سەرۆکی ئەنجوومەن - پارتی دیموکراتی کوردستان.

دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان نزیکەی دوو هەفتەی خایاند، کە دانان‌و هەڵبژاردنی کاندیدەکان لەدەستی حیزبەکان خۆیان بوو لەو پاڵێوراوانەی دیاریان کردبوون، لەو ١٠٠ ئەندامەی پەرلەمان لەگەڵ ئەو (٥) کورسیەی کە بۆ مەسیحییەکان تەرخانکرابوو بەم شێوازە دابەشکرا:

پارتی دیموکراتی کوردستان : (٥٠) کورسی کە یەکێکیان ئافرەت بوو (١٠) ئەندامی حیزبی بوون‌و (٤٠) کەسیان سەربەخۆ بوون.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان : (٥٠) کورسی کە (٤)یان ئافرەت بوون (٢٧)یان ئەندامی حیزب بوون‌و (٢٠)یشیان سەربەخۆ بوون، (٣) کورسیش بۆ حیزبی زەحمەتکێشان تەرخانکرابوو.

بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری : (٤) کورسی.

یەکێتی مەسیحییەکانی کوردستان : (١) کورسی.

لە (١٠٥) ئەندامەی پارلەمانی کوردستان (٨٣) یان جۆرێك لەخوێندنی ئەکادیمیان هەبوو، لەو ئەندامانە (٢٣)یان پێشتر پیشەی مامۆستایان هەبووە، (١٧) یاساناس (١١) ئەندازیار (٨) ئایینناس (٥) ئابووریناس (٤) بڕوانامەی کشتوکاڵیان هەبوو. "٦٥" (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩ ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان).

لە دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان کە لەرۆژی ١٩٩٢/٦/٦ ی بەسترا تیایدا ئەنجوومەنی نیشتیمانی هەریەك لە(د. فوئاد مەعصوم) بۆ سەرۆکی حکومەت – لەلیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان‌و (د. رۆژ نوری شاوەیس) لەپارتی دیموکراتی کوردستان بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت هەڵبژاردو رایسپاردن بۆ پێکهێنانی حکومەت)."٦٦"

دواتر لە١٩٩٢/٧/٤و یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد، کە لە١٦ وەزیر پێکهاتبوو بەم شێوەیە:

١- ٦ وەزیر بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان
٢- ٦ وەزیر بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
٣- ١ وەزیر بۆ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
٤- ١ وەزیر بۆ حیزبی شیوعی
٥- ١ وەزیر بۆ بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری
٦- ١ وەزیر بۆ کەسێکی سەربەخۆ
٧- حیزبی (گەل)و (سۆسیالیست) کە پێش دروستبوونی کابینە یەکیانگرتبوو (٢) کورسی وەزارەتیان پێدرا، بەڵام نەیانویست بەپێی قسەی



خەڵکی گوایە داوای (٣) کورسیان کردبوو ئەمە جگە لەوەی پایەی ئەو دوو کورسییەشیان لا گرنگ نەبوو، حیزبی گەل رایگەیاند کە بەلای ئەوانەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئەوەندە فێڵاوییە کە ئەمان بەهیچ شێوەیەك نایانەوێت پەیوەندیان پێوەی هەبێت."٦٧"

لەبەرئەوەی یەکێتی‌و پارتی رێککەوتبوون لەسەر دابەشکردنی سەرجەم پۆستەکان بە سیستمی (فیفتی بە فیفتی) بۆیە ئەو سیستمە لەپۆستەباڵاکانەوە دابەزییە پۆستەکانی خوارەوە، هەربۆیە لەیەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمدا سەرەڕای دابەشکردنی وەزیرەکان وەك یەك بە پەنجا بە پەنجا هەر وەزیرێك جێگرێکیان بۆ دانا بە شێوەیەك ئەگەر وەزیرەکە یەکێتی بێت جێگرەکەی پارتی دەبێت‌و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر وەزیرەکە پارتی بێت جێگرەکەی یەکێتی دەبێت. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٠ ناوی ئەندامانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم).

کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٩٩٢/٧/٤. "٦٨"

## خشتەی ژمارە ٢٧

| ژ | ناو | پۆست | حیزب |
|---|---|---|---|
| ١ | فوئاد مەعصوم | سەرۆك وەزیر | یەکێتی |
| ٢ | رۆژ نوری شاوەیس | جێگری سەرۆك وەزیر | پارتی |
| ٣ | ئەمین مەولود | پیشەسازی و ووزە | یەکێتی |
| | ئەمین عبدالرحمن | جێگر | پارتی |
| ٤ | شێرکۆ بێکەس | رۆشنبیری | یەکێتی |
| | ئەحمەد سالار | جێگر | پارتی |
| ٥ | محەمەد تۆفیق | هاوکاری مرۆڤایەتی | یەکێتی |
| | کەمال کەرکوکی | جێگر | پارتی |
| ٦ | ئیدریس هادی | گواستنەوەو گەیاندن | پارتی |
| | فەرەیدون رەفیق | جێگر | یەکێتی |
| ٧ | یونادم یوسف | ئیشغاڵ و نیشتەجێبوون | بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری |
| | تەیب جەبار ئەمین | جێگر | یەکێتی |
| ٨ | ناسیح غەفور | پەروەردە | پارتی |
| | عوسمان حەسەن | جێگر | یەکێتی |
| ٩ | قادر عەزیز | کشتوکاڵ | زەحمەتکێشان |
| | ئەکرەم عیزەت | جێگر | پارتی |
| ١٠ | کەمال موفتی | کاروباری پێشمەرگە | یەکێتی |
| | ئازاد فەتاح | جێگر | پارتی |
| ١١ | مەعروف رەئوف | داد | سەربەخۆ |
| ١٢ | سەلاحەدین حەفید | دارایی و کاروباری ئابوری | یەکێتی |
| | سەلاح دەلۆ | جێگر | پارتی |
| ١٣ | کەمال شاکر | تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی | شیوعی |
| | ئەبلەحەد ئەفرام | جێگر | پارتی |
| ١٤ | محەمەد مەلا قادر | ئەوقاف | پارتی |
| | محەمەد صالح | جێگر | یەکێتی |
| ١٥ | مەئمون بریفکانی | بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە | پارتی |
| | حسێن سنجاری | جێگر | یەکێتی |
| ١٦ | یونس رۆژبەیانی | ناوخۆ | پارتی |
| | ئەحمەد شەریف | جێگر | یەکێتی |

دوای ئـــەوەی محەمەد تۆفیق رەحیم بووە وەزیـــری یارمەتیو مرۆڤایەتی، دواتر عومەر سەید عەلی کرا بە جێگری سەرۆکی پارلەمانو دواتریش گۆڕا بە نەژاد عەزیز ئاغا.



## سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

١- نەوشـــیروان مســـتەفا ئەمین / مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس ١٩٩١، سایتی سبەی/٢٠٠٨/١٢/٢
http://www.sbeiy.com/ArticleParts.aspx?PartID=22&ArticleID=415&AuthorID=36
٢- پەیجی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان
http://www.un.org/ar/sc/documents/resolutions/1991.shtml
٣- نەوشیروان مستەفا/ سەرچاوەی پێشوو.
٤- ٥/١٩ هەرێمی کوردستان یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادی ئەنجامدا
http://m11puk.blogspot.com/20135_19/05/.html /
٥- نەوشـــیروان مســـتەفا ئەمین / مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس ١٩٩١، چاپی یەکەم ٢٠٠٩.
٦- ڤیان مەجید فەرەج / سیستەمەکانی هەڵبژاردن پرەنسیپەکانی دەنگدان/ چاپی دووەم ٢٠١٠ / لا ١٤٦.
٧- نەوشیروان مستەفا / حیزبـو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سایتی سبەی، ٢٠٠٨/٤/٨.
http://www.sbeiy.com/ArticleParts.aspx?PartID=26&ArticleID=485&AuthorID=36
٨- سەرهەنگ حمید البرزنجی، انتخابات اقلیم کوردستان العراق بین النظریة والتطبیق دراسه مقارنه، الطبعه الاولی، هولیر، ٢٠٠٢، ص ٢٩٤.
٩- د. محمد عمر مولود، الفدرالیه وامکانیه تطبیقها فی العراق، کوردستان، ٢٠٠٠، ص ١٩١.
١٠- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق، ١٩ ی مایســـی ١٩٩٢، ئەزمونێکی دیموکراســـی یانە، وەرگێڕانی، پارێزەر صفوت رشـــید صدقی، لەبڵاوکراوەکانی لیژنەی لیژنەی ســـلێمانی رێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستان، لا ٤١.
١١- جـــەلال جەوهەر عەزیز/ دیموکراســـیەت لەنێـــوان خۆنواندن (ادعاء) وجێبەجێکردندا لەکوردســـتان / رۆژنامەی هاوڵاتـــی، ژمارە (٧٣٥) بەرواری ٢٠١١/٥/٢٩.
١٢- سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان
http://www.krg.org/p/p.aspx?l=14&s=030000&r=371&p=266 /
١٣- ٥/١٩ هەرێمی کوردســـتان یەکەمین هەڵبژاردنـــی ئازادی ئەنجامدا/ سەرچاوەی پێشوو.

١٤- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، لا ١٩٢.

١٥- هەڵبژاردن لەکوردستاندا / ٢٠٠٤/١١/١١ /
http://www.reform_kurd.com/politics1.asp?processId=2

١٦- نەوشیروان مستەفا، حیزبو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سەرچاوەی پێشوو.

١٧- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤١.

١٨- گەراس. ئارِ. ڤی. ستانسفیلد، کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسیو پشکووتنی دیموکراسی، وەرگێڕانی، پرۆفیسۆر. ی. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، لا ٢٨٩.

١٩- ڤیان مەجید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥١.

٢٠- جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆڵەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩، لا٤٩.

٢١- ڤیان مەجید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٢و ١٥٣.

٢٢- نەوشیروان مستەفا / حیزبو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سەرچاوەی پێشوو

٢٣- نەوشیروان مستەفا / حیزبو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سەرچاوەی پێشوو / پاشکۆی ژمارە ١، لا٧.

٢٤- نەوشیروان مستەفا / حیزبو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سەرچاوەی پێشوو / پاشکۆی ژمارە ١، لا ١٠.

٢٥- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤١و ٤٢.

٢٦- نەوشیروان مستەفا / حیزبو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سەرچاوەی پێشوو / پاشکۆی ژمارە ١، لا ١١.

٢٧- حەمید گەوهەری / سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٩٤.

٢٨- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان ١٩ی ئایار ١٩٩٢، بەڵگەو دەستهاوێژ، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨، لا ٤٥و ٤٦.

٢٩- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٧،٤٨،٤٩.

٣٠- بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٨.

٣١- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٩.



٣٢- نەوشیروان مستەفا / سەرچاوەی پێشوو / پاشکۆی ژمارە ١، لا ٧و ٨.

٣٣- حەمید گەوهەری / سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٣و ٣٤

٣٤- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦١.

٣٥- حەمید گەوهەری / سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٤٠.

٣٦- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٥.

٣٧- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٨.

٣٨- حەمید گەوهەری، باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا ١٩٩٢ – ٢٠٠٥، ستوکهۆڵم : سوید، لا ١٥.

٣٩- حەمید گەوهەری، هەمان سەرچاوە، لا ١٧.

٤٠- حەمید گەوهەری، هەمان سەرچاوە، لا ١٨.

٤١- بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٩.

٤٢- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەمان سەرچاوە، لا ٧٠.

٤٣- نەوشیروان مستەفا / سەرچاوەی پێشوو / پاشکۆی ژمارە ١، لا ٨.

٤٤- حەمید گەوهەری، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦.

٤٥- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٠.

٤٦- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٦.

٤٧- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٧.

٤٨- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٤، ٨٥.

٤٩- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٦،٩٧.

٥٠- بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨.

٥١- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەمان سەرچاوە، لا ٤٨.

٥٢- حەمید گەوهەری، باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا ، سەچاوەی پێشوو، لا ٢٨.

٥٣- بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨.

٥٤- بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢.

٥٥- شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراساتو توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، ١٩٩٧، لا ١٥.

٥٦- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٦.

٥٧- رۆژنامەی هاوڵاتی، چاوپێکەوتنی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ژمارە (١١٠٠)، ٢٠١٣/٧/١٧.
٥٨- نەوشیروان مستەفا / حیزبـو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سەرچاوەی پێشوو.
٥٩- ڤیان مەجید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦١.
٦٠- بەدران ئەحمەد حەبیب، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٩.
٦١- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٥.
٦٢- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٦.
٦٣- نەوشیروان مستەفا / حیزبـو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سەرچاوەی پێشوو.
٦٤- جەلال جەوهەر عەزیز، سەرچاوەی پێشوو.
٦٥- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٦.
٦٦- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٦.
٦٧- رود هۆف، میخێل لیزینبیرك، پیتر موولر، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٧.
٦٨- گەراس. ئارِ. ڤی. ستانســفیڵد، کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو لا ٣٣١.
٦٩- نەوشیروان مستەفا / حیزبـو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سەرچاوەی پێشوو.



# بەشی دووەم

## دەروازەی چوارەم / هەڵبژاردنی ناهاوسەنگ

**یەکەم/ فەرامۆشکردنی هەڵبژاردن**
**دووەم/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان**

## یەکەم/ فەرامۆشکردنی هەڵبژاردن

لەدوای دانیشتنو کۆبوونەوەکانی پارلەمانی کوردستانو پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەوتنە سەرخۆی دامودەزگاکان لەهەرێمی کوردستان، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا هەڵبژاردنەکان بە زووترین کات بکرێتەوە، بەو پێیەی لەرێککەوتنی رۆژی ٢٢/٥/١٩٩٢ ی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەخاڵی یەکەمدا بڕیاردرا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان لە١٥/١٠/١٩٩٢ بکرێتەوەو لەخاڵی دووەمیشدا بڕیاردرا هەڵبژاردنی رابەر لەدوای دوومانگ بکرێتەوە. "١"

ئەمە لەکاتێکدایە کە دەبوو هەڵبژاردنی رابەر دوای (١٥) رۆژ لەدوای هەڵبژاردنی یەکەم بکرایەتەوە چونکە هیچکامیان دەنگی زۆرینەی رەها (٥٠+ ١) ی دەنگەکانیان نەهێنا کە بەپێی مادەی (٨) لەیاسای ژمارە (٢) ی یاسای هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا هاتووە (ئەو کەسەی زۆرینەی رەهای دەنگدەران بەدەست دێنێت سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر هیچ کام لەپاڵێوراوەکان زۆرینەی رەهایان نەهێنا، گەری دووەمی هەڵبژاردن ١٥ رۆژ دوای هەڵبژاردنی یەکەم دەکرێت، لەنێوان ئەو کەسانەدا دەکرێت کە زۆرینەی دەنگیان بەدەستهێناوە، بەوپێیەش هەرکامیان لەهەڵبژاردنی دووەمدا زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا دەیبەنەوە)."٢"

بەڵام کات تێپەڕیو هیچکام لەهەڵبژاردنەکان لەو وادەیەی دیاریکرابوون نەکرانەوە، بەهۆی ئەوەی کابینەی حکومەتی هەرێم رووبەڕووی دەیان قەیرانی ئابووریو سیاسی بووەوەو هاوکات رێگریکردنی حیزبی، فشاری گەورەی دروستکرد لەسەر کابینەی یەکەمی حکومەتو بۆیە (د. فۆئاد مەعسوم) سەرۆکی کابینەی یەکەم دەستی لەکارکێشایەوە هەروەك خۆی لەچاوپێکەوتنێکدا رایدەگەیەنێت (پارتی منی بە نهێنگیریی تۆمەتبار دەکرد، تەنانەت یەکێتیش منی بەوە تۆمەتبار دەکرد، ئەوان ئاراستەی تەکنۆکراتی منیان بە دڵ نەبوو، وایان پێباش بوو لەپۆستەکەمدا زیاتر سیاسییانە مامەڵە بکەم)."٣"



هەر بۆیە لەرۆژی ٤/٤/ ١٩٩٣ کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم پێکهات بە سەرۆکایەتی (کۆسرەت رەسوڵ عەلی) سەرۆکی حکومەت و(د. رۆژ نوری شاوەیس) جێگری سەرۆکی حکومەتو چەند وەزیرێکیش لەکابینە نوێیەکەدا دانرانو هەندێکیش لەکابینەی یەکەمدا وەك خۆیان لەپۆستەکانیان مانەوە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١١ ناوی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم).

هاوکات لەدوای دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لەساڵی ١٩٩٤ دا بەتەواوی بیری هەڵبژاردنی لای بەرپرسانی سیاسی کوردستان دوورخستەوە، لەدوای توندوبوونەوەی شەڕی ناوخۆو بەتایبەت لە٣١ی ئابی ١٩٩٦ کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری سوپای عێراق توانی هەولێر لەچنگی یەکێتی دەربکات، دواتر کوردستان گۆڕا بۆ دوو ناوچە، ناوچەی زەرد کە هەولێرو دهۆکی دەگرتەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان،و ناوچەی سەوز کە سلێمانیو کەرکوك (چەمچەماڵ، کەلار، کفری، دەربەندیخان)ی دەگرتەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

لەو کاتەوە حکومەت دابەشبوو لەنێوان هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی، لەئیدارەی هەولێر کابینەیەکی نوێ پێکهات لە(٢٦/ئەیلولی ١٩٩٦) بەناوی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم، بە سەرۆکایەتی (د. رۆژ نوری شاوەیس) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیو جێگرێتی (نێچیرڤان بارزانی) لەسەرۆكو جێگرو (١٧) وەزیر پێکهاتبوو جگە لە٣ وەزیر کە بۆ حیزبەکانی (بزووتنەوەی ئاشوریو کاری سەربەخۆو شیوعی) بوون سەرجەم وەزارەتەکانی تر بۆ پارتی بوون."٤" (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٢ ناوی وەزیرەکانی کابینەی سێی پارتی).

لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگای سلێمانیو کەرکوك لەلایەن یەکێتییەوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەئیدارەی سلێمانی هەوڵی پێکهێنانی کابینەی نوێیدا هەرچەندە لەرووی یاساییەوە رووبەڕووی کێشە دەبووەوە بەو پێیەی کە دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانەوە متمانەی پێبکرێت، بەوپێیەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی لەئیدارەی سلێمانی نیسابی یاسایی تەوا نەدەرکرد، هەربۆیە بەدوای رێگەیەکی یاساییدا دەگەڕان ئەویش بە بیانووی ئەوەی کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم کە لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانەوە متمانەی پێکراوە هێشتا حەل نەکراوە، لەسەر ئەو بنەمایە کۆسرەت رەسوڵ لەکۆتایی ١٩٩٦ دا کابینەکەی دروستکردەوە. کە د. کەمال فوئاد بە جێگر دیاریکرا، دوو وەزارەت درایە بزووتنەوەی ئیسلامییو وەزارەتێك بۆ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو وەزارەتێکیش بۆ پارتی پارێزگارانی کوردستان دانرا. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٣ ناوی وەزیرەکانی کابینەی سێی یەکێتی).

دواتر ئەم کابینانەش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوو کابینەی تری بەدوای خۆیدا هێنا چ لەئیداری هەولێرو چ لەئیدارەی سلێمانی، لەساڵی ١٩٩٩دا لەئیدارەی هەولێر کابینەیەکی نوێ بە سەرۆکایەتی (نێچیرڤان بارزانی) پێکهێنراو لە(٢٥) وەزیر پێکهاتبوو.(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٤ کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان - پارتی).

لەئیدارەی سلێمانیش لە(٢١ ی کانوونی دووەمی ٢٠٠١) د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ راگەیاند، کە بە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم ناونرا، لە(١٦) وەزارەتو دوو وەزیری هەرێم پێکهاتبوو، لەم پێکهاتەیەدا هەردوو وەزارەتی (دادو ئەوقاف، درایە بزووتنەوەی ئیسلامیو وەزارەتی رۆشنبیری بۆ حیزبی زەحمەتکێشانو حیزبی سۆسیالیستی کوردستانیش وەزیرێکی هەرێمی پێدرا)، هاوکات هەرلە ئیدارەی سلێمانی لەناوەراستی ٢٠٠٤ دا کابینەیەکی نوێ پێکهات بە سەرۆکایەتی (عومەر فەتاح)و جێگری سەرۆکی حکومەت (عیماد ئەحمەد).

پێکهێنانی سەرجەم ئەو کابینانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئیدارەی هەولێرو سلێمانی بەبێ هیچ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی دروستکراون، لەماوەی ئەو ساڵانەدا هیچ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی نەکراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت.



## دووەم/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان

لەدوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ ەوە سەرکردایەتی کورد بەهۆی خۆخەریککردن بە شەڕی براکوژییو ململانێی حیزبییەوە ئاگای لەهەڵبژاردنەکان نەما لەکاتێکدا بە پێی مادەی ژمارە (٥١)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان، ئاماژە بە ماوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان دەدات بۆ ٣ ساڵ وەك لەمادەکەدا هاتووە (ماوەی ئەنجوومەن سێ ساڵەو لەیەکەمین دانیشتنیەوە دەستپێدەکاتو بە کۆتایی هاتنی دوا کۆبوونەوەی ساڵی سێیەمی کۆتایی دێت)، واتا دەبوایە لە١٩٩٥/٦/٤ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرایەتەوە، چونکە یەکەمین خولی پەرلەمان لە١٩٩٢/٦/٤ سوێندی یاسایی خواردوو یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجامدا..

هەرچەندە ئەم مادەیە لەدانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لەرۆژی ١٩٩٨/٤/٢٦ هەموار کرایەوەو کرا بە ٤ ساڵ کە لەمادەی ٣ی یاسای ژمارە ٥ ی ساڵی ١٩٩٨ دا هاتووە (ماوەی پەرلەمان چوار ساڵەو لەیەکەم دانیشتنیەوە دەستپێدەکاتو بە کۆتایی ساڵی چوارەمی کۆتایی دێت)."٥"

لە دوای ٨ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، لەکوردستان بیر لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان کرایەوە، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە بەتەواوی دوو ئیدارەیی لەکوردستان تۆخکردەوە، بەو پێیەی بە جیاو لەدوو کاتی جیاوازدا هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانیان بەڕێوەبرد.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان پاڵپشتە بەدەقی یاسای ژمارە (٦٥) ساڵی ١٩٦٤ ی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان، لەدەقی مادەی (٢١) ی یاسای ژمارە (٦٥) دا هاتووە: ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لەهەڵبژاردنێکی راستەوخۆو نهێنییو ئازاد هەڵدەبژێردرین، لەناوچەکانیاندا ئەمەش بە یاساییەکی تایبەت رێکدەخرێت لەیاسای ژمارە (٦٥) لەدەروازەی چوارەم، بەشی یەکەم لەمادەکانی (٥٢و ٧٢) تەرخانکراوە بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، دەتوانین بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی ئەژمار بکەین)."٦"

ئیدارەی سلێمانی کە بە زۆنی سەوز ناسرابوو، لە٢٠٠٠/٢/٣ یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی بەڕێوەبرد، لەو هەڵبژاردنەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری تێدا نەکرد، بەو پێیەش کێبەرکێکە لەنێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە لە(١٩٩٤/٢/٦ دامەزراوە) دروستبوو، لەو هەڵبژاردنەدا (٧٢٢٨٠٤) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو تیایدا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان زۆربەی سەرۆكو ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی سنوری ئیدارەی سلێمانی بردەوەو یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش سەرۆکی شارەوانی سەید سادق بەڕێژەی (٤٨٪)و سیروان بە ڕێژەی (٧٥٪) ی دەنگەکان بەدەستهێنا."٧"
لە کۆی (٥٨) سەرۆکی شارەوانی پاڵێوراوانی یەکێتی (٥٣) سەرۆکی شارەوانیان بردەوە، بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی (٣) سەرۆکی شارەوانی ئەوانیش (هەڵەبجە، خورماڵ، بیارە)، یەکگرتووی ئیسلامیش (٢) سەرۆك شارەوانی بردەوە ئەوانیش (سەید سادق، سیروان) بوو. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٥ ناوو ڕێژەی دەنگی سەرۆك شارەوانییەکان).
هاوکات لەسنوری ئیدارەی هەولێر زۆنی زەردیش بڕیاردرا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان بەڕێوە بچێت، کە ژمارەیەك هێز بەشداریان تێداکرد، بەڵام لەو سنورەش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەشداری نەکرد، (لە ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٢٦ هەلبژاردنی لیژنەی شارەوانییەکانەکان، لەسنوری پارتی کە زیاتر لە١٠ پارتی ڕامیاری بەشدارییان تێداکردو نزیکەی ٩٠٠ هەزار کەس دەنگیانداو نوێنەرانی پارتی زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا)."٨"
لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی سنوری ئیدارەی هەولێر کە ململانێکان لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا بوو، کە تەنها لەسنوری پارێزگای هەولێر (٥٥٩٣٠٤) هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەبووەو لەو ڕێژەیەش (٤٢٢٩١٢) هاوڵاتی دەنگیاندا بەڕێژەی (٧٥،٦٪)، هەروەها لەپارێزگای دهۆکیش (٣٢٧١٨٠) هاوڵای مافی دەنگدانیان هەبوو، (٢٧٧٩٤٤) دەنگیاندا بەڕێژەی (٨٥٪)، لەو هەڵبژاردنەدا پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی دەنگی هەڵبژاردنەکانی بۆخۆی مسۆگەر کرد.



هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان کە لەدوو پرۆسەی جیاوازو دوو ساڵی جیاوازدا بەڕێوەچوو بە کۆمەڵێك گرفتو کێشەوە بەڕێوەچوو:
١- لە هەڵبژاردنی شارەوانی ئیدارەی سلێمانیدا کە لە٢٠٠٠/٢/٣ بەڕێوەچوو، تەنها سنوری هەردوو پارێزگای سلێمانیو کەرکوك (چەمچەمال، کەلار، کفری، دەربەندیخان)ی گرتەوە، واتا سنوری زۆنی سەوزی گرتەوەو لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی ئیدارەی هەولێر کە لە٢٠٠١/٥/٢٦، تەنها سنوری هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆکی گرتەوە، واتا سنوری زۆنی زەرد.
٢- هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، قۆناغێك لەدوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ وە بوو بەو پێیەی لەو هەڵبژاردنەدا کێبەرکێو ململانێ لەنێوان دوو هێزی گەورەدا بوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا ململانێکان لاواز بووونو ئەو دوو هێزە هیچیان لەهەڵبژاردنی ئەویتریاندا بەشداریان نەکرد.
٣- بودجەو داراییو دامودەزگاو هێزە سەربازییەکان لەلای حیزبی دەسەڵاتدار بوو لەزۆنی زەرد لای پارتیو لەزۆنی سەوز لای یەکێتی بوون.
٤- لایەنگرانی یەکێتی لەزۆنی زەرد دەنگیان بەلایەنگرانی دەرەوەی پارتیدا بەتایبەتیش یەکگرتوو کە ڕکابەری پارتی دەکرد لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکاندا، بە پێچەوانەشەوە لایەنگرانی پارتی لەزۆنی سەوز دەنگیان بەلایەنگرانی دەرەوەی یەکێتیدادا بەتایبەتیش یەکگرتوو کە ڕکابەری یەکێتی دەکرد لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکاندا.
٥- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان ئەگەر هەولێك بووبێت بۆ ڕێکخستنی دامودەزگا ئیدارییەکان، لەهەمانکاتدا هەوڵێکی یەکێتی بوو لەزۆنی سەوز پارتی بوو لەزۆنی زەرد بۆ دەرخستنی پێگەی جەماوەری خۆیان، بەتایبەتیش دوای جەولەیەکی زۆری شەڕی ناوخۆ.
٦- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان بۆ ٤ ساڵەو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان ئیدارەی سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٠ ئەنجامدراوەو تا ساڵی ٢٠٠٤و تا ئەمڕۆ ٩ ساڵە تەمەنی یاسایی بەسەرچووەو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی ئیدارەی هەولێر لە٢٠٠١ ئەنجامدراوە تا ٢٠٠٥و نزیکەی ٨ ساڵە تەمەنی یاسایی بەسەر چووە..

## دەروازەی پێنجەم
## هەڵبژادنەکانی دوای روخانی رژێمی بەعس ٢٠٠٣

**یەکەم/ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان**
**دووەم/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٥**
**أ- پارێزگای سلێمانی لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥**
**ب- پارێزگای هەولێر لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥**
**ج- پارێزگای دهۆك لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥**
**سێیەم/ بەراوردی هەڵبژاردنی ١٩٩٢-٢٠٠٥**
**چوارەم/ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٠٥**



### یەکەم/ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٥

لە دوای روخانی رژێمی بەعس لە٢٠٠٣/٤/٩و دروستبوونی ئەنجوومەنی حوکمی عێراق، حیزبو لایەنەکانی کوردستان چونە بەغدادو لەکۆی پرۆسەی سیاسی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشدار بوون، لەرۆژی ٣٠ کانونی دووەمی ٢٠٠٥ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بەرێوەچوو، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان سێ هەڵبژاردن بوو، چونکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشی لەگەڵ بوو، بۆیە لێرەدا ئێمە شیکاریی بۆ هەردوو هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستانو ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەکەین بەو پێودانگەی ئەو دوو هەڵبژاردنە سەنگو پێگەی هێزە سیاسییەکان لەسێ پارێزگاکەدا دەخاتەڕوو.

هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، کە دوای ١٣ ساڵ لەخولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بەرێوەچوو، ئەویش بەپێی یاسای ژمارە (٤٧) ی رۆژی ٢٠٠٤/١١/٢١ ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان کە هەموارکراوی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق.

بەپێی مادەی (١) یاسا هەموار کراوەکە (ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان لە١١١ ئەندام پێکدێت، کە لەیاسای ژمارە یەکی ١٩٩٢دا لە١٠٥ ئەندام پێکهاتبوو)."١٠"

بەڵام بەپێی مادەی (٤) یاسا هەموارکراوەکە کە لەپەیجی رەسمی پارلەمانی کوردستاندا دەقەکەی بڵاوکراوەتەوە هاتووە (هەرێمی کوردستانی عێراق بەیەك ناوچەی هەڵبژاردن لەقەڵەم دەدرێت) کە لەیاسای ژمارە (١)دا کوردستان کرابوو بە (٤) ناوچەی هەڵبژاردن ئەوانیش (هەولێر، سلێمانی ، دهۆك ، کەرکوك).

لە هەڵبژاردنی ٣٠ی کانونی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا کە (١٣) پارتی سیاسی بەشداریان تێداکردوو، بە سیستمی (نوێنەرایەتی رێژەیی) بەرێوەچوو تیایدا (٢٢٩٠٧٣٦) هاوڵاتی مافی دەنگدانی هەبوو، بە بەراورد بە هەڵبژاردنی خولی یەکەم کە لەساڵی ١٩٩٢ بەرێوە چوو (١١١٢٠٠٠) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، واتا لەنێوان ساڵی ١٩٩٢ بۆ ٢٠٠٥ (١١٧٨٧٣٦) کەس زیادیکردووە، واتا بە رێژەی (٥١،٥٪) ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە زیادیکردووە لەو پیرۆسەیەدا (١٧٥٣٩١٩)کەس لەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لەکوردو تورکمانو کلدانو ئاشوریی‌و

مەسیحی‌و ئێزدی دەنگیاندا کە ڕێژەی دەنگدان کە دەکاتە ڕێژەی (٧٥،٦٪) دەنگیاندا بەبەراورد بە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ (١٠٪) کەمی کردووە بەو پێیەی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دا ئاستی بەشداریکردن (٨٧،٤٪) بووە واتا لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠٠٥ ئاستی بەشداری هاوڵاتیان نزیکەی (١٢٪) دابەزیوە."١١" (بڕوانە چارتی ژمارە ١٢).


**خشتەی ژمارە ٢٨**

| هەڵبژاردنی ١٩٩٢ | | | هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ماف دەنگدانیان هەیە | دەنگیان داوە | ڕێژەی | ماف دەنگدانیان هەیە | دەنگیان داوە | ڕێژەی |
| ١١١٢٠٠٠ | ٩٧١٩٥٣ | ٪٨٧،٤ | ٢٢٩٠٧٣٦ | ١٧٥٣٩١٩ | ٪٧٥،٦ |



**(چارتی ژمارە ١٢)**

ئاستی دەنگدان لە نێوان هەڵبژاردنی 1992و 2005دا




بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنی ٣٠ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ڕاگەیەنرا تیایدا ئەو لیستانەی کە توانیان بگەنە پەرلەمان لەکۆی ١٣ لیست تەنها (٣) لیستیان گەیشتنە پەرلەمانی کوردستان بەوپێیەش تێکڕای کورسییەکی پەرلەمانی کوردستان (١٥٨٠١) دەنگە، بەو پێیەی (١٧٥٣٩١٩) دەنگدەر دابەش ١١١ کورسی پەرلەمان دەکاتە ١٥٨٠١ دەنگ).

لە ئەنجامدا (لیستی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان کە یەکێتی‌و پارتی‌و یەکگرتوو ژمارەیەك حیزبی دیکەی لەخۆ دەگرت) بە بەدەستهێنانی (١٥٧٠٦٦٣)ی دەنگەکان بە ڕێژەی (٨٩،٥٥٪)، بووە خاوەنی (١٠٤) کورسی پەرلەمانی کوردستان، لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانی عێراق (٨٥٢٣٧) دەنگ، بەڕێژەی (٤،٨٦٪) بووە خاوەنی (٦) کورسی پەرلەمانی کوردستان، لیستی زەحمەتکێشان‌و سەربەخۆکان (٢٠٥٨٥) دەنگ بە ڕێژەی (١،١٧٪) ی دەنگەکانی بووە خاوەنی (١) کورسی پەرلەمان، بەڵام هیچ کام لەلیستەکانی دیکە نەیانتوانی دەنگی کورسییەکی پەرلەمان بهێنن. (بڕوانە چارتی ژمارە ١٣).


## خشتەی ژمارە ٢٩

| ژ | ناوی لیستەکان | کۆی دەنگەکان | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان | ١٥٧٠٦٦٣ | ٪٨٩,٥٥ | ١٠٤ |
| ٢ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٨٥٢٣٧ | ٪٤,٨٦ | ٦ |
| ٣ | حیزبی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان | ٢٠٥٨٥ | ٪١,١٧ | ١ |
| ٤ | پارتی کاری دیموکراتی کوردستان | ١١٧٤٨ | ٪٠,٦٧ | ٠ |
| ٥ | بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان | ١٠٩٥٢ | ٪٠,٦٢ | ٠ |
| ٦ | لیستی بێلایەنەکان | ١٠٢٦٢ | ٪٠,٥٩ | ٠ |
| ٧ | تەجەموعی کوماری عێراق | ٩٠٨١ | ٪٠,٥٢ | ٠ |
| ٨ | پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان | ٩٤٩٩ | ٪٠,٥٤ | ٠ |
| ٩ | بەرەی نیشتیمانی وەحدەی عێراق | ٨٢٥٥ | ٪٠,٤٧ | ٠ |
| ١٠ | بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان | ٦٦٩٠ | ٪٠,٣٧ | ٠ |
| ١١ | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٥٥٠٦ | ٪٠,٣١ | ٠ |
| ١٢ | حیزبی ئەخای وەتەنی عێراقی | ٣٤٢٢ | ٪٠,٢٠ | ٠ |
| ١٣ | ڕەوتی نیشتیمانی کوردستان | ٢٠١٨ | ٪٠,١٢ | ٠ |
| | | | | |
| | کۆی گشتی دەنگەکان | ١٧٥٩١٩ | ٪١٠٠ | ١١١ |
| | دەنگە ڕەتکراوەکان | ٢٣٧٦٠ | | |



## (چارتی ژمارە ١٣ )

ڕێژەی دەنگی لیستەکانی هەڵبژاردنی 2005



## دووەم/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٥

دیارە هەڵبژادرنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە بریاری ژمارە (٧١) دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانەکان بەڕێوەچوو کە لەلایەن پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی عێراقەوە لەرۆژی (٢٠٠٤/٤/٦) دەرکراو، بریاری ژمارە (٧١) ی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە(٩) مادە پێکهاتووەو لەمادەی یەکەمدا ئاماژە بەوە دەکات کە سیستمی لامەرکەزی بۆ پارێزگاکان پەیڕەو دەکاتو بەرپرسانی پارێزگا دەسەڵاتی ناوچەییان هەیە."٩"

لەگەڵ ئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجام نەدرابوو، جگە لەهەڵبژاردێکی ناوچەیی شارەوانییەکان، بۆیە هەڵبژاردنی ٣٠/کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بووە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە بە بڕیاری ژمارە (٧١)ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانەکان ئەنجامدرا.

هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەسەر ئاستی عێراق بوو، بەڵام لەسەر ئاستی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیش (١٧٦٧٩٩٣) هاوڵاتی دەنگیاندا، سەرجەم هێزوو لایەنە سیاسییەکان بەشدارییان تێداکردو هەریەکەو بە لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد، جگە لەپارێزگای هەولێر پارتی لەگەڵ چەند حیزبێکی تردا لێستێکیان بەناوی (دەنگی دیموکراتی کوردستان) پێکهێنا هەر پارێزگایەکیش ژمارەی کورسییەکانی بە (٤١) کورسی دیاریکرابوو لەسەرجەم پارێزگاکانی تر لایەنەکان بە لیستی سەربەخۆ بەشدارییان کردبوو.

أ- پارێزگای سلێمانی لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥

لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی کە (٧٣٦٧٣٤ ) کەس دەنگیان دابوو (١٠) لیستو یەك کەس وەك خۆی بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردبوو، تەنها (٤) لیست توانیان کورسی مسۆگەر بکەن ئەوانی تر دەنگی پێویستیان نەهێنا، لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەپلەی یەکەمدا بوو کە (٤٨٥٧١٨) دەنگی بەدەستهێنابوو بەڕێژەی (٦٥,٩٪) دەنگەکانو (٢٨) کورسی ئەنجوومەنو پارتی دیموکراتی کوردستان لەپلەی دووەمدابوو، بە (٩١٥٧٨) بەڕێژەی (١٢,٤٪)و (٥) کورسی ئەنجوومەنو یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەپلەی سێیەمدا بوو کە (٧٥٠٠٨) دەنگی بەدەستهێنابوو بەڕێژەی (١٠,٢٪) و(٥) کورسی ئەنجوومەن، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان (٥٣٠٨٨) دەنگی بەدەستهێنابوو بەڕێژەی (٧,٢٪)و (٣) کورسی ئەنجوومەن. (بڕوانە چارتی ژمارە ١٤).



### خشتەی ژمارە ٣٠

| ژ | ناوی لیستەکان | کۆی دەنگەکان | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٥– سلێمانی | | | | |
| ١ | نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان | ٤٨٥٧١٨ | ٪٦٥,٩ | ٢٨ |
| ٢ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٩١٥٧٨ | ٪١٢,٤ | ٥ |
| ٣ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧٥٠٠٨ | ٪١٠,٢ | ٥ |
| ٤ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٥٣٠٨٨ | ٪٧,٢ | ٣ |
| ٥ | حیزبی شیوعی کوردستان | ٨١٩٢ | ٪١,١ | ٠ |
| ٦ | حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ٧٠١٨ | ٪٠,٩٥ | ٠ |
| ٧ | حیزبی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان | ٥٤١٧ | ٪٠,٧٣ | ٠ |
| ٨ | ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێلایەن | ٧٤١٧ | ٪١ | ٠ |
| ٩ | کۆکراوەی کۆمکاری عەرەبی | ١٧٧٤ | ٪٠,٢٤ | ٠ |
| ١٠ | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ٩٥٣ | ٪٠,١٢ | ٠ |
| ١١ | ئەندازیار: عەبدوڵا عەلی حسین | ٥٧٦ | ٪٠,٠٧ | |
| | کۆی گشتی دەنگەکان | ٧٣٦٧٣٤ | ٪١٠٠ | ٤١ |

**(چارتی ژماره ١٤)**







ب- پارێزگای هەولێر لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥ سەبارەت بە پارێزگای هەولێریش کە ڕێژەی کورسییەکانی (٤١) کورسییەو (١٢) لیست بەشداریان تێدا کردبوو لەهەڵبژاردنەکەدا کە (٦٤٧٩٩٤) کەس دەنگیان دابوو، تەنها (٤) لیست توانیان کورسی مسۆگەر بکەن ئەوانی تر دەنگی پێویستیان نەهێنا. لیستی دەنگی دیموکراتی کوردستان کە لە(پارتیو شیوعیو ژمارەیەك حیزب پێکهاتبوو) لەپلەی یەکەمدا بوون، کە (٣٤٧٧٧٢) دەنگی بەدەستهێنابوو بە ڕێژەی (٥٣،٧٪) دەنگەکانو (٢٣) کورسی ئەنجوومەن بەدەستهێنا. لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەپلەی دووەدابوو بە (٢٤٤٣٤٣) بەڕێژەی (٣٧،٧٪)و (١٦) کورسی ئەنجوومەنو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەپلەی سێیەمدا بوو کە (٢٢٥٢٣) دەنگی بەدەستهێنابوو بەڕێژەی (٣،٥٪) و(١) کورسی ئەنجوومەنو کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان (١٨٧٨١) دەنگی بەدەستهێنابوو بەڕێژەی (٢،٩٪)و (١) کورسی ئەنجوومەن. (بڕوانە چارتی ژمارە ١٥).

**خشتەی ژمارە ٣١**

| ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥ - هەولێر | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی لیستەکان | کۆی دەنگەکان | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
| ١ | دەنگی دیموکراتی کوردستان | ٣٤٧٧٧٢ | ٪٥٣,٧ | ٢٣ |
| ٢ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٢٤٤٣٤٣ | ٪٣٧,٧ | ١٦ |
| ٣ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٢٢٥٢٣ | ٪٣,٥ | ١ |
| ٤ | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ١٨٧٨١ | ٪٢,٩ | ١ |
| ٥ | بەرەی تورکمانی عێراق | ٢٣٨٤ | ٪٠,٣٦ | ٠ |
| ٦ | حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ٢٤٣٧ | ٪٠,٣٧ | ٠ |
| ٧ | حیزبی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکان | ٤٤٤٢ | ٪٠,٦٨ | ٠ |
| ٨ | لیستی رافیدەین ئەلوەتەنی | ٢٠٠١ | ٪٠,٣ | ٠ |
| ٩ | بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان | ١٧٤٢ | ٪٠,٢٦ | ٠ |
| ١٠ | پارتی پارێزگارانی کوردستان | ١٢٣٦ | ٪٠,١٩ | ٠ |
| ١١ | بزوتنەوەی دیموکراتیخوازانی کوردستان | ٦٨٧ | ٪٠,١ | ٠ |
| ١٢ | حیزبی دیموکراتی کلدانی | ٦٤٦ | ٪٠,٠٩ | ٠ |
| | کۆی گشتی دەنگەکان | ٦٤٧٩٩٤ | ٪١٠٠ | ٤١ |

## (چارتی ژماره ١٥ )

ڕێژەی دەنگی لیستەکان لە هەڵبژاردنی پارێزگای هەولێر 2005







ج- پارێزگای دهۆك لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥ سەبارەت بە پارێزگای دهۆکیش کە ڕێژەی کورسییەکانی (٤١) کورسییەو (٧) لیست بەشداریان تێدا کردبوو لەهەڵبژاردنەکەدا کە (٣٨٣٢٦٥) کەس دەنگیان دابوو، تەنها (٣) لیست توانیان کورسی مسۆگەر بکەن ئەوانی تر دەنگی پێویستیان نەهێنا، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپلەی یەکەمدا بوون، کە (٣٠٢١٣٣ ) دەنگی بەدەستهێنابوو بە ڕێژەی (٧٨،٨٪) دەنگەکانو (٣٣) کورسی ئەنجوومەنو لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەپلەی دووەمدا بوو، کە (٣٥٦٧٥) دەنگی بەدەستهێنابوو بەرێژەی (٩،٥٠٪) و(٤ ) کورسی ئەنجوومەنو لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەپلەی سێیەمدابوو بە (٣٥٤٨٣) بەرێژەی (٩،٢٦٪)و (٤) کورسی ئەنجوومەن."١٢" (بڕوانە چارتی ژمارە ١٦ )

### خشتەی ژمارە ٣٢

| ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥ - دهۆك | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی لیستەکان | کۆی دەنگەکان | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٠٢١٣٣ | ٪٧٨,٨ | ٣٣ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٥٦٧٥ | ٪٩,٥٠ | ٤ |
| ٣ | نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٤٨٣ | ٪٩,٢٦ | ٤ |
| ٤ | لیستی رافیدەینی نیشتیمانی | ٤٩١٩ | ٪١,٢٨ | |
| ٥ | حیزبی شیوعی کوردستان | ١٣٨٤ | ٪٠,٣٦ | |
| ٦ | حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | ٢٤٤٥ | ٪٠,٦٣ | |
| ٧ | پارتی یەکێتی دیموکراتی کلدانی | ١٢٢٦ | ٪٠,٣٢ | |
| | کۆی گشتی دەنگەکان | ٣٨٣٢٦٥ | ٪١٠٠ | ٤١ |

## (چارتی ژمارە ١٦)






## سێیەم / بەراوردی هەڵبژاردنی ١٩٩٢و ٢٠٠٥


ئەگـــەر بەراوردێك بكەیـــن لەنێوان هەردوو هەڵبژاردنـــی ١٩٩٢و ٢٠٠٥ گۆڕانێك لەنەخشەی سیاسی هێزەکان دەبینرێت، بەڵام بە شێوەیەکی زۆرنا، لەبەرئەوەی کوردستان خاوەنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز نەبوو لەوکاتەدا، بەڵام هەندێك هێزی نوێ هاتنە کایەوە لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دا پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردســـتان (٨٦١٧١٢) دەنگەکانیان هێنا بەرێـــژەی (٨٩،١٪)، لایەنەکانـــی دیکەش لــە(١٠٥٥١٧) دەنگ بەرێژەی (١٠،٩٪)، بـــەڵام لەهەڵبژاردنـــی پارێزگاکانـــی ٢٠٠٥دا کە ( ١٧٦٧٩٩٣) هاوڵاتـــی دەنگیاندابـــوو یەکێتیو پارتـــی (١٥٠٧٠٢٧) دەنگیـــان هێنابوو بەرێـــژەی (٨٥،٢٪) دەنگەکانیان هێنـــاوە، لایەنەکانی دیکەش (٢٦٠٩٦٦) بەرێژەی (١٤،٨٪)، واتا دەنگی یەکێتیو پارتی لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠٠٥ بەرێژەی لە(٤٪) کەمی کردووەو ڕێژەی لایەنەکانی دیکە بەرێژەی (٤٪) زیادیکردووە. (بڕوانە چارتی ژمارە ١٧).

### خشتەی ژمارە ٣٣

| هەڵبژاردنی ١٩٩٢ | | | | هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکێتی و پارتی | | لایەنەکانی تر | | یەکێتی و پارتی | | لایەنەکانی تر | |
| ٨٦١٧١٢ | ٪٨٩,١ | ١٠٥٥١٧ | ٪١٠,٩ | ١٥٠٧٠٢٧ | ٪٨٥,٢ | ٢٦٠٩٦٦ | ٪١٤,٨ |

**(چارتی ژمارە ١٧ )**

**جیاوازی دەنگی لیستەکان لە هەڵبژاردنی 1992و 2005دا**






**چوارەم/ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٠٥**

هاوکات لە(٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو کە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی لەخۆدەگرت توانی (٢١٧٥٥٥١) دەنگ بەدەستبهێنێت بەڕێژەی (٢٥٪)و (٧٥) کورسی لەپەرلەمانی عێراق، هاوکات لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش توانی (٢) کورسی بەدەست بهێنێت. واتا لەکۆی (٢٧٥) کورسی ئەنجوومەنی نوێنەران کورد (٧٧) کورسی هەبوو بەڕێژەی (٢٨٪)ی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

دواتریش لە(٢٠٠٥/١٢/١٥) هەڵبژاردنێکی دیکەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو، کە (٣٢٦) لیستو لایەنو کەسایەتی بەشدارییان تێداکرد، کە تیایدا لیستی هاوپەیمانی کوردستانی زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی لەخۆگرتوو، یەکگرتووی ئیسلامیش بە لیستی سەربەخۆ بەشداریان کردو لە(٢٠٠٥/١٢/٦) سەرجەم بارەگاکانیان لەناوچەی بادینان سووتێنرا کە لەو کاتەدا یەکگرتووی ئیسلامیی لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تاوانبارکرد بە سووتانی بارەگاکانیان.

لەو هەڵبژاردنەدا بەپێی راگەیەنراوی کۆتایی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لیستی هاوپەیمانی کوردستانی رێژەی (١٩,٢٧٪)ی دەنگەکانی عێراقی بەدەستهێناو (٥٣) کورسی لەکۆی (٢٧٥) کورسی پەرلەمانی کوردستانی مسۆگەرکرد واتا لەماوەی ١١ مانگدا دەنگی هاوپەیمانی کوردستان نزیکەی (٦٪) دابەزی بەو پێیەی لەهەڵبژاردنی (٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥) دا (٢٥٪) کورسییەکانی بەدەستهێنابوو، هاوکات لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش (١,٨٢٪) ی دەنگەکانی بەدەستهێناو (٥) کورسی پەرلەمانی عێراقی مسۆگەرکرد.

بەو پێیەش کورسییەکانی کورد لەهەڵبژاردنی ١٥ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ بووە (٢١,٩٪)و (٥٨) کورسیو لەهەڵبژاردنی (٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥)دا (٢٥٪)و (٧٥) کورسییەکانی بەدەستهێنابوو.

**خشتەی ژمارە ٣٤**

| هەڵبژاردنی ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ | | هەڵبژاردنی ١٥ کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ | |
|---|---|---|---|
| کورسی کورد | ڕێژەی کورسیەکانی کورد | کورسی کورد | ڕێژەی کورسیەکانی کورد |
| ٧٥ | ٪٢٨ | ٥٨ | ٪٢١,٩ |



# دەروازەی شەشەم
# هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ /٧/٢٥

**یەکەم / هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان**
**دووەم/ لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢و ٢٠٠٩ دا**
**سێیەم/ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ٢٠٠٩**
**چوارەم/ بەراوردی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ١٩٩٢ - ٢٠٠٩**
**پێنجەم/ کاردانەوەی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ / ٧/ ٢٠٠٩**

## یەکەم / هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

ئـەم هەڵبژاردنە لـەدۆخو کەشو هەوایەکی گونجاودا بـوو، بەتایبەتیش بۆ دەرخســتنی ســەنگی راســتەقینەی هێزوو لایەنەکانی کوردستان، بەو پێوەدانگەی کە کەشــی ئەمنییو دۆخی ئابووریی‌و سیاسییو کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردســتان لەباربوو بۆ هەڵبژاردن، لە٧/٢٥دا لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســتان هەڵبژاردنی ســەرۆکایەتی هەرێمیش ئەنجامدرا، لەهەڵبژاردنــی پەرلەمانی کوردســتاندا کە (٢٤) لیســتو هاوپەیمانێتیو کەسایەتی بەشداریان تێدا کردو (١٨٧٦١٩٦) هاوڵاتی لەسێ پارێزگاکەی هەرێم دەنگیاندا، تیایدا لیســتی کوردســتانی کە (یەکێتیو پارتیو چەند هێزێکی تری لەخۆ دەگرت) لەپلەی یەکەمدا هات بە (١٠٧٦٣٧٠) بە ڕێژەی (٥٧،٣٧٪)و بەدەســتهێنانی (٥٩) کورســی، لیســتی گۆڕان لەپلەی دووەم هات بە (٤٤٥٠٢٤) بەڕێژەی (٢٣،٧٢٪)و بەدەســتهێنانی (٢٥) کورســی، لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازیی کە (لە یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیســلامییو زەحمەتکێشــانو سۆسیالیســت پێکهاتبوو) بەبەدەستهێنانی (٢٤٠٨٤٢) لەپلەی سێیەمدایە بەڕێژەی (١٢،٨٤٪)و (١٣) کورسی، هاوکات لیســتی بزووتنەوەی ئیســلامیی (٢٧١٤٧) دەنگی بەدەســتهێنا بەڕێژەی (١،٤٥٪)و (٢) کورسی بەدەستهێنا، لیستی ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتیی (حیزبی شیوعیو چەند گرووپێك)، (١٥٠٢٨) دەنگ بەڕێژەی (٠،٨٠٪)و (١) کورسی بەدەستهێنا.




## خشتەی ژمارە ٣٥

| ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٠٩ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی لیست | ناوی قەوارەو لیستەکان | کۆی دەنگەکان | ڕێژەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
| ٥٤ | لیستی کوردستانی | ١٠٧٦٣٧٠ | ٪٥٧,٣٧ | ٥٩ |
| ٥٥ | ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی | ١٥٠٢٨ | ٪٠,٨٠ | ١ |
| ٥٧ | لیستی گۆڕان | ٤٤٥٠٢٤ | ٪٢٣,٧٢ | ٢٥ |
| ٥٨ | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | ٢٧١٤٧ | ٪١,٤٥ | ٢ |
| ٥٩ | لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی | ٢٤٠٨٤٢ | ٪١٢,٨٤ | ١٣ |
| ٦٧ | لیستی رافیدەین | ٥٦٩٠ | ٪٠,٣٠ | ٢ |
| ٦٨ | مجلس الشعبی لکلدانی السریانی الاشوری | ١٠٥٩٥ | ٪٠,٥٦ | ٣ |
| ٦٩ | الحرکة الدیموقراطیة الترکمانیه | ١٨٤٦٤ | ٪٠,٩٨ | ٣ |
| ٧٠ | لیستی تورکمانی هەولێر | ٣٩٠٦ | ٪٠,٢١ | ١ |
| ٧٢ | قائیمه اصلاح الترکمانی | ٧٠٧٧ | ٪٠,٣٨ | ١ |
| ٧٤ | ارام شاهین داود باکویان | ٤١٩٨ | ٠,٢٢ | ١ |
| | کۆی گشتی دەنگەکان | ٦٤٧٩٩٤ | ٪١٠٠ | ١١١ |

**(چارتی ژماره ١٨ )**

ڕێژەی دەنگی لیستەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 2009






**دووەم/ لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢و ٢٠٠٩ دا**


بەهۆی چەندیـــن گۆڕانکاریی سیاســـیو کۆمەڵایەتـــی لەدۆخی هەرێمی کوردستاندا لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩و ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا گۆڕانکاریی گەورە لەنەخشەی سیاســـی هێزەکاندا دروستبووە. بەو پێیەی هێزی نوێو ئۆپۆزســـیۆنی نوێ لەدایکبوو، کە بۆ یەکەمجار بوو بەشـــداری هەڵبژاردن بکاتو (٤٤٥٠٢٤) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (٢٣،٧٢٪)و بەدەستهێنانی (٢٥) کورسی، لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٩دا بەراورد بە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ڕێژەی دەنگی یەکێتیو پارتـــی بەڕێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێـــتو لایەنەکانی تر سەردەکەوێت بەو پێیەی لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٩ دا کە (١٨٧٦١٩٦) هاوڵاتی لەسێ پارێزگاکەی هەرێم دەنگیاندا، تیایدا لیستی کوردستانی کە لە(یەکێتیو پارتی) پێکهاتبـــوو (١٠٧٦٣٧٠) بەڕێژەی (٥٧،٣٧٪) تیادا لایەنەکانی تری دەرەوەی پارتـــیو یەکێتی (٧٩٩٨٢٦) دەنگیان هێناوە بەڕێژەی (٤٣،٦٣٪). بەو پێیەی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا پارتی دیموکراتی کوردســـتانو یەکێتی نیشـــتیمانی کوردســـتان (٨٦١٧١٢) دەنگەکانیان هێنا بەڕێژەی (٨٩،١٪)و لایەنەکانی دیکەش لە(١٠٥٥١٧) دەنگ بەڕێژەی (١٠،٩٪). (بڕوانە چارتی ژماره ١٩).

**خشتەی ژماره ٣٦**

| هەڵبژاردنی ١٩٩٢ | | | | هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ | | | | هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکێتی و پارتی | | لایەنەکانی تر | | یەکێتی و پارتی | | لایەنەکانی تر | | یەکێتی و پارتی | | لایەنەکانی تر | |
| ٨٦١٧١٢ | ٪٨٩،١ | ١٠٥٥١٧ | ٪١٠،٩ | ١٥٠٧٠٢٧ | ٪٨٥،٢ | ٢٦٠٩٦٦ | ٪١٤،٨ | ١٠٧٦٣٧٠ | ٪٥٧،٣٧ | ٧٩٩٨٢٦ | ٪٤٣،٦٣ |

## (چارت ژمارە ١٩)

جیاوازی دەنگی لیستەکان لە هەڵبژاردنی 1992و 2005و 2009دا







لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ دا نەخشەی سیاسی حیزبەکانی لەهەرێمی کوردستان گۆڕی، بە جۆرێك کە هاوسەنگی هێزی لەهەرێمدا لەنێوان دوو حیزبی زلهێزدا گۆڕی، ئەم هەڵبژاردنە سیستمی (پەنجا بە پەنجا)ی گۆڕی بەو پێیەی لەدوای یەکەم ئەزموونی هەڵبژاردندا یەکێتیو پارتی پەرلەمانو سەرجەم پۆستەکانیان دابەشکرد، بەڵام لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥وە هۆڵی پەرلەمان لەسیستمی دابەشکردنی (پەنجا بە پەنجاوە) گۆڕا بۆ فراکسیۆنو لیستی جیاواز لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا پەرلەمانی کوردستان پێکهاتبوو لە(٥٠) کورسی بۆ پارتی (٥٠) کورسی بۆ یەکێتی، بەڵام لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ وە کورسییەکانی پەرلەمان تەنها ٥٩ کورسی بۆ یەکێتیو پارتیو (٢٥) کورسی بۆ گۆڕانو (١٣) کورسی بۆ خزمەتگوزارییو چاکسازییو (٢) کورسی بۆ بزووتنەوەی ئیسلامییو (١) کورسی بۆ ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتیی. (بڕوانە چارتی ژمارە ٢٠).

## خشتەی ژمارە ٣٧

| کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان | | | |
|---|---|---|---|
| هەڵبژاردنی ١٩٩٢ | | هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ | |
| یەکێتی و پارتی | لایەنەکانی تر | یەکێتی و پارتی | لایەنەکانی تر |
| ١٠٠ | ٠ | ٥٩ | ٤١ |

## (چارتی ژمارە ٢٠)

جیاوازی کورسی پارلەمان لە نێوان هەڵبژاردنی 1992و 2009دا






## سێیەم/ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ٢٠٠٩

هـــاوكات لەگــەڵ هەڵبژاردنـــی پارلەمانی كوردســـتاندا لـــە٢٠٠٩/٧/٥٧ هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێمیش ئەنجامدرا ئەویش بە پشتبەستن بە یاسای ژمارە (١)ی ســاڵی ٢٠٠٩ كە هەمواركراوی دووەمی یاسای سەرۆكایەتییە، كە لــەرۆژی ٢٠٠٩/١/٢١ لەپەرلەمانی كوردســـتان دەركــراوەو هەمواری دووەمی یاســای ژمارە (١) ی یاسای ســەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراقە."١٤"

لە هەڵبژاردنی ســەرۆكی هەرێمی كوردستاندا كە (٥) پاڵێوراو ناوی خۆیان تۆماركــردوو چوونــە كێبەركێی هەڵبژاردنــەوە كە ئەوانیــش بریتیبوون لە(ئەحمەد محەمەد رەسـوڵ نەبی، مەسـعود بارزانی، حسـێن گەرمیانی، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، د. كەمال میراودەلی).


بەپێــی ئەنجامــی كۆتایــی هەڵبژاردنی ســەرۆكی هەرێم، كــە لەلایەن كۆمسیۆنی باڵای ســەربەخۆی هەڵبژاردنەكانەوە لە٢٠٠٩/٨/٧ راگەیەندرا (١٨١٩٦٥٢) كەس دەنگیاندا، تیایدا مەسعود بەرزانی (١٢٦٦٣٩٧) دەنگی بەدەســتهێناو بەڕێژەی(٦٩,٦٪) سەركەوتنی بەدەستهێناوەو بووە سەرۆكی هەرێمی كوردســتان، هەریەك لەد. كەمــال میراودەلی (٤٦٠٣٢٣) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (٢٥,٣٪) لەپلەی دووەمدا بوو، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد (٦٣٣٧٧) دەنگ بەڕێژەی (٣,٥٪) دەنگەكانی بەدەستهێناو ئەحمەد محەمەد رەسوڵ نەبی (سەفین حاجی شێخ محەمەد) توانی (١٨٨٩٠) دەنگ بەڕێژەی (١,٠٣٪)و حســێن گەرمیانــی (١٠٦٦٥) ریـــژەی (٠,٥٨٪)ی دەنگەكانــی بەدەستهێنا."١٥"

### خشتەی ژمارە ٣٨

| ئەنجامی كۆتایی هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان ٢٠٠٩ | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی لیست | ناوی پاڵێوراو | كۆی دەنگەكان | ڕێژەی دەنگ |
| ١١ | ئەحمەد محەمەد رەسول نەبی (سەفین حاجی شێخ محەمەد) | ١٨٨٩٠ | ٪١,٠٣ |
| ١٢ | مەسعود بەرزانی | ١٢٦٦٣٩٧ | ٪٦٩,٦ |
| ١٣ | حسین گەرمیانی | ١٠٦٦٥ | ٪٠,٥٨ |
| ١٤ | هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد | ٦٣٣٧٧ | ٪٣,٥ |
| ١٥ | د. كەمال میراودەلی | ٤٦٠٣٢٣ | ٪٢٥,٣ |
| كۆی گشتی | | ١٨١٩٦٥٢ | ٪١٠٠ |

**(چارتی ژمارە ٢١)**

ئەنجامی دەنگی هەڵبژاردنی کاندیداکانی سەرۆکی هەرێم 2009






## چوارەم/ بەراوردی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ١٩٩٢ بۆ ٢٠٠٩

لەگەڵ ئەوەی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩و ٢٠٠٩/٧/٢٥دا جیاوازە بەو پێیەی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا سەرۆك بەناوی (رابەری رزگاریخوازی گەلی کوردستان) بوو، کە بەپێی یاسایی ژمارە (٢) ی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان بەناوی یاسای هەڵبژاردنی رابەری رزگاریخوازی گەلی کوردستانەوە بوو، بەڵام هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەساڵی ٢٠٠٩ بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩ کە هەموارکراوی دووەمی یاسای سەرۆکایەتییە، لەرۆژی ٢٠٠٩/١/٢١ لەپەرلەمانی کوردستان دەرکراوە، ئەگەر بەراوردێکی ئاستی دەنگدانەکەی هەردوولا بکەین کە لەیەکەمیاندا (٤) کاندید هەبوون بۆ پۆستی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، ئەوانیش (جەلال حسامەالدین تالەبانی، مەحمود عەلی عوسمان، مەسعود مستەفا بارزانی، عوسمان عبدالعزیز محەمەد) کە هیچیان دەنگی پێویستیان نەهێنا کە (٥٠ + ١)ە، بەڵام لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٩ دا (٥) کەس خۆیان کاندید کرد بۆ سەرۆکی هەرێم، ئەوانیش (ئەحمەد محەمەد رەسول نەبی، مەسعود بەرزانی، حسێن گەرمیانی، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، د. کەمال میراودەلی) تیادا مەسعود بارزانی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام بەدەنگی (پارتیو یەکێتی) کە لەهەڵبژاردنی یەکەمدا هەرلایەنەو کاندیدی خۆی هەبوو، بۆیە بۆ بەراورد کردنی ١٩٩٢ بە ٢٠٠٩، دەنگی (جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانی) لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ یەکدەخەینو پاشان لەگەڵ هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ بەراوردی دەکەین، بەم شێوەیە.

له هەڵبژاردنی ١٩٩٢دا هەریەکە لەجەلال تاڵەبانی (٤٤١٠٥٧) بەڕێژەی (٤٤,٩٪)و مەسعود بارزانی (٤٦٦٨١٩) دەنگ بەڕێژەی (٤٧,٥٪) بە هەردووکیان دەکاتە (٩٢,٤٪)ی دەنگەکانیان هێناوە، کە ئەم ڕێژەیە دەکاتە دەنگیو پارتی یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی رابەر لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا، بەڵام لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٩دا کە مەسعود بارزانی کاندیدی لیستی کوردستانی (پارتیو یەکێتی) بوو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم توانی (١٢٦٦٣٩٧) بەڕێژەی (٦٩,٦٪)ی دەنگەکان بهێنێت بەو پێیەی لەنێوان هەڵبژاردنی رابەر لە١٩٩٢و تا هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ ی سەرۆکی هەرێم، ڕێژەی دەنگی کاندیداکانی (پارتیو یەکێتی) بۆ پۆستی سەرۆك بەڕێژەی (٢٢,٨٪) دابەزیوە لەبەرامبەریشدا کاندیدی لایەنەکانی تر کە لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دا (٧,٦٪) دەنگەکانیان هێناو لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٩ دا (٣٠,٤٪)ی دەنگەکانیان هێنا بەڕێژەی (٢٢,٨٪) سەرکەوتووە.

گەر بەراوردی ناوچەکان بکەینو چەند بنکەیەکی دەنگدان وەربگرین، (دیاریکردنی ئەو بنکەکانە بۆ نموونەکە ناراستەوخۆ بووەو بێ هیچ لەبەرچاوگرتنێك) لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢و ٢٠٠٩دا دەبینین، لەپارێزگای سلێمانی دوو ناوەندی دەنگدان وەربگرین کە (سەرجەمیان لەسایتی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڵاوکراوەتەوە) لە٢٠٠٩داو لەناوەندی دەنگدانی ژمارە (٢٦٤٠١٢) مەسعود بارزانی (١٢١) دەنگی هێناوە کاندیدی رکابەری کە د. کەمال میراودەلییە (١٨٨) دەنگی هێناوە، هاوکات لەناوەندی دەنگدانی (٢٧٤٠٠٧) مەسعود بارزانی (١٤٠) دەنگی هێناوە، بەڵام د. کەمال میراودەلی (٢١٤) دەنگی هێناوە."١٩"

بەڵام لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دوو بنکەی سلێمانی وەربگرین لەبنکەی هەڵبژاردنی (٣٠) جەلال تاڵەبانی (٦١٥٥) دەنگی هێناوە، بەڵام مەسعود بارزانی رکابەری (٩١٩) دەنگی هێناوە، هاوکات لەبنکەی هەڵبژاردنی (٤٢) جەلال تاڵەبانی(١٥٢١)دەنگی هێناوە، بەڵام مەسعود بارزانی رکابەری (١١٥٩) دەنگی هێناوە.

واتا لەهەردوو بنکەی دەنگدانەکەدا لەپارێزگای سلێمانی لەنێوان ١٩٩٢ بۆ ٢٠٠٩، رکابەری مەسعود بارزانی لەپێشەوە بووە بە دووقات زیاتر.



سەبارەت بە پارێزگای هەولێرو ئەگەر دوو ناوەندی دەنگدان وەك نموونە وەربگرین لەناوەندی دەنگدانی ژمارە (٢١٦٠١٢) مەسعود بارزانی (٢٣٩) دەنگی هێناوە کاندیدی رکابەری کە د. کەمال میراودەلییە (٩٤) دەنگی هێناوە، هاوکات لەناوەندی دەنگدانی (٢١٥٠٠٨) مەسعود بارزانی (٢٥٤) دەنگی هێناوە، بەڵام د. کەمال میراودەلی (٧٣) دەنگی هێناوە.

بەڵام لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دوو بنکەی هەولێر وەربگرین بەهەمانشێوەی سلێمانی هەمان ژمارەی بنکە وەربگرین بنکەی هەڵبژاردنی (٣٠) وەربگرین جەلال تاڵەبانی (٢٥٦١) دەنگی هێناوە، بەڵام مەسعود بارزانی رکابەری (١٩٢٠) دەنگی هێناوە، هاوکات لەبنکەی هەڵبژاردنی (٤٢) جەلال تاڵەبانی (٣١١٧)دەنگی هێناوە، بەڵام مەسعود بارزانی رکابەری (٣٢٥٢) دەنگی هێناوە.

واتا لەپارێزگای هەولێر کێبەرکێکە لەنێوان کاندیدە رکابەرەکاندا زۆر دوور نییە، دەشێت هەڵوێستو بارودۆخەکان گۆڕانکاریی لەئاستی دەنگادنەکەدا بکەنو دەنگی ئەو پارێزگایە بەتەواوی یەکلانەبووەتەوە بۆ هیچ لایەنێکی دیاریکراو.

سەبارەت بە پارێزگای دهۆکیش ئەگەر دوو ناوەندی دەنگدان وەك نموونە وەربگرین لەناوەندی دەنگدانی ژمارە (٢٤١٠٠٩) مەسعود بارزانی (٣٧٥) دەنگی هێناوە کاندیدی رکابەری کە د. کەمال میراودەلییە (٢٣) دەنگی هێناوە، هاوکات لەناوەندی دەنگدانی (٢٣٤٠١٠) مەسعود بارزانی (٣٥٠) دەنگی هێناوە، بەڵام د. کەمال میراودەلی (١٣) دەنگی هێناوە.

بەڵام لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دوو بنکەی دهۆك وەربگرین بەهەمانشێوەی سلێمانیو هەولێر هەمان ژمارەی بنکە وەردەگرین، لەبنکەی هەڵبژاردنی (٣٠)، جەلال تاڵەبانی (٣٧٤) دەنگی هێناوە، بەڵام مەسعود بارزانی رکابەری (٢٣١٠) دەنگی هێناوە، هاوکات لەبنکەی هەڵبژاردنی (٤٢) جەلال تاڵەبانی (٦٥٩)دەنگی هێناوە، بەڵام مەسعود بارزانی رکابەری (٤٥٥٢) دەنگی هێناوە.

بەو پێیەش لەهەردوو هەڵبژاردنی ١٩٩٢و ٢٠٠٩ ی سەرۆکایەتی لەکوردستان، پارێزگای دهۆك بۆ کاندیدای پارتی یەکلابووەتەوەو پارێزگای سلێمانیش بۆ کاندیدای رکابەری یەکلابووەتەوە، پارێزگای هەولێریش لەنێوان هەردوولادایەو دەنگی یەکلاکەرەوەیەو خۆی بەلای هیچ کادیدو لایەنێکدا بەتەواوی یەکلانەکردووەتەوە.

## پێنجەم/ کاردانەوەی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ / ٧/ ٢٠٠٩

لە دوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ / ٧/ ٢٠٠٩ هێزوولایەنە سیاسییەکانو چاودێرانی نێودەوڵەتیی تێبینیو سەرنجی خۆیان خستەڕوو لەگرنگترین کاردانەوەکانی ئەو هەڵبژاردنانە:

١- قاسم عەبودی ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند: بەهۆی بوونی سکاڵا لەسەر ژمارەیەکی زۆری ویستگەکانی دەنگدانو دواتر خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی سکاڵا، بڕیارماندا بە رەتکردنەوەی دەنگی (٤٠) ویستگەی هەڵبژاردن."١٦"

هاوکات حەمدیە حوسێنی ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەکاتی راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ لەبەرواری ٢٠٠٩/٨/٧ رایگەیاند نزیکەی (٧٠٠) سکاڵا تۆمار کراونو کە (٤٢)یان سکاڵای سوورنو هاوکات سکاڵا لەسەر نزیکەی (٣٠٠) وێستگەی دەنگدان تۆمارکراوە.

٢- گۆڤاری ئیکۆنۆمیست، بڵاویکردەوە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمدا ساختەکاریی لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی زۆر کراوەو هەندێك کەس پتر لە٢٠ جار دەنگیانداوە."١٧"

٣- هاوکات لەدوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، پرسی نانبڕین یاخود سزای سیاسی بەرامبەر بە ژمارەیەك لەکارمەندو فەرمانبەرانی حکومەت ئەنجامدرا لەبەرامبەر ئەوەی دەنگیان بە ئۆپۆزسیۆن دابوو، بەپێی وتەی پەیام ئەحمەد رێکخەری کاروباری نانبڕاوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان (لە دوای هەڵبژاردنی ٧/٢٥ی پەرلەمانەوە زیاتر لە٤ هەزار کەسیان لەنێو حکومەتدا سزادراون، پەیام ئەحمەد ئاماژەی بەوەشداوە کە پارتی دیموکراتی کوردستانیش ١٣٥ کەسی لەناو هێزەکانی زێرەڤانیو فەلەك نانبڕاوکردووە، هاوکات عومەر عەبدولعەزی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لەپەرلەمانی کوردستان رایگەیاند : ٥٠٠ کادرو لایەنگرانیان سزای سیاسی دراون، لەلایەن خۆشییەوە بیلال سلێمان پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی رایگەیاند نانبڕاوەکانی کۆمەڵو یەکگرتوو ٦٠٠ کەسن."١٨"



٤- هاوکات ئەو هەڵبژاردنە گۆڕانکاریی لەنەخشەی سیاسی هێزەکاندا دروستکرد، بەو پێیەی هێزی ئۆپۆزسیۆنی لەکوردستان کاراترکردو کوردستانی کردە دووبەرە، بەرەیەکیان دەسەڵاتە کە لە(پارتیو یەکێتیو چەند حیزبێکی بچووك پێکدێن)و تەواوی پۆستە باڵاکانو دەسەڵاتی سیاسی لەلای ئەوانە، بەرەی دووەمیش کە ئۆپۆزسیۆنە لە(بزووتنەوەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی) پێکدێت کە لەدەرەوەی دەسەڵاتن.

## دەروازەی حەوتەم
## هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧

**یەکەم/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٠/٣/٧**
**أ- پارێزگای هەولێر لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠١٠**
**ب- پارێزگای سلێمانی لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠١٠**
**ج- پارێزگای دهۆك لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠١٠**

**دووەم/ نەخشەی سیاسی حیزبەکان لەنێوان هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢و ٢٠١٠**



### یەکەم/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٠/٣/٧

لەگەڵ ئەوەی لەم شیکاریی‌و لێکۆڵینەوەیەدا تەنها تەرکیز دەخەینە سەر هەڵبژاردنەکانی کوردستان، وئەو گۆڕانکارییانەی کە لەهێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا دروستیکردووە، بەڵام لەبەرئەوەی بتوانین بەراوردێکی راستو دروست لەنێوان دەنگی حیزبەکان لەهەڵبژاردنەکاندا بکەین، پێویستە هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەربگرین تەنها پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەو پێیەی لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥و ٢٠٠٩ شدا هێزەکان بەتەنهاو بە لیستی جیا بەشداریان نەکردووە تا دەنگی راستەقینەی خۆیان دەرکەوێتو بەراوردێکی راستو دروست بکەین بەتایبەتیش (یەکێتی‌و پارتی لەهەردوو هەڵبژاردنی ٢٠٠٥و ٢٠٠٩ بەیەك لیست دابەزین)، بۆیە لێرەوە دەنگی پارێزگاکانی هەرێم لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ وەردەگرین‌و پارێزگا بە پارێزگا بەراوردی دەکەین بە هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩، تا بەشێوەیەکی ووردو روون بێتەوە کە ئایا هەڵبژاردن کاریگەری لەسەر نەخشەی سیاسی هێزەکان هەیە یان نا؟
لە هەڵبژادنی ٢٠١٠/٣/٧ دا لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (٢٥٩٠٢٧٤) مافی دەنگدانیان هەبووە، بە پێی راگەیەنراوی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان (١٩٣٨٧٥٤) کەسیش دەنگیانداوە، واتا رێژەی دەنگدان (٧٤،٨٪) بەجۆرێك لەهەولێر (٩١٧٦٨٥) مافی دەنگدانیان هەبووەو (٦٨٠٤٠٨) دەنگیداوە بە رێژەی (٧٤،١٪)، لەسلێمانی (١٠٩٨٤٥١) کەس مافی دەنگیدانیان هەبووەو (٨٣٣٦٣١) دەنگیانداوە، بەرێژەی (٧٥،٩٪)و لەدهۆکیش کە (٥٧٤١٣٨) مافی دەنگدانیان هەبووەو (٤٢٤٧١٥) کەس دەنگیانداوە بەرێژەی ( ٧٣،٩٧٪)."٢٠"
لەسەرجەم ئەو لیستانەی کە بەشدارییان کرد لەسێ پارێزگاکەی کوردستان تەنها (٥) لیست دەنگی کورسی بۆخۆی مسۆگەر کرد، بۆیە کۆمسیۆن تەنها دەنگی ئەوانی ئەژمار کرد، بۆ نموونە لەتێکڕای ئەوانەی دەنگیاندا هەبوو لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (١٩٣٨٧٥٤) کەس بوو، بەڵام ئەو لایەنانەی کە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا (١٨٥٣٩٠٥) دەنگیان هێنا، بەڵام ژمارەیەك لیست سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا هەرچەندە ژمارەیەك دەنگیان هێنا، بۆیە (رێژەی دەنگی لیستەکان بەپێی دەنگدانی گشتی هەرێم وەردەگرین کە (١٩٣٨٧٥٤) کەسە نەك دەنگی گشتیی ئەو هێزانەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، کە (١٨٥٣٩٠٥) بەو پێیە پارتی دیموکراتی

کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان (٦٧٠٩٦٥) دەنگی بەدەستهێنا بەرێژەی (٣٤،٦٪)و بزووتنەوەی گۆڕان (٤٢٥٧٩٣) بەدەستهێناوە بەرێژەی (٢٢٪)، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (٣٩٧٩٢٩) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (٢٠،٥٢٪)، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش (٢١٤٢٢٢) دەنگ بەرێژەی (١١،٥٪)و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش (١٤٤٩٨٧) دەنگ بەرێژەی (٧،٤٧٪)، حیزبی سۆسیالیست (١٠٦٢٠) بەرێژەی (٠،٥٤٪)و بزووتنەوەی ئیسلامیی (٧٤٨١) بەرێژەی (٠،٣٨٪)، حیزبی شیوعی (١٠٧٨٢) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (٠،٥٥٪)، بەڵام ئەم خشتەیەی خوارەوە ناوی چەند حیزبو لیستێکەو ناوی تەواوی حیزبو لیستەکانی تێدانییە، چونکە ئاستی دەنگەکانیان زۆر کەمبووە. (بڕوانە چارتی ژمارە ٢٢).


**خشتەی ژمارە ٣٩**

| ژمارە | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
|---|---|---|---|
| | ڕێژەو ژمارەی دەنگی حیزبەکانی کودستان لە هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ | | |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦٧٠٩٦٥ | ٪٣٤,٦ |
| ٢ | بزووتنەوەی گۆڕان | ٤٢٥٧٩٣ | ٪٢٢ |
| ٣ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٣٩٧٩٢٩ | ٪٢٠,٥٢ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٢١٤٢٢٢ | ٪١١,٥ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی | ١٤٤٩٨٧ | ٪٧,٤٧ |
| ٦ | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ١٠٦٢٠ | ٪٠,٥٤ |
| ٧ | حیزبی شیوعی | ١٠٧٨٢ | ٪٠,٥٥ |
| ٨ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ٧٤٨١ | ٪٠,٣٨ |



**(چارتی ژمارە ٢٢)**

ڕێژەی دەنگی حیزبەکان لە هەڵبژاردنی 2010



أ- پارێزگای هەولێر لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠١٠
بـــۆ هەڵبژاردنـــی ئەنجوومەنـــی نوێنەرانی عێـــراق کە هـــەر پارێزگایەو ژمارەی کورســـی تایبەتی خۆی هەبوو، لەپارێزگای هەولێر کە ١٤ کورسی لەئەنجوومەنـــی نوێنەرانـــی بەردەکەوێـــت (٩١٧٦٨٥) هاوڵاتـــی مافـــی دەنگدانیان هەبووەو (٦٨٠٤٠٨) هاوڵاتیش دەنگبانداوە، لیستی هاوپەیمانی کوردســـتان کە (لە یەکێتـــیو پارتیو ژمارەیەك حیزبی دیکـــە پێکهاتبوو) توانـــی (٤٥٨٤٠٣) دەنگ بەدەســـت بهێنێت (١٠) کورســـی پەرلەمانی بۆ خۆی مســـۆگەر بکاتو کە ئەو دەنگانە دەنگی زیادەی لایەنەکانی تریشـــی چووەتە ســـەر، بەڵام دەنگی راســـتەقینەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان (٣٠٦٧٧٥) دەنـــگ بەڕێـــژەی (٤٥,٠٨٪) دەنگەکان، یەکێتی نیشـــتیمانی کوردســـتان (١٢٤٦٣٢) دەنگی بەدەســـتهێناوە بەڕێـــژەی (١٨,٣٪) کە بە هەردووکیان دەکاتە (٤٣١٤٠٧) ئەوە دەنگەی تریش هی لایەنەکانی تری ناو لیســـتەکەو دەنگی ئەو لیستانەیە کە کورسیان نەهێناوە کە بۆ لیستی زۆرینە دەچێت، لیســـتی گۆڕان توانی (١٠٣٣٩٧) دەنگ بەدەســـت بهێنێت بەڕێژەی (١٥,١٩٪)و (٢) کورســـی پەرلەمانی، لیســـتی کۆمەڵی ئیسلامیی ( ٧٠٦٦٢) دەنگو توانی (١) کورســـی بەدەســـت بهێنێت بەڕێژەی (٩,٢٪)، لیســـتی یەکگرتووی ئیســـلامیی (٥١٠٦٥) دەنگ (١) کورسی بەدەستهێنا بەڕێـــژەی (٧,٥٪)، بەڵام هیچ یەکێك لەلیســـتەکانی تر نەیانتوانی دەنگی پێویست بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.
بەڵام لەســـەر ئاســـتی دەنگی حیزبەکان بـــەو پێیە ی ئەگـــەر حیزبەکان لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتیشدا بووبن دەنگی هەر حیزبەو دەنگی بەکاندیدی خۆیداوە، بۆیە لێرەدا دەنگی راســـتەقینەی سەرجەم حیزبە بەشداربووەکان دەخەینە، بەو پێەیە لەم شیکاریەدا ئێمە کار لەسەر دەنگی حیزبەکان دەکەن لەگەڵ ئەوەی لەخشـــتەکەدا ڕێژەی دەنگی حیزبـــەکان (١٠٠٪) دەرناچێت بـــەو پێیەی دەنگی کۆتاو هەندێك حیزبی بچووکی ناو هاوپەیمانێتییەکانی تیانییە. (بڕوانە چارتی ژمارە ٢٣)




**خشتەی ژمارە ٤٠**

| پارێزگای هەولێر | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٠٦٧٧٥ | ٪٤٥,٠٨ |
| ٢ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ١٢٤٦٣٢ | ٪١٨,٣ |
| ٣ | بزووتنەوەی گۆڕان | ١٠٣٣٩٧ | ٪١٥,١٩ |
| ٤ | کۆمەڵی ئیسلامی | ٦٢٧٠٦ | ٪٩,٢ |
| ٥ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٥١٠٦٥ | ٪٧,٥ |
| ٦ | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ١٥١٩ | ٪٠,٢ |
| ٧ | حیزبی شیوعی | ٦٠٦٧ | ٪٠,٨٩ |
| ٨ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ١١٢٦ | ٪٠,١٦ |
| ٩ | حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٤٨٨٣ | ٪٠,٧ |
| ١٠ | زەحمەتکێشانی سەربەخۆ – ئایینده | | |
| | ماڤی دەنگدان | دەنگدەران | |
| | ٩١٧٦٨٥ | ٦٨٠٤٠٨ | |

## (چارتی ژمارە ٢٣)

ڕێژەی دەنگی حیزبەکان لە هەڵبژاردنی پارێزگای هەولێری 2010







ب- پارێزگای سلێمانی لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠١٠ بەڵام لەپارێزگای سلێمانی کە (١٠٩٨٤٥١) کەس مافی دەنگدانی هەبووەو بەپێی ڕاگەیەندراوی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لەپارێزگای سلێمانی (٨٣٣٦٣١) دەنگیداوە، کە ١٧ کورسی لەپارلەمانی کوردستان بەردەکەوێت، لیســتی گۆڕان (٢٩٨٦٢١) دەنگی مسۆگەر کرد بە (٦) کورسی پەرلەمانی عێراق بەڕێژەی (٣٥،٨٪.)، لیستی هاوپەیمانی کوردستانی (٣٥٠٢٨٣) دەنگی بەدەســتهێنا (٨) کورســی پەرلەمان، بەڵام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (٢٣٧٣٧٩) دەنگو (٥) کورســی بەڕێــژەی (٢٨،٤٧٪)و پارتی دیموکراتی کوردستان (٨٢١٢١) دەنگی بەدەستهێناوە (٣) کورسی بەڕێژەی (٩،٨٥٪)، هاوکات یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (١٠٣١٨٨) دەنگی بەدەستهێناوە (٢) کورسی بەڕێژەی (١٢،٣٧٪)، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان (٧٩١٤٠)و (١) کورســی پەرلەمانی بەدەســتهێناوە بەڕێژەی (٩،٤٩٪) .(بڕوانە چارتی ژمارە ٢٤)

### خشتەی ژمارە ٤١

| ژمارە | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
|---|---|---|---|
| پارێزگای سلێمانی | | | |
| ١ | بزووتنەوەی گۆڕان | ٢٩٨٦٢١ | ٣٥،٨٪ |
| ٢ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٢٣٧٣٧٩ | ٢٨،٤٧٪ |
| ٣ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠٣١٨٨ | ١٢،٣٧٪ |
| ٤ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٨٢١٢١ | ٩،٨٥٪ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی | ٧٩١٤٠ | ٩،٤٩٪ |
| ٦ | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ٧٨٦٨ | ٠،٩٤٪ |
| ٧ | حیزبی شیوعی | ٤٧١٥ | ٠،٥٧٪ |
| ٨ | بزووتنەوەی ئیسلامی | ٦٣٥٥ | ٠،٧٦٪ |
| ٩ | حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٤٧٢٠ | ٠،٥٧٪ |
| ١٠ | زەحمەتکێشانی سەربەخۆ – ئایینده | | |
| | مافی دەنگدان | دەنگدەران | |
| | ١٠٩٨٤٥١ | ٨٣٣٦٣١ | ١٠٠٪ |

## (چارتی ژمارە ٢٤)

ڕێژەی دەنگی حیزبەکان لە هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی 2010







ج- پارێزگای دهۆك لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ٢٠١٠ لە پارێزگای دهۆکیش کە ١٠ کورسی پەرلەمانی بەردەکەوێتو (٥٧٤١٣٨) مافی دەنگدانی هەبووە، (٤٢٤٧١٥) هاوڵاتی دەنگیانداوە، لیستی هاوپەیمانی کوردستـــانی ( ٣٣٢٩٥١) دەنگی بەدەســـتهێناوە توانی توانی (٩) کورسی پەرلەمانی مسۆگەر بکات، کە سەرجەمیان بۆ کاندیداکانی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بوون کە (٢٨٣٠٦٩) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی ( ٪٦٦،٦٤)، هاوکات یەکگرتووی ئیســـلامیی کوردســـتان (٥٩٩٦٩) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (٪١٤،١٢ )و بەدەســـتهێنانی (١) کورســـی، یەکێتی نیشـــتیمانی کوردستان (٣٤٢٢٦) دەنگی بەدەستهێنابوو، بەڵام هیچ کورسییەکی نەبرد (بەڕێژەی (٪٨،٠٦) بزووتنەوەی گۆڕانیش (٢٣٧٧٥) دەنگی مســـۆگەر کرد. (بڕوانە چارتی ژمارە ٢٥).

### خشتەی ژمارە ٤٢

| ژمارە | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ڕێژەی دەنگ |
|---|---|---|---|
| | پارێزگای دهۆك | | |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٨٣٠٦٩ | ٪٦٦,٦٤ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٥٩٩٦٩ | ٪١٤,١٢ |
| ٣ | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٣٤٢٢٦ | ٪٨,٠٦ |
| ٤ | بزووتنەوەی گۆڕان | ٢٣٧٧٥ | ٪٥,٥٦ |
| ٥ | کۆمەڵی ئیسلامی | ٣١٤١ | ٪٠,٧٤ |
| ٦ | حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ١٢٣٣ | ٪٠,٢٩ |
| ٧ | حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٢٠٥٦ | ٪٠,٤٨ |
| | مافی دەنگدان | دەنگدەران | |
| | ٥٧٤١٣٨ | ٤٢٤٧١٥ | ٪١٠٠ |

## (چارتی ژمارە ٢٥)

ڕێژەی دەنگی حیزبەکان لە هەڵبژاردنی پارێزگای دهۆك 2010






## دووەم/ نەخشەی سیاسی حیزبەکان لەنێوان هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢و ٢٠١٠

گەر بەراوردی دەنگی لایەنە سیاسییەکان بکەین لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢و ٢٠١٠ بۆ مان دەردەکەوێت گۆڕانی گەورە لەنەخشەی سیاسی هێزەکاندا روویداوە، بەو پێیەی لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧ دا پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان (٦٧٠٩٦٥) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (٣٤،٦٪)و بەلام لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩دا پارتی دیموکراتی کوردستان (٤٣٧٨٧٩) دەنگی بەدەستهێناوە، بەڕێژەی (٤٥،٠٥٪) بەو پێیەش پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠ ڕێژەی (١٠،١٪) دەنگەکانی لەدەستداوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ دا (٣٩٧٩٢٩) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٢٠،٥٢٪)، بەلام لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا (٤٢٣٨٣٣) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (٤٣،٦٪)، واتا ڕێژەی (٢٣،٠٨٪)ی دەنگەکانی کەمی کردووە، بەو پێیەی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا پارتی‌و یەکێتی ڕێژەی (٨٩،١٪) ی دەنگەگانی کوردستانیان بەدەستهێنابوو، بەلام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠دا ڕێژەی دەنگەکانیان بۆ (٥٥،١٢٪) دابەزی، واتا دەنگی یەکێتی‌و پارتی لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠دا (٣٣،٩٨٪)ی دەنگەکانیان کەمیکردووە.

هاوکات حیزبی سۆسیالیست لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دا (٢٤٨٨٢) دەنگی بەدەستهێنا بوو، بەڕێژەی (٢،٥٦٪)، بەلام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠دا (١٠٦٢٠) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (٠،٥٤٪)، واتا دەنگی حیزبی سۆسیالیست لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠، بەڕێژەی (٢،٠٢٪) دەنگەکانی کەمیکردووە، حیزبی شیوعی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا (٢٤٨٨٢) دەنگی بەدەستهێنا بوو، بەڕێژەی (٢،١٧٪)، بەلام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ دا (٢١١٢٣) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٠،٥٥٪)، واتا دەنگی حیزبی شیوعی لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠، بەڕێژەی (١،٦٢) دەنگەکانی کەمی کردووە، هاوکات بزووتنەوەی ئیسلامیی کە ئەوکات بەناوی لیستی ئیسلامییەوە بوو هەموو گرووپو روانینە ئیسلامییەکانی لەخۆگرتبوولە هەڵبژاردنی ١٩٩٢دا (٤٩١٠٨) دەنگ بەڕێژەی (٥،٠٥٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا بوو، بەلام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠دا (٧٤٨١) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٠،٣٨٪)، واتا دەنگی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠، بەڕێژەی (٤،٦٧٪) دەنگەکانی کەمیکردووە، بەلام ئەوکات

لیستی ئیسلامیی سەرجەم لایەنە ئیسلامییەکانی لەخۆگرتبوو، کە هێشتا هەندێکیان ناوی حیزبیان لەخۆیان نەنابوو، بەڵام کاریان دەکرد بۆیە ئەگەر دەنگی ئەوکاتی لیستی ئیسلامیی کە (٥،٠٥٪) ی دەنگەکانی بەدەستهێنا بوو لەگەڵ دەنگی ئیسلامییەکانی ئەمڕۆدا بەراورد بکەین کە ئەوانیش (یەکگرتووی ئیسلامیی‌و کۆمەڵی ئیسلامیی‌و بزووتنەوەی ئیسلامییە) ئەوا ڕێژەی دەنگەکانیان لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ دا دەکاتە (١٩،٣٥٪) واتا دەنگی ئیسلامییەکان لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠ بەڕێژەی (١٤،٣ ٪) زیادیکردووە. (بڕوانە چارتی ژمارە ٢٦)


**خشتەی ژمارە ٤٣**

| بەراوردی دەنگی لایەنەکان لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ و ٢٠١٠ | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوی لیست | هەڵبژاردنی ١٩٩٢ | | هەڵبژاردنی ٢٠١٠ | | جیاوازی دەنگ | |
| | ژ.دەنگ | ڕێژە | ژ.دەنگ | ڕێژە | زیاد | کەم |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٣٧٨٧٩ | ٪٤٥،٠٥ | ٦٧٠٩٦٥ | ٪٣٤،٦ | | ٪١٠،١ |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٤٢٣٨٣٣ | ٪٤٣،٦ | ٣٩٧٩٢٩ | ٪٢٠،٥٢ | | ٪٢٣،٠٨ |
| حیزبی سۆسیالیستی کوردستان | ٢٤٨٨٢ | ٪٢،٥٦ | ١٠٦٢٠ | ٪٠،٥٤ | | ٪٢،٠٢ |
| حزبی شیوعی | ٢١١٢٣ | ٪٢،١٧ | ٢١١٢٣ | ٪٠،٥٥ | | ١،٦٢ |
| بزووتنەوەی ئیسلامی | ٤٩١٠٨ | ٪٥،٠٥ | ٧٤٨١ | ٪٠،٣٨ | | ٪٤،٦٧ |




**(چارتی ژمارە ٢٦)**

**جیاوازی دەنگەکان لە نێوان هەڵبژاردنی 1992و 2010دا**



لە ئێستاشدا هەرێمی کوردستان لەنێوان دووبەرەی رکابەردا دروستبوون، بەرەیەکیان کە دەسەڵاتەو لە(یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانو چەندی حیزبی بچووکی هاوپەیمانیانەوە پێکهاتووە) بەرەکەی تریشیان ئۆپۆزسیۆنە کە لە(بزووتنەوەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی پێکهاتووە) ئەگەر بەراوردی بکەین دەنگی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠دا (٥٥،١٢٪)ی دەنگەکانی هەرێمی کوردستانەو لایەنەیەنی ئۆپۆزسیۆنیش کە (بزووتنەوەی گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامییو کۆمەڵی ئیسلامیی) پێکهاتووە (٤٠،٩٧٪) دەنگەکانەو دەنگەکانی تریش هی لایەنە کانی ترەکە (٣،٩١٪)ی دەنگەکان پێکدێنن. (بڕوانە چارتی ژمارە ٢٧).

**چارتی ژمارە ٢٧**






سەبارەت بە جیاوازی دەنگی لایەنەکان لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢و ٢٠١٠ دا،

أ- پارێزگای هەولێر

لە پارێزگای هەولێر لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دا پارتی دیموکراتی کوردستان (١٥٢١٤٣) دەنگ بەرێژەی (٤٥،٩٪) بەلام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ دا (٣٠٦٧٧٥) بەرێژەی (٤٥،٠٨٪) واتا رێژەی دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نزیکەی وەك خۆیەتیو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ دروست نەبووە هەرچەندە لەدوای ٣١/ی ئابی ١٩٩٦ەوە ئەو پارێزگایە لەژێر کۆنترۆڵی پارتیدا بووەو سەرجەم دامودەزگاکانی لەلایەن ئەو حیزبەوە کۆنترۆڵکراوە، هاوکات یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا لەو پارێزگایە (١٤٨٣٥٢) دەنگی بەدەستهێناوە بەرێژەی (٤٤،٤٪)، بەڵام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ دا (١٢٤٦٣٢) دەنگ بەرێژەی (١٨،٣٪) واتا یەکێتی لەپارێزگای هەولێر لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠ بەرێژەی (٢٦،١٪) کەمی کردووە، بەڵام لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن کە لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دا هیچیان بەشداریان نەکردوو دانەمەزرابوون، بەلام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ دا ئۆپۆزسیۆن (٣١،٨٩٪) دەنگەکانیان بەدەستهێناوە، بەو پێیەی بزووتنەوەی گۆڕان (١٠٣٣٩٧) دەنگو بەرێژەی (١٥،١٩٪)و کۆمەڵی ئیسلامیی (٦٢٧٠٦) دەنگو بەرێژەی (٩،٢٪)و یەکگرتووی ئیسلامیی (٥١٠٦٥) بەرێژەی (٧،٥٪).


ب- پارێزگای سلێمانی

بەڵام گۆڕانكاریی گەورە لەنەخشەی سیاسی هێزەكاندا لەپارێزگای سلێمانیدا دەركــەوت، كە ناوچەكانــی (كەلار، كفری، چەمچەمــاڵ، دەربەندیخان)یش دەگرێتەوە هەرچەندە لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا ئەو ناوچانە كرابوونە ناوچەیەكی تــری هەڵبژاردن، بەڵام بۆ بەراوردكاریی لەگەڵ هەڵبژاردنی ١٩٩٢ دەنگی ئەو ناوچانە لەگەڵ سلێمانی یەكدەخەین‌و ڕێژەیەكی لێدەردەكەین پاشان بە هەڵبژاردنی ٢٠١٠ی بەراورد دەكەین، چونكە لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ دا ئەو ناوچانە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی پێكەوە هەڵبژاردنی تیاكراوە بەو پێیەش لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا یەكێتی نیشــتیمانی كوردستان (٢٦٠٢٩٧) دەنگی بەدەســتهێناوە بەڕێژەی (٥٩،٤٥٪ )، بەڵام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠دا یەكێتی نیشتیمانی كوردستان (٢٣٧٣٧٩) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٢٨،٤٧٪) واتا لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠ ڕێژەی دەنگی یەكێتی (٣٠،٩٨٪) كەمیكردووە. هاوكات پارتی دیموكراتی كوردستان لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا (١١٧٠٥٣) دەنگی بەدەســتهێناوە بەڕێژەی (٢٦،٧٪)، بەڵام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠دا پارتــی دیموكراتی كوردســتان (٨٢١٢١) دەنگی بەدەســتهێناوە بەڕێژەی (٩،٨٥٪)، واتا لەنێوان هەڵبژاردنی ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠ ڕێژەی دەنگی پارتی لەپارێزگای ســلێمانی (١٦،٨٥٪) كەمیكردووە. بەڵام لایەنەكانی تر بەشــێوەی بەرچاو ڕێژەی دەنگەكانیان بــەرزە بەتایبەتیش ئەو لایەنانەی كە لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دا وەكو لیست بەشداریان نەكردووە. بزووتنەوەی گۆڕان لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ دا لەسلێمانی(٢٩٨٦٢١) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٣٥،٨٪) یەكگرتووی ئیســلامی كوردســتان (١٠٣١٨٨) دەنگی بەدەســتهێناوە بەڕێژەی (١٢،٣٧٪)، كۆمەڵی ئیسلامیش (٧٩١٤٠) دەنگی بەدەستهێناوە بەڕێژەی (٩،٤٩٪)، واتا ڕێژەی دەنگی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن لەپارێزگای ســلێمانی (٥٧،٦٦٪)، بەڵام دەنگی یەكێتی‌و پارتی لەپارێزگای سلێمانی (٣٨،٣٢٪) كە پێشتر (٨٦،١٥٪) بووە بەڕێژەی (٤٧،٨٣٪) دابەزیوە. بەو پێیەش ئــەو ڕێژەیەی تریش دەمێنێتەوە دەنگــی لایەنەكانی ترە كە (٤،٠٢٪). (بڕوانە چارتی ژمارە ٢٨).



**چارتی ژمارە ٢٨**

جیاوازی دەنگی لیستەکان لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان هەڵبژاردنی 1992و 2010دا




## ج-پارێزگای دهۆك

جیاوازیی دەنگی لایەنەکان لەپارێزگای دهۆك لەنێوان هەڵبژاردنی ۱۹۹۲و ۲۰۱۰ دا گۆڕانکاریی بەخۆوە بینیوە بەو پێیەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەهەڵبژاردنـــی ۱۹۹۲ دا (٪۸٥،٥) دەنگەکانی بەدەســـتهێنابوو، بەڵام لەهەڵبژاردنـــی ۲۰۱۰دا دەنگەکانی بـــۆ (٪٦٦،٦٤) دادەبەزێت، بەوپێیەش لەنێوان هەڵبژاردنی ۱۹۹۲و ۲۰۱۰ دا دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان (٪۱۸،٤۸) دابەزیـــوە، بەڵام دەنگەکانی یەکێتـــی لەپارێزگای دهۆك نزیکە لەیەکەوە بەو پێیـــەی لەهەڵبژاردنی ۱۹۹۲ ڕێـــژەی (٪۷،۷)ی دەنگی ئەو پارێزگایـــەی هێناوە، بـــەڵام لەهەڵبژاردنـــی ۲۰۱۰ دا دەنگەکانی بووە بە (٪۸،۰۸) ی دەنگەکان، بەڵام دەنگی لایەنەکانی تر لەهەڵبژاردنی ۱۹۹۲دا ڕێـــژەی (٪٦،۸) بـــووە، بـــەڵام لەهەڵبژاردنی ۲۰۱۰دا دەبێتـــە (٪۲٥،۲۸) بـــەو پێیـــەش دەنگی لایەنەکانی تـــر بەڕێژەی (٪۱۸،٤۸) زیـــادی کردووە بەتایبەتیش یەکگرتووی ئیســـلامیی رکابەری پارتی دەکات لەو پارێزگایەو لەپلەی دووەمدایە بەڕێژەی (٪۱٤،۱۲). (بڕوانە چارتی ژمارە ۲۹)



## چارتی ژمارە ۲۹

جیاوازی دەنگی لیستەکان لە پارێزگای دهۆك لە نێوان هەڵبژاردنی 1992و 2010دا



# دەروازەی هەشتەم
# هەڵبژاردنو ساختەکاریی

**یەکەم/ تەزویرو ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکاندا**
**دووەم/ تەزویرو ساختەکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ دەگۆڕێ**
**سێیەم/ ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا**
**چوارەم/ ساختەکاریی لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠**
**پێنجەم/تەزویر لەرووی یاساییەوە**



## یەکەم/ تەزویرو ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا

پرۆسەی هەڵبژاردن وەك پایەیەکی گرنگی دیموکراسی لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا تاکە رێگەی مومارەسەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە، لەژیانی سیاسیو دیاریکردنی بەرپرسو نوێنەرانی خۆی لەبڕیاری سیاسیدا، بەڵام بەردەوام لەو کۆمەڵگایانەدا حیزبی حاکم یاخود هێزە دەستڕۆیشتووەکان لەرێی ساختەکارییو تەزویرەوە دەنگی هاوڵاتیان لەبەرژەوەندی خۆیان ساختە دەکەن، لەهەرێمی کوردستانیش پرسی تەزویرو ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکاندا بووەتە پرسێکی جیدییو کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنو نەخشەی سیاسی هێزەکان لەهەرێمی کوردستانو عێراق دروستکردووە، ئەگەرچی پرۆسەی هەڵبژاردن لەکوردستاندا بۆ ساڵی ١٩٩٢ دەگەڕێتەوە، بەڵام لەعێراقدا تەزویرو ساختەکاریی مێژوویەکی درێژی هەیە (لە یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردندا کەلە ساڵی ١٩٢٣ ئەنجامدرا بەریتانییەکان لەبەرژەوەندی پێکهاتەی سوننە تەزویرو ساختەکارییان کرد بەو پێیەی لەعێراقدا پێکهاتەی شیعە زیاتر بوونو بەریتانییەکانیش لەگەڵ سەرخستنی پێکهاتەی سوننە بوون، دواتریش لەهەڵبژاردنی ١٩٣٣دا جەودەت روکابی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێراق لەبەرژەوەندی خۆی تەزویری کردو هاوکات جەمیل مەدفەعی لەهەڵبژاردنی ١٩٣٧و نوری سەعید لەهەڵبژاردنی ١٩٣٩ لەبەرژەوەندی خۆیان تەزویریانکرد)."٢١"

بەتایبەتیش لەهەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی عێراقدا کارەکتەرە سیاسییەکان هێزی سەربازییو ناوخۆییان لەو بوارەدا بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا وەزارەتی ناوخۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی دەکردو هەرئەویش سندوقەکانی هەڵبژاردنی دەگواستەوە لەو ساتەشدا هەڵبژاردن چەند رۆژێکی دەخایاندو هیچ جۆرە چاودێرییەکی ناوخۆییو نێودەوڵەتیش نەبووە، بۆیە تەزویرو ساختەکاریی بووە نەریتێکی باوی پارتو کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکانو لەسەرجەم هەڵبژاردنەکانی عێراقدا لەبەرژەوەندی حیزبی حاکمو دەسەڵاتدار ساختەکاریی کراوەو کاریگەریی گەورەشی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبووە.

## دووەم/ تەزویرو ساختەکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ دەگۆڕێت

ئەزموونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەهەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٩٢ کراوەو ئەزموونێکی تا ئاستێك سەرکەوتوو نەبوو چ لەرووی بوونی ساختەکاریی زۆرەوە چ لەرووی ئەوەی سندووقەکانی هەڵبژاردن، لەبری ئەوەی ببێتە ناوەندی یەکلاکردنەوەی کێشەو قەیرانەکان بووە هۆی لێکدابرانی هێزو لایەنەکان، لەیەکەم هەڵبژاردندا کە بڕیاربوو لە١٩٩٢/٥/١٧ بەڕێوەبچێت، دوو رۆژ دواخرا لەو کاتەدا وترا مەرەکەبی هەڵبژاردنەکان لەلایەن هێزێکەوە ساختەکراوەو مەرەکەبی خراپ هێنراوە بۆیە هەڵبژاردن دواخرا.

بەپێی ئەو نامەو راگەیەنراوو بەڵگەنامانەی کە لەبڵاوکراونەتەوە، لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ دا بە جۆرەها شێوە ساختەکاریی‌و تەزویر کراوە لەلایەن هێزو لایەنەکانەوە، لەگەڵ ئەوەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لێکۆڵینەوە لەهەر بنکەو ناوەندێکی دەنگداندا دەکرێت کە رێژەی دەنگدان تێیدا لە(٨٥٪) زیاتر بێت، (هەر وێستگەیەکی دەنگدان رێژەی دەنگدانی (٨٥٪) زیاتر بوو دەچێتە تەحقیق... جگە لەمە لەهەرناوچەیەك رێژەی دەنگی (٨٥٪) زیاتر بێت دەچێتە تەحقیق، کە ئەمانە پێوەری نێودەوڵەتین)."٢٢"

بەڵام بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کە لەلایەن لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە راگەیەنرا، لەپارێزگای دهۆك کە (١٧٨٠٠٠) کەس مافی دەنگدانیان هەبووە، بەڵام لەو پارێزگایە (١٩٨٣٥٢) دەنگیانداوە، واتا رێژەی دەنگدان (١١١,٤٪) بەو پێیەش ئەگەر رێژەی دەنگدان کە لەسلێمانی (٧٧,٦٪) ئاسایی بووەو بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی، ئەگەر رێژەی دەنگدان لەپارێزگای دهۆك (١٠٠٪)یش ئەژمار بکرێت ئەوا (٢٠٣٥٢) دەنگ زیاد دراوەو ساختەکارییە کە رێژەکەی دەکاتە (١١,٤٪)، هەرچەندە بەپێی پاشکۆی وتارێکی نەوشیروان مستەفا ئەمین بەناوی (حیزب‌و حوکم : ئەزموونی کوردستان) ئاماژە بەوە دەکات کە رێژەی دەنگدان لەپارێزگای دهۆك (١٢٤٪) بووە بەو پێیەی ئەگەر لەو پارێزگایە لە(١٠٠٪)ی دەنگدەران دەنگیان دابێت ئەوا نزیکەی (٤٥٠٠٠) زیاتر دەنگیانداوە بەو پێیەی ئەو پارێزگایە (٢٢٣٠٠٠) دەنگیانداوە)."٢٣"

بەو پێیەش ئەو تەزویرەی کراوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی گۆڕی، چونکە لەهەڵبژاردنەکەدا پارتی دیموکراتی کوردستان (٤٣٧٨٧٩) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (٤٥,٠٥٪)و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان



(٤٢٣٨٣٣) دەنگی بەدەستهێنا بەڕێژەی (٤٣,٦٪) ئەگەر ئەو رێژە دەنگە زیادەیەی دهۆکی لێدەرکرێت (٢٠٣٥٢) دەنگی زیاد لە(١٠٠٪) ی دەنگدانە ئەوا دەنگی پارتی دەبێتە (٤٣٧٨٧٩ - ٢٠٣٥٢ = ٤١٧٥٢٧) دەنگ بەو پێیەش کۆی گشتیی دەنگدان دەبێتە (٩٥١٦٠١) واتا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبێتە هێزی یەکەم‌و رێژەی دەنگەکانی دەبێتە (٤٤,٥٪)و پارتی دیموکراتی کوردستانیش رێژەی دەنگەکانی دەبێتە (٤٣,٩٪)و هێزی دووەمی کوردستان.

هاوکات بەپێی زۆرێك لەسکاڵاو نامەو بروسکەی لایەنە سیاسییەکان باس لەدەستتێوەردان‌و دەنگیدانی دووبارە دەکەن، لەگەڵ ئەوەی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن هۆشیاریدا لەبە سزاگەیاندنی هەر کەسێك کە هەوڵی ساختەکاریی بدات، دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان بۆ دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان دەرکەوت کە لەهەردوو بنکەی (١٧) لەدهۆك‌و بنکەی (٦) لەهەولێردا ساختەکاریی کراوە، بەو پێەی لەبنکەی (١٧)ی دهۆك (قوتابخانەی پێشکەفتن) ژمارەی دەنگەکانی ئەو بنکەیە بە (٧٩٩٤) دەنگ ئەژمار کراوە، بەڵام دوای بژاردنەوەیان دەرکەوت دەنگی ئەو بنکەیە تەنها (١٩٩٤) واتا (٦٠٠٠) دەنگ لەو بنکەیە زیاد ئەژمارکرابوو، بۆیە لەو بنکەیەدا (٦٠٠٠) دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان سڕایەوە، بەوپێیەی بۆ لیژنەی باڵا دەرکەوت لەو بنکەیەدا ساختەکاریی کراوە.

هاوکات لەبنکەی (٦) ی هەولێریش دوای ئەوەی بۆ دەستەی باڵا دەرکەوت کە ساختەکاریی لەو بنکەیەدا کراوەو لەجارێك زیاتر دەنگدراوە، بۆیە دەنگی ئەو بنکەیە رەتکرایەوە بەو پێیەش (٣٥٤٠) دەنگی پارتی سڕایەوە لەگەڵ (١٥) دەنگی سۆسیالست‌و (١) دەنگی پارتی گەل‌و (١٧) دەنگی شیوعی‌و (١٨) دەنگی ئیسلامیی‌و (١٥١) دەنگی یەکێتی، بەمەش کاریگەری بەسەر ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردندا هات دەنگەکانی یەکێتی بووە (٤٢٣٦٨٢) وتا (٤٢٣٨٣٣ – ٤١٥١ = ٤٢٣٦٨٢) دەنگەکانی پارتیش بووە (٤٢٨٣٣٩) بەوپێیەی (٤٣٧٨٧٩ – ٦٩٥٤٠ = ٤٢٨٣٣٩ ) بەم پێیە رێژەی دەنگەکان بووە پەنجا بە پەنجا بۆ هەردوو حیزبە سەرەکییەکە)."٢٤"

هاوکات هەوڵی دەرهێنانی هەزاران ناسنامە دراوە لەبەرژەوەندی لایەنەکان بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن دروست بکرێت، بۆ نموونە لەبروسکەیەکدا کە لەرۆژی ١٩٩٢/٥/١٨ بۆ ئەمیر حەوێزی سەرۆکی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی ناردووە، جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی ئاماژەی بە چەندین ساختەکاریی‌و فێڵ کردووە، لەبروسکەکەدا ئاماژەی

بەوەداوە کە پارتی ١٠٠٠ کەسی خۆی هێناوەتەوە لەئێرانەوە کەچی دەنگدان بۆ ئەوان دواخراوە بە بڕیاری سەرکردایەتی."٢٥"
لە بەیاننامەیەکیشدا کە لە١٩ /١٩٩٢/٥ بڵاوکراوەتەوەو لەبەشەکانی پێشتردا خستوومانەتە روو د. مەحمود عوسمان ئاماژە بەوە دەکات کە ساختەکاریی زۆر کراوەو بەهۆی ئەوەی مەرەکەبەکە بە ئاسانی لێکراوەتەوە بەچەندین جۆری ناسنامە دەنگدراوەو کەسی وا هەبووە (١٠) جار دەنگیداوە، پێشیوایە ساختەکاریی زۆر کراوە بۆیە هەڵبژاردنێکی بێگەردو نەزاهەت نەبووەو زیانی بە قۆناغی دیموکراتیو پەرلەمانی گەلی کورد گەیاندووە، هاوکات لەبەیاننامەی سەرجەم حیزبەکاندا ئاماژە بە نیگەرانی کراوە سەبارەت بە ساختەکاریی زۆری هەڵبژاردنەکانو بێگەرد نەبوونیان لەبەیاننامەیەکی هاوبەشدا هەریەك لەحیزبەکانی (حسك، پاسۆك، حیزبی شیوعی، پارتی گەل، پ.د.ك) هاتووە کە ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی گشتی نارێكو ناپوختە لەبەر چەند دەستتێوەردانێكو چەند هەڵەیەکی تەکنییکی کە بوونە هۆی دروستکردنی کەشو هەوای تەزویرو لادان لەیاسای هەڵبژاردن چ بەهۆی خۆفەرزکردنو بەسەر جەماوەرو چ بەهۆی فرۆفێڵی نابەجێیانە)."٢٦"



**سێیەم/ ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا**

هاوکات ساختەکارییو پێشێلکاریی لەهەڵبژاردنەکانەکانی هەرێمی کوردستان لە٢٠٠٥ دا کراوەو ئەویش بەپێی بەڵگەنامەکانی بەرپرسانی هەردوولا، لەبڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك بەڵگەنامەدا بەناوی (پرۆسەی پێکهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم)، کە نەوشیروان مستەفا لە٢٠١٣/٧/٨ دا بڵاویکردەوە بەرپرسە باڵاکانی نێوان هەردوولا بە روونی ئاماژە بە بوونی ساختەکاریی دەکەن، لەبڵاوکراوەکانی نەوشیروان مستەفا هاتووە: کە بەهۆی تەزویرەوە لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ دا لەقەزای سۆران کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەندێك لەسندووقەکانی ئەو قەزایەی پوچەڵکردەوەو مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکارتی کوردستان نامەیەکی نارەزایی بۆ حسێن هنداوی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان نارد "٢٧".
هەر لەبڵاوکراوەکەدا نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بەوە کردووە، لەبەرئەوەی یەکێتی (٢٠ هەزار) دەنگی زیاتر لەپارتی هاوپەیمانەکانی هێنا مەسعود بەرزانی ئەمەی بە تەزویر لەقەڵەمدا، هەربۆیە لەنامەیەکدا بۆ جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەرۆژی ٢٠٠٥/٢/١ دا تیایدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکات لەخاڵە سلبییەکاندا باس لەکۆمەڵێك رێگری دەکات لەوانە بارزانی گلەیی دەکاتو دەنوسێت لەسەر سندووقەکان رێگە نەدراوە ئەوانەی نەخوێندەوارن بە کەسی نزیکی خۆیان رەئی خۆیان بنووسن، بەڵکو کادیرەکانی سەر سندوقەکانی بە کەیفی خۆیان نووسیویان، بەڵام لەخاڵی شەشەمدا بەروونی باسی تەزویرو خروقات دەکاتو دەنووسێت (هەندێك خروقات یەکجار زۆر زەقنو پینە ناکرێن وەك ژمارەی زیادی دەنگ کە بە دەها هەزار زیاترە لەوەی کە تۆمار کراوەو مەعلوم بووە پێشتر ئەو شوێنە ژمارەی دەنگدەری چەندە)."٢٨"
بارزانی لەنامەکەدا ئاماژە بەوەش دەکات کە ناکرێت ئەو تەزویرە زۆرانەی کراون لەهەرلایەك قبوڵ بکرێنو ئەمانە ببنە ئەساس بۆ ئایندە، بۆیە پێویستە لیژنەیەك لێکۆڵینەوە لەو تەزویرانە بکات کە ژمارەی دەنگدەر زیادکراوە.

بەلام لەنامەكەی بارزانیدا دەركەوێت كە هەردوولا واتا یەكێتیو پارتی هەریەكەو خروقاتو تەزویری بۆ بەرژەوەندی حیزبی خۆیان كردووە. چونكە لەخاڵی پێنجەمی نامەكەیدا بۆ تاڵەبانی، بارزانی نووسیویەتی (شكایەتی یەكجار زۆر لەسەر رەفتاری برادەرانی یەكێتی پێمانگەیشتووە بێگومان رەنگە هەمان شكایەت لەسەر پارتیش بەدەست جەنابت گەیشتبن)..(بڕوانە پاشكۆی ژمارە ١٦ نامەكەی بارزانی بۆ تاڵەبانی).



**چوارەم/ ساختەكاریی لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠**

هاوكات لەهەڵبژاردنەكانی ٢٥ / ٧/ ٢٠٠٩ هێزو لایەنە سیاسییەكانو چاودێرانی نێودەوڵەتیی تێبینییو سەرنجی زۆریان لەسەر هەڵبژاردنەكان هەبوو، قاسم عەبودی ئەندامی ئەنجوومەنی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان رایگەیاند: بەهۆی بوونی سكاڵا لەسەر ژمارەیەكی زۆری وێستگەكانی دەنگدانو دواتر خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی سكاڵان بڕیارماندا بە رەتكردنەوەی دەنگی (٤٠) وێستگەی هەڵبژاردن."٣٠"

هاوكات حەمدیە حوسێنی ئەندامی ئەنجوومەنی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان لەكاتی راگەیاندنی ئەنجامی كۆتایی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ لەبەرواری ٢٠٠٩/٨/٧ رایگەیاند نزیكەی (٧٠٠) سكاڵا تۆمار كراونو كە (٤٢)یان سكاڵای سوورنو هاوكات سكاڵا لەسەر نزیكەی (٣٠٠) وێستگەی دەنگدان تۆماركراوە.

سەبارەت بە تێڕوانینی رۆژنامەنووسانو چاودێرانی نێودەوڵەتیش گۆڤاری ئیكۆنۆمیستی بەریتانی لەراپۆرتێكی ورددا بڵاوی كردەوە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆكی هەرێمدا ساختەكاریی لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی زۆر كراوەو هەندێك كەس پتر لە٢٠ جار دەنگیانداوە."٣١"

**پێنجەم/ تەزویر لەرووی یاساییەوە**

تەزویر چ لەپرۆسەی هەڵبژاردنو چ لەبوارەکانی دیکەی ژیاندا لەرووی شەرعیو یاساییەوە نایاساییو ڕێگە پێنەدراوە، تەزویر کە دەستتێوەردانی نایاسساییە بەمەبەستی گۆڕینی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لەڕێگەی مادیی یان مەعنەوییە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەکاتو شەرعیەتی هەڵبژاردن لەدەستدەدات، لەمادەی (٢٨٦)ی یاسای سزادانی عێراق ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩دا هاتووە (تزوير هو تغير الحقيقه بقصد الغش، او اي محرر اخرى باحدى الطرق الماديه والمعنوية التى بينها القانون من شانه احداث الضرر بالمصلحة العامة او بشخص من الاشخاص)"٣٢".
بەو پێیەی تەزویر گۆڕینی رووی راستییەکانو زیان بە بەرژەوەندی گشتیی دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی بە تاوان ئەژمار دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە غشکردن لەئاینی ئیسلامیشدا بە تاوانو بێبەریکردن لەئیسلام ناوبراوە، پێغەمبەری خوا محەمەد (د.خ) دەفەرموویێت (من غشنا فليس منا) ئەو کەسەی غەش بکات لەئێمە نییە، واتا کەسێك تەزویر بکات بێبەری دەکرێت لەئیسلام.
لە یاسای سزادانی عێراقیدا تەزویر بە (جريمه) تاوان ئەژمار کراوەو بەپێی مادەی (٢٨٩) لەیاسای سزادانی عێراقی ئەو کەسانەی تەزویرو ساختەکاریی دەکەن سزا دەدرێنو سزاکەشی نابێت لە١٥ ساڵ زیاتر بێت (.... حكم خاص يعاقب بالسجن مدة لا تزيد على خمسه عشرة سنة كل من ارتكب تزويرا فى محرر رسمى)" ٣٣".
لە هەرێمی کوردستاندا بە چەندین شێوە ساختەکاریی لەهەڵبژاردنەکاندا کراوەو دووبارەشبوونەتەوە لەوانە:
١- دووبارە دەنگدانی هاوڵاتیانی سەربە پارتەکان بە شێوەیەکی رێکخراو لەزۆربەی هەڵبژاردنەکاندا
٢- دروستکردنی ناسنامەی ساختە بە مۆرو واژووەو دەنگدان پێی.
٣- بێلایەن نەبوونی چاودێرانی سەرسندووقەکانی دەنگدان.
٤- بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکان بەجلی مەدەنییەوە لەهەڵبژاردنەکاندا.
٥- بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمسیۆن لەقەزاو ناحییەکان لەلایەن دەسەڵاتی حیزبی باڵادەستی ناوچەکەوە.
٦- دەستتێوەردانی بەرپرسە سەربازییە حیزبییەکان لەهەڵبژاردنەکان.



٧- چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەی نانبڕینی فەرمانبەران.
٨- پارەبەخشینەوەو کڕینی دەنگی دەنگدەران.

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم


٧٠- حەمید گەوهەری، باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا ١٩٩٢ – ٢٠٠٥، ستوکهۆڵم : سوید، لا ٢٧،٢٨.

٧١- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، لا ١٩٦.

٧٢- گەراس. ئار. ڤی. ستانسفیلڵد، کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسیو پشکووتنی دیموکراسی، وەرگێڕانی، پرۆفیسۆر. ی. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، لا ٣٣٦.

٧٣- گەراس. ئار. ڤی. سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٥٧.

٧٤- پەیجی، قاعده التشریعات العراقیه

http://www.iraq_ild.org/LoadLawBook.aspx?SC=111020072965099

٧٥- سلێمان مستەفا حەسەن، پێگەی یاسایی ئەنجوومەنی شارەوانیەکان لەئێستاو داهاتوودا / پەیجی کوردستانی نوێ،

http://www.knwe.org/Direje.aspx?Cor=2&Besh=Witar&Jimare=16791

٧٦- پەیجی فەرمی یەکگرتوو

http://www.yakgrtu.org/dimanad.php?pageid=793

٧٧- هاوڕێ باخەوان، هارێنامە بۆ مێژووی کوردستانو کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٩، لا ٨٧١.

٧٨- پەیجی، قاعده التشریعات العراقیه

http://www.iraq_ild.org/LoadLawBook.aspx?SC=210220069156392/

٧٩- پەیجی رەسمی پەرلەمانی کوردستان، دەقی یاسای هەموارکراوی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤.

http://www.kurdistan_parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD_Yasa&id=٢٠٠٤

٨٠- ئامارەکان لەپەیجی رەسمی پارلەمانی کوردستان وەرگیراوە.

http://www.kurdistan_parliament.org/default.aspx?page=sitecontents&c=Parliament_History2005

٨١- تەنها ژمارەکان لەسایتی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

http://halbijardin.org/Details.aspx?id=68/





٨٢- پەیجی رەسمی پەرلەمانی کوردستان، دەقی یاسای هەموارکراوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ .

http://www.perleman.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD_Yasa&id=2009

٨٣- پەیجی رەسمی پەرلەمانی کوردستان، دەقی یاسای هەموارکراوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩

http://www.kurdistan_parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD_Yasa&id=2009

٨٤- پەیجی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق/٢٠٠٩

http://www.ihec.iq/ar/index.php/result2009.html/

٨٥- سایتی سبەی، ٢٠٠٩/٨/٧ /

http://sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=19314&cat=1

٨٦- سایتی سبەی، ٢٠٠٩/٨/٧ /

http://sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=19178&cat=1

٨٧- ژمارەیەك سایتو ماڵپەری جۆراو جۆر.

http://www.niha24.com/Direje.aspx?Jimare=2917، http://r_komalsoran.com/site/index.php?option=com_content&view=article&id=2583:201206_05_06_22_05_&catid=53:2010_34_25_03_24_06&Itemid=74، http://gorran.org.

٨٨- پەیجی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

http://www.ihec.iq/ar/index.php/result2009.html/

٨٩- پەیجی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

http://www.ihec.iq/kr/index.php/resault.html/

٩٠- احمد علی، تاریخ التزویر فی الانتخابات العراقیه، موقع شبابك.

http://www.shababek.de/razuna/modules/news/article.php?storyid=1471/

٩١- رۆژنامەی هاوڵاتی، چاوپێکەوتنی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ژمارە (١١٠٠)، ٢٠١٣/٧/١٧.

٩٢- نەوشیروان مستەفا / حیزبو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سایتی سبەی، ٢٠٠٨/٤/٨.

٩٣- ڤیان مەجید فەرەج / سیستەمەکانی هەڵبژاردن پرەنسیپەکانی دەنگدان/ چاپی دووەم ٢٠١٠ / لا ١٦١.

٩٤- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ١٩ی ئایار ١٩٩٢، بەڵگەو دەستهاوێژ، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨، لا ٦٩.
٩٥- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٦.
٩٦- نەوشیروان مستەفا، پرۆسەی پێکهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم/ سایتی سبەی
/ http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=21624&LinkID=4
٩٧- نەوشیروان مستەفا، هەمان سەرچاوە.
٩٨- هێمن باقرو ژیار محەمەد، گۆمان لەئاماری هەرێمی کوردستان دەکرێت/ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٢٢٧، لا ٦.
٩٩- سایتی سبەی، ٢٠٠٩/٨/٧
http://sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=19314&cat=1
١٠٠- هەڵبژاردنەکانی کورد لەعێراق، گۆڤاری
(the economist) / http://www.economist.com/node/١٤١٤٠٧٧٠
١٠١- المحامی ودود فوزی شمس الدین، جریمه تزویر المحررات الرسمیه واثار الاعفاء منها
/ http://www.iraqihrcenter.org/readNews.php?id=146
١٠٢- المحامی ودود فوزی شمس الدین، هەمان سەرچاوە.



## ئەنجام

بەهۆی شیکاریو بەراوردکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەنێوان ١٩٩٢ بۆ ٢٠١٠، گەیشتینە چەند ئەنجامێك لەوانە :.

١- دەرکەوت کە هەڵبژاردنەکانی کوردستان چەندین کەموکوڕیان هەبووە لەسەرەتای ئامادەکارییانەوە تا راگەیاندنی ئەنجامەکانی، بەتایبەتیش لەتۆماری دەنگدەرانو نەبوونی رێوی شوێنی پێویستو گونجاو بۆ رێگریکردن لەدووبارە دەنگدانەوە،و نەبوونی تۆمارێکی گونجاوی ئەلیکترۆنی کە دەنگدەر بە ئاسانی ناوی خۆی بدۆزێتەوەو بیر لەدەنگی دووبارە نەکاتەوە.

٢- هیچ هەڵبژاردنێك لەکوردستان لەکاتی خۆیدا نەکراوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە تا ئێستا دوو خولکراوە، دەبوو پێنج خولی پەرلەمان بکرایە سەرۆکایەتی دوو خول هەڵبژاردن کراوە دەبوایە پێنج هەڵبژاردن بکرایە ئەنجوومەنی پارێزگاکان تائێستا یەك هەڵبژاردنکراوە.

٣- هەژموونی هێزە باڵا دەستەکانی کوردستان بەسەر هەڵبژاردنەکانەوە، ئەویش لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی سامانو هێزی چەکدارەوە.

٤- هەڵبژاردن توانی نەخشەی سیاسی هێزەکان بگۆڕێت بەو پێیەی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا یەکێتیو پارتی وەك دوو هێزی باڵادەستی کوردستان رێژەی (٨٩٪)ی دەنگەکانیان هەبووەو لایەنەکانی تر لە(١١٪)، بەڵام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠دا رێژەی دەنگی یەکێتیو پارتی دادەبەزێت بۆ (٥٥٪)و دەنگی لایەنەکانی تر بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی (٤٥٪)، واتا دەنکی یەکێتیو پارتی وەك دوو هێزی باڵادەست بەرێژەی (٣٤٪) کەمیکردووەو دەنگی لایەنەکانی تریش بەرێژەی (٣٤٪) بەرزبووەتەوە.

٥- لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەتایبەتیش لەپارێزگای سلێمانی رێژەی دەنگی لایەنەکان بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا، یەکێتی (٥٩,٥٪)و پارتی (٢٦,٧٪)و لایەنەکانی تر (١٣,٨٪)یان بەدەستهێناوە، بەڵام لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠دا دەنگی یەکێتی دادەبەزێت بۆ (٢٨,٥٪) واتا لە(٣١٪) ی دەنگەکانی دابەزیوەو پارتی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢ دا (٢٦,٧٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ دا دەبێتە (٩,٩٪) واتا رێژەی دەنگەکانی (١٦٪) کەمیکردووەو دەنگی لایەنەکانی تر لە(١٣,٩٪)ەوە بەرزدەبێتەوە بۆ (٦١,٧٪)، واتا بەرێژەی (٤٨٪)ی دەنگەکانیان زیادیکردووە.

٦- هاوكات لەسەرجەم هەڵبژاردنەكاندا تەزویرو ساختەكارییو پێشێلكاریی لەهەڵبژاردنەكاندا كراوەو لەهەر هەڵبژاردنەو بەشێوەی جیاواز لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا لەپارێزگای دهۆك رێژەی دەنگدان (١١١٪) بووەو چەندین بنكەی دەنگدانیش بەهۆی ساختەكارییەوە دەنگەكانیان پۆچەڵكرایەوە، هاوكات دەنگی دووبارە كە هاوڵاتی هەبووە زیاتر لە١٠ جار دەنگیداوە، دەنگدانەوەی هێزە چەكدارەكان، پێناسی ساختەو بێلایەننەبوونی چاودێرانی سەر سندوقەكان، ئەمانە هەمووی پێشێلكاریی هەڵبژاردنو تائێستاش لەسەرجەم هەڵبژاردنەكاندا دووبارە دەبنەوە.

٧- هەڵبژاردنەكان لەگەڵ خۆیدا بارەگا سووتاندنو نانبڕینو فشاری سیاسی سەر هێزەكانی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ بارەگاكانی یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان لەدەڤەری دهۆك سووتێنران، لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ەوە سەدان كەس لەوانەی دەنگیان بە هێزەكانی دەسەڵات نەدابوو، نانبڕاوكران.



# پێشنیازو راسپاردەكان

١- دروستكردنی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لەهەرێمی كوردستان، بەدوور لەدەستتێوەردانی حیزبییو هەیمەنەو باڵادەستی حیزب بەسەریەوە، بەو پێیەی دانانی بەرپرسانی باڵای هەڵبژاردنەكان لەئاستی بەغدا نوێنەرایەتی كورد تیایاندا دابەشكراوە بەسەر نوێنەری یەكێتییو پارتیدا، بۆ نموونە لەكۆمسیۆنی پێشووی باڵای هەڵبژاردنەكاندا فەرەج حەیدەری لەپشكی پارتیو سەردار عەبدولكەریم لەپشكی یەكێتی دانرابوون، لەئاستی كوردستانیش دانانی بەرپرسی نووسینگەكانی هەڵبژاردن لەهەولێرو دهۆك بەرژەمەندی پارتی بووەو لەسلێمانیش بەرژەمەندی یەكێتی دانراون.

٢- بە ئەلیكترۆنیكردنی تۆماری دەنگدەرانو لیستی دەنگدەران، بەو پێیەی لەسەرجەم هەڵبژاردنەكاندا دەنگی دووبارەو دەنگی مردووەكانو دەنگی زیادە هەبووە، هاوڵاتی بە ئاسانی توانیویەتی دووبارە دەنگ بداتەوە كە ئەمانەش كاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەكان هەبووە.

٣- بێلایەن بوونی هێزە چەكدارەكان بەو پێیەی ژمارەی هێزە ئەمنییو چەكدارەكان لەسەروو ٢٠٠ هەزار كەسەوەیە، كە سەرجەمیان مافی دەنگدانیان هەیەو بایی زیاتر لە١٠ كورسی دەنگیان هەیە، بەهۆی ئەوەی پێشتر لەسەر بنەمای تەزكیەی حیزبی دانراون، پشكی زۆری دەنگەكانیان بۆ یەكێتی پارتییەو كاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكان دروستدەكەن.

٤- دانانی سزای توندی یاسایی بۆ ئەو كەسو لایەنانەی كە پەنا بۆ تەزویرو ساختەكاریی دەبەن.

# سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


١- بەدران ئەحمەد حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ١٩ی ئایار ١٩٩٢، بەڵگەو دەستهاوێژ، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨، لا ٤٥و ٤٦.

٢- جەزا تۆفیق تالب، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩، لا٤٩.

٣- حەمید گەوهەری / راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردنو پەرلەمانی کوردستان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، لا ١٩٢.

٤- حەمید گەوهەری، باشووری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا ١٩٩٢ – ٢٠٠٥، ستوکهۆڵم : سوید، لا ٢٧،٢٨.

٥- رود هۆف، میخێل لیزینبیرک، پیتر موولر، هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق، ١٩ ی مایسی ١٩٩٢، ئەزمونێکی دیموکراسی یانە، وەرگێڕانی، پارێزەر صفوت رشید صدقی، لەبڵاوکراوەکانی لیژنەی لیژنەی سلێمانی رێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستان، لا ٤١.

٦- شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراساتو توێژینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، ١٩٩٧، لا ١٥.

٧- ڤیان مەجید فەرەج / سیستمەکانی هەڵبژاردن پرەنسیپەکانی دەنگدان/ چاپی دووەم ٢٠١٠ / لا ١٤٦.

٨- گەراس. ئارِ. ڤی. ستانسفیڵد، کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسیو پشکووتنی دیموکراسی، وەرگێڕانی، پرۆفیسۆر. ی. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، لا ٢٨٩.

٩- نەوشیروان مستەفا ئەمین / مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس ١٩٩١، چاپی یەکەم ٢٠٠٩.

١٠- هاورێ باخەوان، هارێنامە بۆ مێژووی کوردستانو کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٩٩، لا ٨٧١.




# سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


١- سرهنگ حميد البرزنجى، انتخابات اقليم كوردستان العراق بين النظرية والتطبيق دراسه مقارنة، الطبعة الاولى، هولير، ٢٠٠٢، ص ٢٩٤.

٢- د. محمد عمر مولود، الفدراليه وامكانيه تگبيقها فى العراق، كوردستان، ٢٠٠٠، ص ١٩١.

## گۆڤارو ڕۆژنامەکان


١- جــەلال جەوهەر عەزیــز/ دیموکراســیەت لەنێوان خۆنوانــدن (ادعاء) وجێبەجێکردندا لەکوردســتان / ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمــارە(٧٣٥) بەرواری ٢٠١١/٥/٢٩.

٢- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، چاوپێکەوتنی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ژمارە (١١٠٠)، ٢٠١٣/٧/١٧.

٣- هێمن باقرو ژیار محەمەد، گۆمان لەئاماری هەرێمی کوردستان دەکرێت/ گۆڤاری لڤین، ژمارە ٢٢٧، لا ٦.




## ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکان


١- نەوشیروان مستەفا ئەمین / مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی – بەعس ١٩٩١، سایتی سبەی/٢٠٠٨/١٢/٢

http://www.sbeiy.com/ArticleParts.aspx?PartID=22&ArticleID=415&AuthorID=36

٢- پەیجی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان

/ http://www.un.org/ar/sc/documents/resolutions/1991.shtml

٣- ٥/١٩ هەرێمی کوردستان یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادی ئەنجامدا

/ http://m11puk.blogspot.com/20135_19/05/.html

٤- نەوشیروان مســتەفا / حیزبـو حوکم: ئەزمونی کوردستان/ سایتی سبەی، ٢٠٠٨/٤/٨.

http://www.sbeiy.com/ArticleParts.aspx?PartID=26&ArticleID=485&AuthorID=36

٥- سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

/ http://www.krg.org/p/p.aspx?l=14&s=030000&r=371&p=266

٦- هەڵبژاردن لەکوردستاندا / ٢٠٠٤/١١/١١ /

http://www.reform_kurd.com/politics1.asp?processId=2

٧- پەیجی، قاعده التشریعات العراقیه

/ http://www.iraq_ild.org/LoadLawBook.aspx?SC=111020072965099

٨- سلێمان مستەفا حەسەن، پێگەی یاسایی ئەنجوومەنی شارەوانیەکان لەئێستاو داهاتوودا / پەیجی کوردستانی نوێ،

http://www.knwe.org/Direje.aspx?Cor=2&Besh=Witar&Jimare=16791

٩- پەیجی فەرمی یەکگرتوو

/ http://www.yakgrtu.org/dimanad.php?pageid=793

١٠- پەیجی، قاعده التشریعات العراقیه

/http://www.iraq_ild.org/LoadLawBook.aspx?SC=210220069156392

١١- پەیجی ڕەســمی پەرلەمانی کوردستان، دەقی یاسای هەموارکراوی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤.

http://www.kurdistan_parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD_Yasa&id=2004

١٢- ئامارەکان لەپەیجی رەسمی پارلەمانی کوردستان وەرگیراوە
/ http://www.kurdistan_parliament.org/default.aspx?page=sitecontents&c=Parliament_History2005

١٣- تەنها ژمارەکان لەسایتی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
/ http://halbijardin.org/Details.aspx?id=68

١٤- پەیجی رەسمی پەرلەمانی کوردستان، دەقی یاسای هەموارکراوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ .
http://www.perleman.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD_Yasa&id=2009

١٥- پەیجی رەسمی پەرلەمانی کوردستان، دەقی یاسای هەموارکراوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩
http://www.kurdistan_parliament.org/Default.aspx?page=byyear&c=LDD_Yasa&id=2009

١٦- پەیجی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق
/ http://www.ihec.iq/ar/index.php/result2009.html

١٧- سایتی سبەی، ٢٠٠٩/٨/٧
/ http://sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=19314&cat=1

١٨- سایتی سبەی، ٢٠٠٩/٨/٧
/ http://sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=19178&cat=1

١٩- ژمارەیەك سایتو ماڵپەری جۆراو جۆر.
http://www.niha24.com/Direje.aspx?Jimare=2917، http://r_komalsoran.com/site/index.php?option=com_content&view=article&id=2583:2012_05_06_22_05_06&catid=53:201034_25_03_24_06_&Itemid=74، http://gorran.org.

٢٠- پەیجی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق
/ http://www.ihec.iq/ar/index.php/result2009.html

٢١- پەیجی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق
/ http://www.ihec.iq/kr/index.php/resault.html



٢٢- احمد علی، تاریخ التزویر فی الانتخابات العراقیە، موقع شبابك
/ http://www.shababek.de/razuna/modules/news/article.php?storyid=1471

٢٣- نەوشیروان مستەفا، پرۆسەی پێکهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم/ سایتی سبەی
/ http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=21624&LinkID=4

٢٤- سایتی سبەی، ٢٠٠٩/٨/٧
/ http://sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=19314&cat=1

٢٥- هەڵبژاردنەکانی کورد لەعێراق، گۆڤاری
(the economist) / http://www.economist.com/node/14140770

٢٦- المحامی ودود فوزی شمس الدین، جریمە تزویر المحررات الرسمیە واثار الاعفاء منها
/ http://www.iraqihrcenter.org/readNews.php?id=146

# پاشکۆکان

## (پاشکۆی ژمارە ١)

## دەقی بڕیاری(٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان

لە ٥ی نیسانی ١٩٩١دا ئەنجوومەنی ئاسایش بە لەبەر چاو گرتنی تێبینیەکانی لەو نامانەدا نووسرابوون پرۆژەی بڕیارێکی پەسەند کرد کە ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنسا ئامادەیان کرد بوو، بە ناوی بڕیاری ژمارە ٩٨٨ (١٩٩١) موە چووە مێژوی ڕێکخراوەکەوە. بڕیاری ٦٨٨ (١٩٩١) ی ڕۆژی ٥ ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩١

ئەنجوومەنی ئاسایش

بە لەبەر چاو گرتنی ئەرکەکانیو ئۆباڵەکانی

بەپێی پەیمانی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی ناودەوڵەتی

نیشانە بە بەندەکانی برگەی ٧ ی مادەی ٢ ی پەیمانەکە

سەخت نیگەرانە لەسەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی عێراق لەزۆر شوێنی عێراقدا، کە تازەترینیان لەناوچە کوردنشینەکاندایە و، بووەتە هۆی لێشاوی گەورەی پەنابەران بەرەو وە بۆ ناو سنورە ناودەوڵەتییەکانو بەزاندنی سنور، کە هەڕەشە لەئاشتیو ئاسایشی ناودەوڵەتی دەکات.

بە قووڵی نارەحەتە لەو ئازارە زۆرەی خەڵك لەوێ تووشی بوون، بە تێبینیکردنی نامەکانی نوێنەرانی تورکیاو فەرەنسا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لەرۆژانی ٢ ی ئەپریلی ١٩٩١و ٤ ی ئەپریلی ١٩٩١ دا،

هەروەها بە تێبینیکردنی نامەکانی نوێنەری هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لەرۆژانی ٢و ٤ ی نیسان/ ئەپریلی ١٩٩١،

پابەندیی هەموو دەوڵەتانی ئەندام دووپات دەکاتەوە بەرامبەر سەروەریو یەکێتی ئەرزییو سەربەخۆیی سیاسی عێراقو هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە.

بە لەبەرچاو گرتنی راپۆرتی سکرتێری گشتیی لە٢٠ ی مارتی ١٩٩١ دا

١. سەرکوتکردنی دانیشتوانی مەدەنی لەزۆر شوێنی عێراق، لەوانە تازەترینیان لەناوچە کوردنشینەکاندا، کە ئەنجامەکانی هەڕەشە دەکات لەئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی لەناوچەکەدا، تاوانبار دەکات.

٢. داوا لەعێراق دەکات دەستبەجێ وەکو بەشداریەك لەرەواندنەوەی هەڕەشە



لەئاشتیو ئاسایشی ناودەوڵەتی لەناوچەکەدا کۆتایی بەم سەرکوتکردنە بهێنێتو هیوا دەربرێت لەهەمان بواردا گفتوگۆیەکی کراوە بکرێت بۆ دابینکردنی رێز لێگیرانی مافی مرۆڤییو سیاسی هەموو هاوڵاتییانی عێراق.

٣. پێدا دەگرێت لەسەر ئەوەی عێراق دەستبەجێ رێگە بدا بە گەیشتنی رێکخراوی مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی بۆ هەموو ئەوانەی پێویستییان بە یارمەتی هەیە لەهەموو شوێنێکی عێراقدا کارئاسانی بۆ کارەکانیان بکات.

٤. داوا لەسکرتێری گشتیی دەکات تەقەلای مرۆڤپەروەرانە درێژە پێ بدات لەعێراق، دەستبەجێ ئەگەر پێویستی کرد دەستەیەکی تر بنێرێت بۆ ناوچەکە بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێك لەسەر مەینەتی دانیشتوانی مەدەنی عێراق بە تایبەتی دانیشتوانی کورد، کە تووشی هەموو جۆرە شێوەیەکی سەرکوتکردن بوون لەلایەن دەسەڵاتی عێراقەوە.

٥. داوا لەسکرتێری گشتی دەکات بە هەموو ئەو داهاتەی لەبەردەستیدایە لەوانە داهاتی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێوەندیدار، بە خێرایی پێویستییە ئێستاییەکانی پەنابەرانو دانیشتوانی عێراقی ئاوارە دابین بکات.

٦. بانگ لەهەموو دەوڵەتانی ئەندامو هەموو رێکخراوە مرۆڤیەکان دەکات کە بەشداری بکەن لەم هەوڵی فریاکەوتنی مرۆڤە.

٧. داوا لەعێراق دەکات هاوکاری سکرتێری گشتیی بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستانە

٨. بڕیارە ئەم پرسە لەبەر چاو بمێنێت.

بۆ خوێندنەوەی ئەو بڕیارە بە زمانی ئینگلیزیو عەرەبی سەردانی ئەم ئەدرەسانە بکەن:

http://www.fas.org/news/un/iraq/sres/sres0688.htm

http://www.moqawama.org/__print.php?filename

## (پاشکۆی ژمارە ٢)
## دەقی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان

**یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– عێراق، ساڵی ١٩٩٢**

لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانی عێراق سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق ئەم یاسایەی دەرکرد، کە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی بەرەی کوردستانی لە٨/٤/١٩٩٢ی بەرامبەر بە١٩/ نەورۆز/٢٦٩٢ی کوردی چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، پاشتر لەژمارە یەکی رۆژنامەی (ئەنجومەن) لە١٥/٩/١٩٩٢دا بڵاوکرایەوەو بەمەش پارلەمانی کوردستان متمانەی خۆی دایە.*

**یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی ١٩٩٢**
**یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– عێراق**

**دەروازی یەکەم**
**پێکهاتەی ئەنجومەن**

**ماددەی یەکەم:**
ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لەچەند ئەندامێك پێکدێت کەژمارەیان لە(١٠٠) ئەندام کەمتر نەبێت و لەسەر بنەمای یەك نوێنەر بۆ هەر سی هەزار سەرنشینێك.

**ماددەی دووەم:**
هەڵبژاردنەکان بەشێوەی هەڵبژاردنی گشتی نهێنی راستەوخۆ بەڕێوە دەچێت.

**ماددەی سێ:**
ئەندامی ئەنجومەن نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی عێراق دەکات.

**ماددەی چوارەم:**
١. ناشێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن وەزیفەیەکی گشتی هەبێت و فەرمانبەری گشتی بەدەست لەکارکێشاوە دادەنرێت لەو مێژووەی تیایدا سوێند لەبەردەم ئەنجومەندا دەخوات.
٢. ناشێت هیچ ئەندامێك لەیەك کاتدا ئەندامی ئەم ئەنجومەنەو هیچ ئەنجومەنێکی تری هەڵبژێردراو بێت.



٣. ناشێت سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان و ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ خۆیان بپاڵێون بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن ئەگەر دەست لەوەزیفەکانیان نەکێشنەوە.
٤. ناشێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن لەماوەی ئەندامێتیدا خۆی پەیمان لەگەڵ دەوڵەتدا ببەستێت یان لەرێگای کەسانی ترەوە، هەروەك نابیت ئیستیغلالی ئەندامێتیەکەی بکات بۆ بەرژەوەندی تایبەت.

**ماددەی پێنجەم:**
هەموو ئەندامانی ئەنجومەن تەنها بۆ کاری ئەندامێتیان لەناو ئەنجومەندا خۆیان تەرخان دەکەن

**دەروازەی دووەم**
**هەڵبژاردنی ئەنجومەن**

**بەشی یەکەم**
**دەستەکانی هەڵبژاردن**

**ماددەی شەشەم:**
بەبڕیاری بەرەی کوردستانی دەستەیەکی باڵا دروستدەکرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان و بەسەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك یان پلە دوو، ئەندامێتی داواکارێکی گشتی ناوچەی تێهەڵچونەوە یان جێگرەکەی و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و نوێنەرێکی کارگێڕی، پێکدێت و ئەم ئەرکانە بەڕێوەدەبات:
١. دیاریکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن.
٢. پێکهێنانی لیژنەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن تێیاندا.
٣. دەرکردنی زانیاری و رێنمایی بۆ ئاسانکاری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی کات و ئەو رێگایەی کەسەرۆك و ئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردنی پێ هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی حەوتەم:**
پێکهێنانی لیژنەی ناوچەکانی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەرێك و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و کارگێڕیی کەئەمانیش لەرێی خۆیانەوە لیژنەی سەنتەرەکانی هەڵبژاردن پێکدەهێنن.

**ماددەی هەشتەم:**

لیژنەی هەر سەنتەرێکی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەر یان جێگرێکی داواکاری گشتیو یاساناسێکو نوێنەری هەر لیستێکی هەڵبژاردن پێکدێت.

## بەشی دووەم
## ناوچەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی نۆیەم:**

کوردستانی عێراق دابەشدەکرێتە سەر ناوچەی هەڵبژاردن بەشێوەیەك لەچوار ناوچە کەمتر نەبێت.

**ماددەی دەیەم:**

ناوچەی هەڵبژاردن دابەشدەکرێتە سەرژمارەیەك سەنتەری هەڵبژاردن کە بەگوێرەی بەیاننامەی لیژنەی ناوچەکە دەبێت.

**ماددەی یانزەهەم:**

هەڵبژاردنی تەواوکەر بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن بەگوێرەی ئەو بنەمایانەی باسیان لێوەکراوە لەو بەشانەی کوردستانی عێراق کەئێستا ناتوانرێت هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجامبدرێت، لەدوای نەمانی بەربەستەکان، ئەنجامدەدرێت.

## بەشی سێیەم
## کاتی هەڵبژاردنەکان

**ماددەی دوانزەهەم:**

کاتی هەڵبژاردن بەگوێرەی بڕیارێکی بەرەی کوردستانی لەرێگای هۆکارەکانی راگەیاندنەوە بەر لەکاتی دیاریکراو، بەماوەیەك کە لەمانگێك کەمتر نەبێت، بڵاودەکرێتەوە.

**ماددەی سیانزەهەم:**

دەنگدان لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا لەیەك رۆژدا ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی چواردەهەم:**

لەکاتی تەواوبوونی ماوەی ئەنجومەنەکە یان هەڵوەشانەوەی، بڕیارێك لەماوەی پانزە رۆژدا لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەچێت کە لەرۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی ئەنجومەنەکە یان هەڵوەشانەوەیەوە دەستپێدەکاتو تیایدا کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی دوانزەهەم لەم یاسایە، دیاریدەکرێت.



## بەشی چوارەم
## خشتەکانی دەنگدەران

**ماددەی پانزەهەم:**

بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن خشتەی ناوی دەنگدەران بەگوێرەی سەنتەرەکانی هەڵبژاردن ئامادەدەکرێت کە بەپێی پیتەکانی ئەبجەدی رێکخراونو پیشەو ناونیشانو مێژوو شوێنی لەدایکبونیانی لەخۆ گرتووەو بەچەند کۆپییەك بۆ لیژنەی ناوچەکە دەنێردرێتو ئەگەر ئەمە نەکرا ئەوا لیژنەی باڵا دەتوانێت هەر رێگایەکی تر کەخۆی بەشیاوی دەزانێت، بیگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی مەبەستی داواکراو.

**ماددەی شانزەهەم:**

لیژنەی ناوچە، کاری دابەشکردنی خشتەکان بەسەر سەنتەرەکاندا دەگرێتە ئەستۆ بۆ بڵاوکردنەوەیان لەو بۆردانەدا کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراونو ئەمەش بەماوەیەك دەبێت کەلانی کەم بەر لەپانزە رۆژ لەکاتی دیاریکراوی دەنگدانەکە بێت، دوابەدوای مۆرکردنیان بەمۆری لیژنەی ناوچەکەو جێگیرکردنی مێژووی بڵاوکردنەوەیان لەگەڵ رەچاوکردنی ناوەرۆکی ماددەی پانزەهەم.

**ماددەی حەڤدەهەم:**

فەرمانگەی باری شارستانی کارتێکی دەنگدان کەشێوەو جۆرو پێکهاتەکەی بەبەیانێکی دەستەی باڵا دیاریدەکرێت، دەداتە هەر هاوڵاتیەك کە تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت، بەمەرجێك دەنگدەر کەسێتی خۆی لەکاتی دەنگداندا بسەلمێنێت.

**ماددەی هەژدەهەم:**

١. بۆ هەر کەسێك مەرجەکانی دەنگدەری تێدا بێتو تۆمارکردنی ناوی فەرامۆشکرابێت لەخشتەی دەنگدەراندا، دەتوانێت داوای تۆمارکردنی ناوی بکات، بۆ هەر دەنگدەرێك هەیە داوای زیادکردنی ناوی هەر هاوڵاتیەك بکات کە بەناحەق تۆمارکردنی ناوی فەرامۆشکراوە یان داوای زیادکردنی ناوی هەر هاوڵاتیەك بکات کە بەناحەق لەخشتەی دەنگدەراندا سڕدراوەتەوە، لەماوەی دە رۆژدا لەبەرواری بڵاوکردنەوەی خشتەی دەنگدەرانەوە.

٢. داواکە پێشکەش بەلیژنەی ناوچەکە دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی لەماوەیەکدا کە لەسێ رۆژ تێپەڕ نەکات لەبەرواری پێشکەشکردنی داواکەوەو بڕیاری یەکلایکردنەوەی داواکە رەها دەبێت.

## بەشی پێنجەم
## مەرجەکانی دەنگدەرو پاڵێوراو

**ماددەی نۆزدەهەم:**

بۆ هەر هاوڵاتیەکی کوردستانی عێراق هەیە نێر بێت یان مێ، ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو، ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەم یاسایەدا باسیان لێوەکراوە.

**ماددەی بیستەم:**

مەرجە دەنگدەر هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێتو هەژدە ساڵی تەواو کردبێت.

**ماددەی بیستو یەك:**

مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن:

١. هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێتو دانیشتوبێت تیایدا.

٢. شایستەیی تەواوی هەبێتو گەیشتبێتە تەمەنی سی ساڵی.

٣. خوێندنەوەو نوسین بەتەواوی بزانێت.

٤. حوکم نەدرابێت بەتاوانی لەکەدار بەشەرەفو ئادابی گشتیو پاکیزەیی(نەزاهەت).

٥. حوکم نەدرابێت بەبەندکردن بەتاوانی کوشتنی بەئەنقەست یان دزی.

٦. بەشداری نەکردبێت لەو تاوانانەی دەسەڵاتی پاکتاوکەر پلانی بۆداناونو لەکوردستان ئەنجامی داون.

## بەشی شەشەم
## خۆ پاڵاوتن

**ماددەی بیستو دوو:**

١. هەر حزب یان چین یان کەمینەیەکی نەتەوەیی (تورکمان، عەرەب، ئاشوریی یان هەرکەمینەیەکی تر) دەتوانێت لیستی تایبەتی خۆی پێشکەش بکات کەناوی پاڵێوراوەکانی لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق لەخۆ گرتبێت.

٢. پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوەکان لەماوەی دە رۆژدا دەبێت کە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانەوە دەست پێدەکات بۆ سەرۆکی دەستەی باڵا بەپشتئەستوریی ئەو بەڵگەنامانەی لەماددەی بیستو یەکی ئەم یاسایەدا پێویستە.

**ماددەی بیستو سێ:**



١. دەستەی باڵا لەماوەی بیستو چوار سەعاتدا داوا یەکلایی دەکاتەوەو پاشان داواکاری پاڵێوەرو نوێنەری لیستی دیاریکراو لەبڕیارەکەی لەماوەی دوو رۆژدا ئاگادار دەکاتەوە.

٢. داواکاری پاڵێوەر دەتوانێت لەماوەی دوو رۆژدا لەمێژوی ئاگادارکردنەوەی لەبڕیارەکە، تانە لەبڕیاری دەستەی باڵا لەلای دادگای تێهەڵچونەوەی کوردستان بدات .

٣. دادگای تێهەڵچونەوە بەو سیفەتە تەمیزییەی هەیەتی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەربارەی تانەکە لەماوەی دوو رۆژدا دەردەکات.

٤. وادادەنرێت پەیوەندارەکان ئاگادارکرابێتنەوە بەبڕیارە باس لێوەکراوەکانی سەرەوە لەمێژووی بڵاوکردنەوەیان لەناو بۆردی ئاگاداریەکانی ئەو لایەنەی دەریکردووە.

٥. دەستەی باڵا لەرێگای هۆکارەکانی راگەیاندنەوە لیستی پاڵێوراوەکان لانی کەم بەماوەی دوانزە رۆژ پێش کاتی دەنگدان بڵاودەکاتەوە، هەروەك لەو بۆردەدا کە بۆ ئەم مەبەستە لەهەر سەنتەرێکی هەڵبژاردنی ناو ناوچەکانی هەڵبژاردن ئامادەکراوە بڵاودەکاتەوە.

## بەشی حەوتەم
## پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن

**ماددەی بیستو چوار**

پروپاگەندەی هەڵبژاردن ئازادە لەسنوری یاساو سیستەمی گشتیو ئادابدا، بەمەرجێك بەرەی کوردستانی بنەمای هاوتایی لەهەلدا لەنێوان لیستە کێبەرکێکارەکاندا دابینبکات.

**ماددەی بیستو پێنج:**

پروپاگەندەی هەڵبژاردن لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لیستی ناوی پاڵێوراوانەوە دەستپێدەکاتو پێش چلو هەشت سەعات لەدەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان کۆتایی پێدێت.

## بەشی هەشتەم
## دەنگدان

**ماددەی بیستو شەش:**

سەرۆکی لیژنەی سەنتەری هەڵبژاردنو ئەندامەکانی جگە لەدادوەرو جێگرانی داواکارە گشتییەکان بەر لەپراکتیزەکردنی ئەرکەکانیان سوێندێك دەخۆن لەبەردەم لیژنەی ناوچەکەدا، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

"سوێند دەخۆم بەخوای گەورە کارەکەم بەراستگۆیی و ئەمانەت و بێلایەنی جێبەجێبکەم"

**ماددەی بیست و حەوت:**

دەستەی باڵا ڕێنمایی و زانیاری پێویست دەردەکات تا لەڕێگایانەوە شێوەو قەبارەی سندوقەکانی دەنگدان و چۆنیەتی داخستن و کردنەوەیان دیاری بکرێت.

**ماددەی بیست و هەشت:**

لیژنەی ناوچە هەڵدەستێت بەچاپکردنی کارتەکانی دەنگدان و ئامادەکردنی سندوقەکان بەگوێرەی زانیاری و ڕێنماییەکانی دەستەی باڵا.

**ماددەی بیست و نۆ:**

١. دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی لیستەکان لەڕێگای نوسینەوە دەبێت لەناو کارتی هەڵبژاردنەکەدا کەشێوەو چۆنیەتی پڕکردنەوەی بەبەیانێك دەبێت کەدەستەی باڵا دەریدەکات.

٢. ئەو دەنگدەرەی خوێندنەوەو نوسین نازانێت، دەتوانێت داوا لەکەسێکی تر بکات کارتەکەی بۆ پڕ بکاتەوە.

٣. نوێنەرایەتی لەدەنگداندا قبوڵ ناکرێت.

**ماددەی سی:**

سەرۆکی لیژنەی سەنتەری هەڵبژاردن پاراستنی نیزام لەسەنتەرەکەیدا دەگرێتە ئەستۆوو دەتوانێت ئەو ڕێوشوێنانە بگرێتەبەر کەزەمانەتی باش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و سەلامەتیان دەکات و نابێت هێزەکانی ناوخۆو چەکدارەکان بچنە ناو سەنتەرەکانی دەنگدانەوە تەنها لەسەر داوای سەرۆکی لیژنەکە نەبێت.

**ماددەی سی و یەك:**

لیژنەی سەنتەر لەهەر ناڕازینامەیەك دەکۆڵێتەوە کەپێشکەشی دەکرێت سەبارەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن و بەبڕیارێکی هۆدار لەکۆنوسێکی تایبەتدا جێگیر دەکرێت.

**ماددەی سی و دوو:**

پرۆسەی دەنگدان لەسەعات هەشتی بەیانی دەست پێدەکات و لەسەعات هەشتی ئێوارە کۆتایی پێدێت و دەستەی باڵا دەتوانێت بەبەیانێك کاتی تر دیاریبکات کەلەو کاتژمێرانە تێپەڕ نەکات بۆ دەنگدان دانرابوون.

**ماددەی سی و سێ:**

لەگەڵ تەواوبوونی کاتی دیاریکراوی دەنگداندا، سەرۆکی لیژنەی سەنتەرەکە کۆتایهاتنی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەیەنێت و لەکۆنووسی هەڵبژاردندا جێگیری دەکات و سندوقەکان



دەکرێنەوەو دەنگەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا جیا دەکرێنەوە بەئامادەبوونی نوێنەری لیستە کێبەرکێکارەکان.

**ماددەی سی و چوار:**

ئەم کارتانەی خوارەوە بەپوچەڵ دادەنرێن:

١. کارتی مۆر نەکراو بەمۆری لیژنەی سەنتەرەکە.

٢. کارتی هێمانەکراو بۆ هیچ لیستێکی پاڵێوراوان یان ئەو کارتانەی سەرلێتێکدانی پێوەدیارە بۆ هەڵبژاردنی یەکێ لەلیستەکان.

**ماددەی سی و پێنج:**

١. لیژنەی سەنتەرەکان هەڵدەستن بەئامادەکردنی کۆنووسی واژۆکراو لەسەر ئەنجامەکانی دەنگدان و دەیخەنە زەرفی داخراوو مۆرکراو بەمۆری سەنتەرەکەو دەیدەنە لیژنەی ناوچەکە.

٢. لیژنەی ناوچەکان دوای کۆکردنەوەی ئەنجامەکان و بەڵگەنامەکانی سەنتەرەکان، هەڵدەستن بەئامادەکردنی کۆنوسی واژۆکراوو مۆرکراو بەمۆری لیژنەکەیان و دەیدەنە دەستەی باڵا.

**ماددەی سی و شەش:**

١. کۆی دەنگی دەنگدەران دابەشی کورسیەکان دەکرێت بۆ دەرهێنانی تێکڕای هەڵبژاردن.

٢. سەرجەمی ئەو دەنگانەی هەر لیستێك بەدەستیهێناوە دابەشی تێکڕای هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی هەر لیستێکی دیاریکراو بەدەستیهێناوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم دوو خاڵەی لای خوارەوە.

٣. هەر لیستێك ٧٪ی دەنگی دەنگدەرانی بەدەستنەهێنابێت نوێنەری نابێت لەئەنجومەنداو دەنگەکانی دابەشدەکرێت بەسەر ئەو لیستانەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە بەگوێرەی ڕێژەی سەرکەوتنەکانیان.

٤. ئەو کورسیە بەتاڵانەی کە بەهۆی بوونی ماوە (باقی) ئەوتۆوە کەناگەنە تێکڕای هەڵبژاردن بەبەتاڵی دەمێننەوە، بەشێوەی یەك لەدوای یەك دەدرێنە ئەو لیستانەی کەگەورەترین ماوەیان هەیە.

**ماددەی سی و حەوت:**

١. لیژنەی باڵا ڕێژەی سەدی و ئەو کورسیانەی هەر لیستێك بەدەستی هێناوە بڵاودەکاتەوە.

**مادەی سی و هەشت:**

**دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆی هەیە هەڵبژاردن لە هەر ناوەندێکی دەنگداندا ڕەتکاتەوە، ئەگەر سەلێنرا کە غەش یاخود دەستێوەردانێکی کاریگەر بە ئەنجامی هەڵبژاردندا کراوە.**

٢. هەڵبژاردنی سەرکەوتووانی ناو پاڵێوراوان بۆ ئەو لایەنە جێدەهێڵرێت کەخاوەنی لیستەکەیەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- یەك لەدوای یەك.

ب- دەستنیشانکردن.

ج- قورعە.

٣. دەستەی باڵا ناوی سەرکەوتووان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بڵاودەکاتەوە.

## دەروازی سێیەم
## ئەندامێتی لەئەنجومەندا

### بەشی یەکەم
### حەصانەکانو پاداشتەکان

**ماددەی سیو نۆ:**

پرسیار لەئەندام ناکرێت دەربارەی ئەو بیروڕایانەی دەیدات یان ئەو واقعانەی دەریدەخات لەکاتی پراکتیزەکردنی کارەکەی لەئەنجومەندا.

**ماددەی چل:**

١.نابێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن مولاحەقە بکرێت یان بگیرێت بەهۆی تاوانێکەوە لەکاتی بەستنی خولەکانی ئەنجومەندا بەبێ ڕێپێدانی ئەنجومەن تەنها لەو بارەدا نەبێت کە بەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەوە دەگیرێت.

٢. نابێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن مولاحەقە بکرێت یان بگیرێت لەدەرەوەی خولەکانی ئەنجومەن بەهۆی تاوانێکەوە بەبێ ڕێپێدانی سەرۆکی ئەنجومەن تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کەبەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەوە دەگیرێت.

**ماددەی چلو یەك:**

هەر یەك لەسەرۆکی ئەنجومەنو جێگرەکەیو سکرتێرەکەیو ئەندامەکانی پاداشتێکی مانگانە وەردەگرن کە لەلایەن ئەنجومەنەوە دیاریدەکرێت.

**ماددەی چلو دوو:**

١.خزمەتی ئەندامی ئەنجومەن بەمەبەستی سەرموچەی ساڵانەو بەرزکردنەوەو خانەنشینکردن ئەژمار دەکرێت.



٢. ئەگەر یەکێك لەئەندامانی ئەنجومەن گیانی لەدەستدا لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتدا یان بەو هۆیەوە، ئەوا موچەیەکی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە کەئەنجومەن دەستنیشانی دەکات.

### بەشی دووەم
### کۆتایی هاتن بەئەندامێتی

**ماددەی چلو سێ:**

کۆتایی بەئەندامێتی لەئەنجومەندا دێت لەیەکێك لەم بارانەی خوارەوەدا:

١. کۆتایی هاتن بەماوەی ئەنجومەنەکە یان هەڵوەشانەوەی.

٢. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام، بەجێبجێکراو دادەنرێت لەمێژووی قبوڵکردنیەوە لەلایەن ئەنجومەنەوەو بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان.

٣. نەمانی یەکێك لەمەرجەکانی ئەندامێتی ئەنجومەن، کەئەنجومەن بەزۆرینەی سێیەکی ئەندامانی ئامادەبوو بڕیاری لەسەر دەدات.

٤. ئامادەنەبوونی ئەندامێك لەسێ دانیشتنی یەك لەدوای یەکی ئەنجومەندا بەبێ بوونی پاساوێکی مەشروع.

٥. مردنی ئەندام.

**ماددەی چلو چوار*:**

ئەگەر یەکێك لەکورسیەکانی ئەنجومەن بەتاڵ بوو ئەوا پاڵێوراوێکی تری هەمان لیست دەخرێتە شوێنی کە لەلایەن ئەو لایەنەوە هەڵدەبژێردرێت کەخاوەنی لیستەکەیە بەگوێرەی بڕگەی (٢) لەماددەی سیو حەوتی ئەم یاسایە.

## دەروازەی چوارەم
## بەڕێوەچوونی کارەکان لەئەنجومەندا

**ماددەی چل و پێنج:**

ئەجومەن لەهەولێر دانیشتنەکانی خۆی دەبەستێت و لەکاتی پێویستدا دەشێت هەر جێگایەکی تر هەڵبژێرێت.

**ماددەی چل و شەش:**

ئەنجومەن یەکەمین کۆبونەوەی خۆی لەسەعات دەی دەیەمین رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، دەبەستێت.

**ماددەی چل و حەوت:**

ئەنجومەن یەکەمین کۆبونەوەی خۆی بەسەرۆکایەتی پیرترین ئەندام دەبەستێت و ئەندامان ئەم سوێندە دەخۆن:

"سوێند دەخۆم بەخوای گەورە پارێزگاری بکەم لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی"

**ماددەی چل و هەشت:**

ئەنجومەن لەدانیشتنی یەکەمیدا بەرێگای دەنگدانی نهێنی سەرۆک و جێگری سەرۆک و سکرتێر بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی هەڵدەبژێرێت.

**ماددەی چل و نۆ:**

١. ئەنجومەن لەدانیشتنی یەکەمیدا کاتی خولەکانی کۆبونەوەکانی دەستنیشان دەکات بەمەرجێك لەساڵێکدا لەدوو خول کەمتر نەبێت.

٢. سەرۆکی ئەنجومەن یان چارەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن بۆیان هەیە بانگێشتی بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکەن و کۆبونەوەکە لەم بارەدا تایبەت دەبێت بەسەیرکردنی ئەو بابەتە دیاریکراوانەی بانگێشتەکەی لەسەرکراوە.

٣. سەرۆکی ئەنجومەن دەتوانێت داوای بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکات لەسەر داوای سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەکاتی پێویستدا.



**ماددەی پەنجا:**

١.دانیشتنەکانی ئەنجومەن راست نابن تەنها بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی نەبێت، بڕیارەکانی ئەنجومەن بەزۆرینەی رەهای ئامادەبووان وەردەگیرێت، تەنها لەو بارانەدا نەبێت کەزۆرینەیەکی تایبەتی دەوێت و لەکاتی یەکسانبوونی بیروڕاکاندا دەنگی سەرۆك یەکلاکەرەوە دەبێت.

٢. دەنگدان لەسەر پرۆژەی یاساکان ماددە بەماددە بەڕێوەدەچێت.

**ماددەی پەنجاو یەك:**

ماوەی ئەنجومەن سێ ساڵەو لەیەکەمین دانیشتنیەوە دەستپێدەکات و بەکۆتایهاتنی دواکۆبونەوەی ساڵی سێیەمی کۆتایی دێت.

**ماددەی پەنجاو دوو:**

دانیشتنەکانی ئەنجومەن ئاشکرایەو دەشێت نهێنی بن لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەن یان ژمارەیەك کە لەچارەکی ژمارەی ئەندامان کەمتر نەبێت و بەرەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان.

**ماددەی پەنجاو سێ:**

بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دروست بوو لەئەنجومەن یان بۆ دە لەئەندامانی هەیە پرۆژەی یاساکان پێشنیار بکەن و پرۆژەی یاسا سەیر ناکرێت بەر لەبینینی لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوەو هەر پرۆژەیەك ئەنجومەن رەتیکردەوە جارێکی تر لەماوەی هەمان ئەو خولەی دانیشتنەکاندا ناخرێتەوە بەردەمی.

**ماددەی پەنجاو چوار:**

١. هەموو ئەندامێکی ئەنجومەن بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن دەتوانێت پرسیارو لێپرسینەوە بەرامبەر ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات سەبارەت بەو بابەتانەی دەچنە چوارچێوەی ئەرك و دەسەڵاتەکانیان و دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە لەماوەی حەوت رۆژدا لەرۆژی ئاگادارکردنەوەیان و ئەگەر پێویستی کرد گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی لێپرسینەوەکە لەناو ئەنجومەندا جێبەجێ دەکرێت.

٢. بۆ چارەکی ئەندامانی ئەنجومەن هەیە داوایەکی هۆدار پێشکەش بکەن سەبارەت بەوەرگرتنەوەی متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن یان یەکێك لەئەندامانی، ئەنجومەن گفتوگۆ لەسەر ئەو داوایە ناکات دوای تێپەڕبوونی حەوت رۆژ بەسەریدا نەبێت و دەنگی لەسەر دەدرێت پاش ئەوەی دوو رۆژ بەتەواوی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

٣. ئەگەر ئەنجومەن بڕیاریدا متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن یان لەسەرۆکەکەی وەرگرێتەوە ئەوا دەبێت یەکسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بکات.

**ماددەی پەنجاو پێنج:**

سـەرۆکی ئەنجومـەن یـان ئـەوەی نوێنەرایـەتی دەکـات پاراسـتنی نیـزام لـەناو ئەنجومەنـدا دەگرێتە ئەستۆ.

## دەروازی پێنجەم
## ئەرك‌و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن

**ماددەی پەنجاو شەش:**

ئەنجومەن ئەم ئەرك‌و دەسەڵاتانەی خوارەوە پراکتیزە دەکات:

١. یاسادانان.

٢. بڕیاردان لەسەر پەیماننامەکان‌و مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق‌و دیاریکردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی نێوەندیدا.

٣. دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لەدەسەڵاتیدایە ئەندامانی دەسەڵاتەکەی لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەن یان لەکەسانی تر دەستنیشان بکات.

٤. متمانە پێدان‌و وەرگرتنەوەی متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٥. بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی‌و پلانەکانی پەرەسەندن.

٦. چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٧. پێکهێنانی لیژنە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەهەر مەسەلەیەك پێی باشبێت.

٨. دانانی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ خۆی‌و دیاریکردنی بودجەو میلاکەکانی‌و دامەزراندنی فەرمانبەرانی.

٩. پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی‌و کاتی لەئەندامەکانی بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ.

١٠. دانانی بنەماکانی تاوانباریی‌و دادگایی کردنی ئەندامان لەحاڵەتی لادانیان لەو سوێندەی خواردوویانە.

١١. شیکردنەوەی ئەو تانانەی پێشکەشی دەکرێت سەبارەت بەراستی هەڵبژاردنی ئەندامان‌و ئەندامێتی هیچ ئەندامێك پوچەڵ ناکرێتەوە تەنها بەبڕیارێك کەزۆرینەی سێیەکی ئامادەبووان دەریدەکەن.



## دەروازەی شەشەم
## تاوانەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی پەنجاو حەوت:**

سزا دەدرێت بەبەندکردن هەرکەسێك کە:

١. دەنگدەرانی بەپارە هەڵخەڵەتاندبێت یان ڕێگای فێڵ‌و توندوتیژی بەکارهێنابێت بۆ هەڵبژاردنی کەسێك یان ڕێگەگرتن لەهەڵبژاردنی.

٢. سندوقی دزی بێت یان دەستدرێژی کردبێتە سەر سندوق یان لەکاری خستبێت یان ئەوکارانەی بەکارتەکانی دەنگدان کردبێت یان بەهۆی بەرپێگرتنیەوە تاوانی ئەنجامدابێت، ئەمانە هەمووی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی یاسای سزادانەوە.

٣. چەند جارێك ناوی لەخشتەی هەڵبژاردندا بەئەنقەست تۆمارکردبێت.

٤. چەندجارێك دەنگی دابێت.

٥. لیستێکی جیاوازی لەو لیستە نوسیبێت کە لەلایەن دەنگدەرەوە داوایلێکراوە.

٦. ڕێگای لەدەنگدانی دەنگدەرێك گرتبێت بەهەر ڕێگایەك.

٧. ڕێگای لەبەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان گرتبێت یان بەربەستی بۆ دانابێت.

٨. ساختەکاری کردبێت لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا.

٩. سەرپێچی لەئەحکامەکانی پەیوەستدار بەپروپاگەندەی هەڵبژاردن کردبێت.

## دەروازەی حەوتەم
## ئەحکامی موتەفەریقە

**ماددەی چەنجاو هەشت:**

هیچ چەکدارێك یان هێزێکی چەکدار بۆی نیە بچێتە ناو ئەنجومەنەوە، یان نزیك دەرگاکانی بمێنێتەوە تەنها لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەن نەبێت.

**ماددەی پەنجاو نۆ:**

ئەو داوایانەی لەسەر هەڵبژاردنەکان پێشکەش دەکرێن دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان، گوێیان لێناگیرێت.

**ماددەی شەست:**

یاسا دەرکراوەکانی ئەنجومەن لەرۆژنامەیەکی تایبەتدا بڵاودەکرێنەوە کەئەنجومەن دەریدەکاتو بەجێبەجێکراو دادەنرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەیانەوە گەر هیچ مێژوویەکی تر بۆ جێبەجێکردنی دانەنرابێت.

**ماددەی شەستو یەك:**

ئەم یاسایە بەجێبەجێکراو دادەنرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا.

**دەرکرا لەرۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ٨/٤/١٩٩٢ی زاینی بەرامبەر بە١٩/ نەورۆزی/ ٢٦٩٢ی کوردی**

**سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی**

| | |
|---|---|
| ١. جەلال تاڵەبانی | یەکێتیی نیشتمانی کوردستان |
| ٢. مەسعود بارزانی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٣. عەبدوڵڵا ئاگرین | پارتی سۆسیالیستی کوردستان (پاسۆك) |
| ٤. رەسوڵ مامەند | پارتی سۆسیالیست لەکوردستانی عێراق |
| ٥. عەزیز محەمەد | حزبی شیوعی کوردستان |
| ٦. سامی عەبدولرەحمان | پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان |
| ٧. قادر عەزیز | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| ٨. یەعقوب یوسف | بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری |



## (پاشکۆی ژمارە ٣)
## دەقی یاسای هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان

بریاری ژمارە دووی ساڵی ١٩٩٢ رابەرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عیراق، بە لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندی گەلی کوردستانی عیراق، یاسای خوارەوەی دەرکرد :

### یاسای ژمارە دووی ساڵی ١٩٩٢
### یاسای هەڵبژاردنی رابەری
### بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان

**بەشی یەکەم :**

دەستورە گشتیەکان.

**بەندی یەکەم :**

گەلی کوردستانی عیراق، لە رێگای دەنگدانێکی گشتی، نهێنی و راستەو خۆدا، رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی هەڵدەبژێرێ، کە لە بوارەکانی ناوخۆو دەرەوەدا، ئەو رابەرە نوێنەرایەتی دەکاو لە لایەن ئەوەوە، دەدوێ.

**بەندی دووەم :**

ماوەی سەرپەرشتی رابەر چوار ساڵە.

**بەندی سێیەم :**

دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی رابەر، هاوکات دەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانییەو بۆ ئەم مەبەستە پەیرەوی لە دەستورەکانی بەشی هەشتەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢، لەو بەشانەدا دەکرێ کە پەیوەندی بە دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکان و راگەیاندنی بەرهەمی

**هەڵبژاردنەوە هەیە، بە شێوەیەک کە ناکۆکی لەگەڵ دەستورەکانی ئەم** یاسایە نەبێ.

**بەندی‌چوار:**

کۆری نیشتمانی، موچەی رابەر، بە گوێرەی یاسا دیاری دەکا.

**بەشی‌دووەم**

ئەو مەرجانەی کە بۆ پاڵێوراو دەنگدەرەکان دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

**بەندی‌پێنجەم:**

مەرجەکانی پاڵێوراو ئەمانەن:

١- کاتی هەڵبژێران، تەمەنی نابێ لە ٤٠ ساڵ کەمتر بێ.

٢- پێویستە لە هاووڵاتیانی کوردستانی عیراق‌و لە کوردستان نیشتەجێ بێ.

٣- مافی بەهرە وەرگرتنی، لە حقوقی مەدەنی و سیاسی هەبێ.

**بەندی‌شەشەم:**

دەنگدەردەبێ ئەو مەرجانەی تێدا بێ، کە لە بەندەکانی ١٩ و ٢٠ی ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢دا باس کراوە.

**بەشی‌سێیەم:**

داوای پاڵێوراوی و هەڵبژێران.

**بەندی‌حەوتەم:**

١- داوای پاڵێوراوی لە ماوەیەکی بەر لە هەڵبژاردن، کە نابێ لە ١٥ رۆژ کەمتر بێ، دەدرێ بە سەرۆکی لیژنەی بەرزی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە.

٢- لیژنەی بەرز، پێویستە لە ماوەی دوورۆژاندا، رای خۆی بەرانبەر بە داوای داواکاری پاڵێوراوی بداو رایگەیێنێ.



٣- ئەوەی پێشنیاری پاڵێوراوی رەتکراوەتەوە لە ماوەی دوو رۆژدا دەتوانێ نارەزایی خۆی بەرانبەر بەو بریاری رەد کرانەوەی پێشنهارەکەی، پێشکەشی دادگای ئیستئنافی کوردستان بکا، کە نەخشی دادگای تەمیزی هەیە.

٤- دادگا لە ماوەی دوو رۆژدا، دووا بریاری خۆی بەرانبەر بە گازندەی داواکاری پاڵێوراوی دەداو رایدەگەیێنێ. هەر کە رای دادگا درا، وەک ئەوەیە کە بە داخوازی پاڵێوران راگەیاندرابێ.

٥- لیژنەی بەرز، ناوی پاڵێوراوەکانی لە ماوەیەکی کە نابێ کەمتر لە حەوتوویەک بێ، رادەگەیێنێ.

**بەندی‌هەشتەم:**

ئەو کەسە لە هەڵبژاردندا دەیباتەوە کە زۆربەی موتڵەقی دەنگەکانی بۆ درابێ و ئەگەر هیچ کام لە پاڵێوراوەکان بەم چەشنە زۆربەی دەنگەکانیان نەهێناوە، نۆرەی دووەمی هەڵبژاردن ١٥رۆژ دوای یەکەم هەڵبژاردندا دەست پێ دەکاتەوە. بەم مەرجە ئەمجارە هەڵبژاردن لە نێوان ئەو کەسانەدا دەکرێ کە زۆربەی دەنگەکانیان هێناوەتەوەو ئەمجارە ئەو کەسە دەیباتەوە کە(تەنیا زۆربەی دەنگەکانی بۆ درابێ).

**بەشی‌چوارەم:**

ئەرک و دەسەڵاتی رابەر

**بەندی‌نۆهەم:**

رابەر، بەر لە دەستە و کاربوونی راپەراندنی ئەرکەکانی، لەبەرانبەر ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا بەم چەشنە سوێند دەخوا:

(بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە ئەمەک داری، پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق بکەم و بۆ پتەو کردنی ریزی

هێزەکانی نیشتمانی تێ بکۆشم و ڕێز لە دەسەڵاتداری یاساو بیچمی دیموکراتیک بگرم و بەرژەوەندی گەلەکەم لەبەر چاو بێ و بێ جیاوازی پارێزگاری لە مافەکانی ڕۆڵەکانی بکەم. پابەندی ئەو سنورە بم کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ پەیوەندی دەگەڵ دەسەلاتداری ناوەندیدا دیاری دەکا)

یەکەم: پەیوەندی ڕابەر لەگەڵ دەسەڵاتداری یاسا دانان.

**بەندی دەهەم :**

١- بانگهێشتنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوە لە خولی ئاسایی یان لە نۆبە بەدەر.

٢- واژۆ کردنی ئەو ڕێکەوتنامەیەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی دانی پێدا دەنێ.

٣- دەرکردنی ئەو یاساو دەستورانەی ئەنجومەنی نیشتمانی پشتی گرتوون.

٤- لەو ماوەیەدا کە کۆڕی نیشتمانی وەرزی پشوودانیەتی یان لە هەڵو مەرجی کوت و پڕدا، دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە بەقدرایی یاسا ڕێزیان لێ دەگیرێ. بەڵام پێویستە ئەو بڕیارانە هەر کە کۆڕی نیشتمانی کرایەوە پێشکەشی کۆڕ بکرێن بۆ ئەوەی لێیان بکوڵدرێتەوە.

٥-گەڵاڵەی یاساکان، پێشنیار بکات.

٦- بانگهێشتنی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بە گوێرەی یاسا لە ماوەی ١٥ ڕۆژ دوای کۆتایی کۆڕ یان دەرچوونی بڕیاری ئەو لەمەڕ ئەوە کە ئەنجومەنەکە خۆی، خۆی هەڵوەشێنێتەوە.

دووەم: پیوەندی ڕابەر لەگەڵ دەسەڵاتداری کارگێڕیدا.



**بەندی یازدەهەم :**

١- دەرکردنی فەرمانی بەرپرس کردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتداری کارگێڕی.

٢- دەر کردنی فەرمانی دامەزراندنی دەسەڵاتداری کارگێڕی، دوای ئەوەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بڕوانامەی پێدا.

٣- دەر کردنی دەستوری دیاریکران و لابرانی بەرپرسانی خاوەن موچەی جۆراو جۆرو وەرگرتنی داوای کشانەوەیان لە کار بە گوێرەی پێشنیاری دەزگاکانی پیوەندیدار.

٤- هەڵبژاردنی ڕاوێژکەران، دیاریکردن و لابردنیان.

٥- واژۆ کردنی حوکمی هەڵواسین (ئیعدام) یان سووک کردنەوەکی حوکمەکە.

٦- لەگەڵ دەسەڵاتداری کارگێڕی، سیاسەتی گشتی کوردستانی عیراق دا دەڕێژێ.

**بەندی دوازدەهەم :**

ڕابەر وەک فەرماندەی گشتی، گشت هێزە چەکدارە یەکگرتوەکانی کوردستانی عیراق دەژمێردرێ.

**بەشی پێنجەم**

دەستورە جیاوازەکان

**بەندی سێزدەهەم :**

سەرۆکی دەسەڵاتداری کارگێڕی، کاتێ لە ئارادا نەبوونی سەرۆک، بە هەر هۆیەک بێ، دەبێتە جێگری ئەو.

**بەندی چاردەهەم :**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، کاتی خاڵی مانەوەی

مەقامی سەرۆک، بە هەر هۆیەک بێ، ئەرکەکانی ئەو بەرێوە دەبا، تا سەرۆکێکی نوێ لە ماوەی دوو مانگ لە خاڵی مانەوەیێ مەقامی رابەر، هەڵبژێردرێ.

**بەندیپانزەهەم :**

دەزگای هەرە بەرزی دادگەری دەسەلاتی تایبەتی هەیە، بۆ چاوخشاندنەوە بەو گازەندانەی کە بەرانبەر بە بەروبۆی هەڵبژاردن دراون و رای ئەو دوا رایە.

**بەندیشازدەهەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا بلاو دەبێتەوەو لە برواری بلاو کردنەوەی را، دەبێ رەچاو بکرێ.



## (پاشکۆی ژمارە ٤)
## ئەنجای راستەقینەکانی هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩

THE HIGHCOMMITTEE FOR THE SUPERVISION
OF THE ELECTIONS IN KURDISTAN

الهيئة العليا المشرفة على انتخابات
المجلس الوطني الكوردستاني

**النتائج الحقيقية**

(نتائج توزيع مقاعد المجلس الوطني الكوردستاني)

BELOW THE RESULT OF DISTRIBUTING THE SITES IN NATIONAL ASSEMBLY OF KURDISTAN

| VALID VOTES الاصوات الصحيحة | IN VALID VOTES الاصوات الباطلة | NO. OF VOTERS عدد المقترعين |
|---|---|---|
| 967229 | 4724 | 971953 |

| المعدل الانتخابي . عدد الاصوات لكل مقعد<br>ELECTION AVERAG - NUNBER OF VOTES PER A SIT |
|---|
| 9719.53 |

| LIST القائمة | ACTUAL VOTES عدد الاصوات | PERCENTAGE% النسبة المئوية |
|---|---|---|
| 1 | 437879 | 45.05146 |
| 7 | 423833 | 43.60633 |
| 5 | 49108 | 5.052508 |
| 2 | 24882 | 2.56 |
| 4 | 21123 | 2.173253 |
| 3 | 9903 | 1.018876 |
| 6 | 501 | 0.515457 |

| TOTAL VOTES THAT RESERVE SITES عدد الاصوات التي حصلت على سبعة في المئة أو الاكثر | WITH RATIO النسبة المئوية |
|---|---|
| 861712 | 89.14301% |

| TOTAL VOTES THAT CANNOT RESERVE SITES عدد الاصوات التي لم تحصل على سبعة في المئة | WITH RATIO النسبة المئوية |
|---|---|
| 105517 | 10.85618 |

| TOTAL SITES WHICH RESERVED عدد المقاعد المشغولة | REMAIN SITES عدد المقاعد الباقية |
|---|---|
| 99 | 1 |

## (پاشکۆی ژمارە ٥)
## راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩)

THE HIGHCOMMITTEE FOR THE SUPERVISION
OF THE ELECTIONS IN KURDISTAN

الهيئة العليا المشرفة على انتخابات
المجلس الوطني الكوردستاني

(ادناه نتائج توزيع مقاعد المجلس الوطني الكوردستاني )

BELOW THE RESULT OF DISTRIBUTING THE SITES IN NATIONAL ASSEMBLY OF KURDISTAN

**النتائج المعلنة في المؤتمر الصحفي**

| VALID VOTES<br>الاصوات الصحيحة | IN VALID VOTES<br>الاصوات الباطلة | NO. OF VOTERS<br>عدد المقترعين |
|---|---|---|
| 957469 | 4702 | 962171 |

المعدل الانتخابي - عدد الاصوات لكل مقعد

ELECTION AVERAG - NUMBER OF VOTES PER A SIT

9621.71

| LIST<br>القائمة | ACTUAL VOTES<br>عدد الاصوات | PERCENTAGE%<br>النسبة المئوية |
|---|---|---|
| 1 | 428339 | 44.51797 |
| 7 | 423682 | 44.03396 |
| 5 | 49073 | 5.100237 |
| 2 | 24867 | 2.584468 |
| 4 | 21106 | 2.193581 |
| 3 | 9902 | 1.029131 |
| 6 | 500 | 5.196582 |

| TOTAL VOTES THAT RESERVE SITES<br>عدد الاصوات التي حصلت على سبعة في المئة أو اكثر | WITH RATIO<br>النسبة المئوية |
|---|---|
| 852021 | 89.04062% |

| TOTAL VOTES THAT CANNOT RESERVE SITES<br>عدد الاصوات التي لم تحصل على سبعة في المئة | WITH RATIO<br>النسبة المئوية |
|---|---|
| 105448 | 10.95938 |

TOTAL SITES WHICH RESERVED
عدد المقاعد المشغولة

REMAIN SITES
عدد المقاعد الباقية



| LIST<br>القائمة | ACTUAL VOITES<br>الاصوات الاولية | VOITES WHICH ADDED<br>عدد الاصوات المضافة | FINAL VOTES<br>الاصوات النهائية |
|---|---|---|---|
| 1 | 437879 | 53618.47 | 491497.5 |
| 7 | 423833 | 51898.53 | 475731.6 |
| TOTAL | 861712 | 105517 | 967229 |

النتائج النهائية هي كالاتي
THE FINAL RESULTS ARE

| LIST<br>القائمة | ACTUAL VOITES<br>الاصوات الاولية | VOTE AFTER-ARR.<br>عدد الاصوات بعد التدوير | RATIO %<br>النسبة المئوية<br>للأصوات المدورة | RATIO IN N.A<br>النسبة المئوية لمقاعد<br>المجلس |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 437879 | 491497.5 | 50.815 | 51% |
| 7 | 423833 | 475731.6 | 49.185 | 49% |

ئەنجامی راستەقینە
لیستەی ژمارە(١) لیستەی پارتی دیموکراتی کوردستان: ٥١٪
لیستەی ژمارە(٧) لیستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان: ٤٩٪

| LIST<br>القائمة | ACTUAL VOITES<br>الاصوات الاولية | VOITES WHICH ADDED<br>عدد الاصوات المضافة | FINAL VOTES<br>الاصوات النهائية |
|---|---|---|---|
| 1 | 428339 | 53012.19 | 481351.2 |
| 7 | 423682 | 52435.82 | 476117.8 |
| TOTAL | 852021 | 105448 | 957469 |

التنائج النهائية هي كالاتي

THE FINAL RESULTS ARE

| LIST<br>القائمة | ACTUAL VOITES<br>الاصوات الاولية | VOTE AFTER-ARR.<br>عدد الاصوات بعد التدوير | RATIO %<br>النسبة المئوية للاصوات المدورة | RATIO IN N.A<br>النسبة المئوية لمقاعد المجلس |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 428339 | 481351.2 | 30.2733% | 50% |
| 7 | 423682 | 476117.8 | 49.72671% | 50% |

ئەنجامی دەستکاری کراو

لیستەی ژمارە(١) لیستەی پارتی دیموکراتی کوردستان: ٥٠ ٪

لیستەی ژمارە(٧) لیستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان: ٥٠ ٪



## (پاشکۆی ژمارە ٦ )
## ڕاگەیەنراوی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن سەبارەت بە دەنگی لیستەکان لەپارێزگاکانی کوردستان

### SULAYMANIA LIST

| R.NO. | KDP | KSP | KPDP | ICP | ISL | IND | PUK | INVALID VOTES |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| TOTAL | 92449 | 11978 | 1118 | 5693 | 29334 | 213 | 207168 | 1211 |

TOTAL VALID VOTES OF SULAYMANIA = 347953
TOTAL INVALID VOTES OF SULAYMANIA = 1211
TOTAL VOTES OF SULAYMANIA = 349164

### HAWLER LIST

| R.NO. | KDP | KSP | KPDP | ICP | ISL | IND | PUK | INVALID VOTES |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| TOTAL | 152143 | 8883 | 2101 | 11047 | 11092 | 184 | 148352 | 2025 |

TOTAL VALID VOTES OF HAWLER =333802
TOTAL INVALID VOTES OF HAWLER = 2025
TOTAL VOTES OF HAWLER =335827

### DIHOK LIST

| R.NO. | KDP | KSP | KPDP | ICP | ISL | IND | PUK | INVALID VOTES |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| TOTAL | 168683 | 1983 | 6051 | 1546 | 3874 | 49 | 15184 | 982 |

TOTAL VALID VOTES OF DIHOK = 197370
TOTAL INVALID VOTES OF DIHOK = 982
TOTAL VOTES O F DIHOK = 198 352

### KARKUK LIST

| R.NO. | KDP | KSP | KPDP | ICP | ISL | IND | PUK | INVALID VOTES |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| TOTAL | 24604 | 2038 | 633 | 2837 | 4808 | 55 | 53129 | 506 |

TOTAL VALID VOTES OF KARKUK = 88104
TOTAL INVALID VOTES OF KARKUK = 506
TOTAL VOTES OF KARKUK = 88610

### TOTAL

| R.NO. | KDP | KSP | KPDP | ICP | ISL | IND | PUK | INVALID VOTES |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| TOTAL | 437879 | 24882 | 9903 | 21123 | 49108 | 501 | 423833 | 4724 |

TOTAL VALID VOTES = 967229
TOTAL INVALID VOTES = 4724
TOTAL VOTES = 971953

## (پاشكۆی ژماره ٧)
## راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی کەمەنەتەوە مەسیحییەکان

المعدل الانتخابي - عدد الاصوات لكل مقعد
ELECTION AVERAGE-NUMBER OF VOTS PER A SIT

2394.2

| LIST القائمة | ACTUAL VOTES عدد الاصوات | PERCENTAGE % النسبة المئوية | |
|---|---|---|---|
| 1 | 6543 | 54.63709 % | |
| 4 | 2757 | 23.03066 % | |
| 3 | 2134 | 17.82641 % | ← كلدواشور |
| 2 | 537 | 4.485041 % | ← ديمقراطي مسيحي |

| TOTAL VOTES THAT RESERVE SITES عدد الاصوات التي حصلت على عشرين في المئة او اكثر | WITH RATIO النسبة المئوية |
|---|---|
| 9300 | 77.68775 % |

| TOTAL VOTES THAT CANNOT RESERVE SITES عدد الاصوات التي لم تحصل على عشرين في المئة | WITH RATIO النسبة المئوية |
|---|---|
| 2671 | 22.31226 % |

| TOTAL SITES WHICH RESERVED عدد المقاعد المحجوزة | REMAIN SITES عدد المقاعد الباقية |
|---|---|
| 4 | 1 |

| LIST القائمة | ACTUAL VOTES الاصوات الاولية | VOTES WHICH ADDED عدد الاصوات المضافة | FINAL VOTES الاصوات النهائية |
|---|---|---|---|
| 1 | 6543 | 1879.126 | 8422.126 |
| 4 | 2757 | 771.0006 | 3510.881 |
| TOTAL | 9300 | 2670.727 | 11970.93 |

THE FINAL RESULTS ARE النتائج النهائية هي كالاتي

| LIST القائمة | ACTUAL VOTE الاصوات الاولية | VOTE AFTER-ARR. عدد الاصوات بعد التدوير | RATIO % النسبة المئوية للمقاعد المحجوزة | RATIO I النسبة المئوية لمقاعد المجلس |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 6543 | 8422.126 | 3.517721 | 4 |
| 4 | 2757 | 3548.881 | 1.487249 | 1 |



## (پاشكۆی ژماره ٨)
## راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنی رابەر

الهيئة العليا المشرفة
على انتخابات المجلس
الوطني لكوردستان العراق

نموذج /أ/٢
محضر الانتخاب
في المركز الانتخابي

محافظة /
المنطقة الانتخابية /
المركز الانتخابي رقم( )

الى / اللجنة المشرفة على الانتخابات في المنطقة الانتخابية رابه ر
ادناه نتائج انتخابات في المركز الانتخابي رقم ( )

### الخاصة بانتخاب قائد الحركة التحررية الكوردستانية

| القوائم المرشحة | | عدد الاصوات التي حصل عليها | |
|---|---|---|---|
| | اسم القائمة | رقما | كتابة |
| ١ | جلال حسام الدين الطالباني | ٤٤١٠٥٧ | |
| ٢ | محمود علي عثمان | ٢٣٣٠٩ | |
| ٣ | مسعود مصطفى البارزاني | ٤٦٦٨١٩ | |
| ٤ | عثمان عبدالعزيز محمد | ٣٨٨٦٥ | |

| | | |
|---|---|---|
| عدد البطاقات الصحيحة | ٩٧٠٠٥٠ | |
| عدد البطاقات الباطلة | ١٢٥٩٩ | |
| عدد المصوتين | ٩٨٢٦٤٩ | |

مجموع عدد الاصوات لجميع القوائم يساوي عدد البطاقات الصحيحة .
البطاقات الباطلة هي :
**١-البطاقة غير المختومة بختم لجنة المركز.**
**٢-البطاقة الخالية من اية اشارة الي احدى القوائم المرشحة او التي تثير لبسا في اختيار احدى القوائم.**
**٣-البطاقة المؤشرة لاكثرمن قائمة .**

٤٩١٣٢٥ الاكثرية المطلقة

## (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٩)
## ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان

### ناوونيشانى ئەندامانى يەكەم پەرلەمانى كوردستان بەم جۆرەيە :

### ليستەى پارتى ديموكراتى كوردستانى عيراق

| ناوى سيانى | سالى لە دايكبوون | پلەى خويندن |
|---|---|---|
| ١- ابراهيم سەعيد محمد | ١٩٤٥ | ئەندازيار |
| ٢- ادريس هادى صالح | ١٩٥٢ | دوكتورا لە ئەندازە |
| ٣- ئازاد فەتاح رەشيد ميران | ١٩٤٤ | ماجستير لە زانيارى سەربازى |
| ٤- احمد سالار عبدالواحد | ١٩٤٧ | بكالوريوس لە هونەر |
| ٥- احمد عەلى عومەر | ١٩٥٧ | پاريزەر |
| ٦- اكبر حيدر موسى | ١٩٤١ | كادرى حيزبى |
| ٧- اكرم عزت نجيب | ١٩٣٠ | پاريزەر |
| ٨- بارزان خالد عزيز | ١٩٤٥ | كادرى حيزبى |
| ٩- جعفەر شيخ على عبدالعزيز سەركان | ١٩٤٩ | ئەندازيارى كشتو كالٌ |
| ١٠- جميل عبدى سندى | ١٩٥٢ | دبلوم لە ئابورى |
| ١١- جوهەر احمد شاوازگەلالى | ١٩٥٦ | پاريزەر |
| ١٢- جەوهەر نامق سالم | ١٩٤٦ | بكاليورس لە ئابوورى |
| ١٣- حسن حسين بفرى | ١٩٦٢ | پزيشك |
| ١٤- حمە نجم حمە فەرەج جاف | ١٩٤٦ | دوكتورا لە پزيشكايەتى |
| ١٥- حميد سليم ميران | ١٩٣٩ | ئەندازيار |
| ١٦- خيرى سعيد على بگ يزدى | ١٩٣٠ | رابەرى ئايينى |
| ١٧- د.رۆژ نورى صديق شاوەيس | ١٩٤٧ | دوكتورا لە ئەندازە |
| ١٨- سعيد محمەد سعيد هرورى | ١٩٤٣ | پاريزەر |
| ١٩- سەفەر محمد حسين دوسكى | ١٩٤٩ | دادوەر |
| ٢٠- سليم على حاجى مەلو | ١٩٤٣ | عەميدى كولێژ |
| ٢١- شفيق فقە عبدالله | ١٩٥٤ | مامۆستا |
| ٢٢- شيروان ناصح الحيدرى | ١٩٥٤ | پاريزەر |
| ٢٣- ملاطلحە سعيد قەرەنى | ١٩٣٠ | امام و خطيب |



| ناوى سيانى | سالى لە دايكبوون | پلەى خويندن |
|---|---|---|
| ٢٤- صلاح الدين ابراهيم دلو | ١٩٥٠ | كادرى حيزبى |
| ٢٥- عدنان محمد حسام النقشبندى | ١٩٣٨ | پاريزەر |
| ٢٦- عفان عثمان شيخ حسام‌الدين النقشبندى | ١٩٤٣ | بەرێوەبەرى قوتابخانە |
| ٢٧- فاضل روف جقزى | ١٩٥٣ | كادرى حيزبى |
| ٢٨- فرحان عبدالله اغا الشرفانى | ١٩٥٦ | خاوەن زەوى |
| ٢٩- فرسەت احمد عبدالله | ١٩٤٦ | پاريزەر |
| ٣٠- فرنسو تزما كانون الحريرى | ١٩٣٧ | كادرى حيزبى |
| ٣١- فلك الدين صابر كاكەيى | ١٩٤٣ | نووسەر |
| ٣٢- فوزيە عزالدين رشيد | ١٩٥٣ | مامۆستا |
| ٣٣- قاسم محمەد قاسم | ١٩٥١ | پزيشكى ئاژەلٌدارى |
| ٣٤- قيس ديوالى سعيد الدوسكى | ١٩٥٧ | دوكتورا لە ياسا |
| ٣٥- كانبى عزيز احمد دزەيى | ١٩٢٧ | پاريزەر |
| ٣٦- مامون نور محمد بريفكانى | ١٩٤٩ | ئەندازيار |
| ٣٧- شيخ محسن خالد مفتى | ١٩٥٧ | امام و خطيب |
| ٣٨- محسن صالح الكتانى | ١٩٣١ | جوتيار |
| ٣٩- محمد امين مولودامين (امين مولود) | ١٩٣١ | دبلوم لە بازرگانى |
| ٤٠- ملا محمد طاهر زين‌العابدين | ١٩٤٧ | امام و خطيب |
| ٤١- محمد سعيد احمد اليعقوبى | ١٩٤٤ | پاريزەر |
| ٤٢- ملا محمد شريف طاهر الدوسكى | ١٩٤٩ | امام و خطيب |
| ٤٣- محمد عبدالقادر احمد | ١٩٣٤ | كادرى حيزبى |
| ٤٤- ملا محمد فندى ديرشەوى | ١٩٣٩ | امام و خطيب |
| ٤٥- محمد محمد امين بابكر | ١٩٣٧ | فەرمانبەر |
| ٤٦- نهاد نورالدين رشيد | ١٩٢٨ | پاريزەر |
| ٤٧- ملا هادى خضر كوێخا | ١٩٣٧ | پيشە سازى |
| ٤٨- وريا احمد محمد امين | ١٩٤٣ | پاريزەر |
| ٤٩- يحيى محمد عبدالكريم برزنجى | ١٩٤٨ | بكالوريوس لە ئاداب |
| ٥٠- يونس محمد سليم رۆژبەيانى | ١٩٤٣ | ئەفسەرى خانەنيشين |

## لیستەی یەکێتی نیشتمانی و حیزبی زەحمەتکێشان

| ناوی سیانی | ساڵی لە دایکبوون | پلەی خوێندن |
| --- | --- | --- |
| ١- ابوبکر حاجی صفر غلام | ١٩٤٤ | دەرچووی ناوەندی |
| ٢- احمد ابوبکر حسن بامرنی | ١٩٥١ | دکتۆرا |
| ٣- احمد طاهر احمد نقشبندی | ١٩٣٦ | بکالۆریۆس |
| ٤- ارسلان بایز اسماعیل | ١٩٥٠ | بکالۆریۆس |
| ٥- ایاد حاجی نامق مجید بقال | ١٩٦٢ | پارێزەر |
| ٦- پەریخان محمود عبدالقادر(شمام) | ١٩٥٦ | بکالۆریۆس |
| ٧- جلال جوهر عزیز | ١٩٥٤ | بکالۆریۆس |
| ٨- جلال شفیق علی | ١٩٣٦ | دکتۆرا |
| ٩- حسن حمید رحیم (روستم) | ١٩٤٩ | دەرچووی سەرەتایی |
| ١٠- حسن کانبی حضر بلباس | ١٩٢٤ | بکالۆریۆس لە یاسا |
| ١١- حسن عبدالکریم برزنجی | ١٩٤٢ | بکالۆریۆس لە یاسا |
| ١٢- حسن احمد عبدالله کوێستانی | ١٩٥٤ | ناوەندی |
| ١٣- حسین عارف عبدالرحمن | ١٩٣٦ | بکالۆریۆس لە یاسا |
| ١٤- خسرو گوڵ محمد | ١٩٤٩ | بکالۆریۆس |
| ١٥- سعدی احمد محمد | ١٩٤٩ | بکالۆریۆس |
| ١٦- سعید علی خان عبدل سلیڤانی | ١٩٥١ | بکالۆریۆس |
| ١٧- سلام کریم خان محمود خلیفه | ١٩٦١ | بکالۆریۆس |
| ١٨- سیروان محمد نوروڵ | ١٩٤٧ | کۆلێژی سەربازی |
| ١٩-شوکت حاجی مشیر محمد | ١٩٤٨ | ناوەندی |
| ٢٠- شیرکۆ فایق عبدالله بێکەس | ١٩٤٠ | ئامادەیی |
| ٢١- صلاح‌الدین عبدالحمید عبدالله | ١٩٥٦ | بکالۆریۆس |
| ٢٢-صلاح الدین محمدحسن خفید | ١٩٣٤ | دکتۆرا |
| ٢٣- طه محمد طه (ملا) | ١٩٢٥ | زانای ئاینی |



| | | |
| --- | --- | --- |
| ٢٤-طارق محمد سعید جامباز | ١٩٤٨ | خانەی مامۆستایان |
| ٢٥- عبدالله رسول علی(کۆسرەت) | ١٩٥٢ | ئامۆژگاری کشتوکاڵی |
| ٢٦-عبدالله حاجی ابراهیم عبدالله(حاجی) | ١٩٥٠ | ناوەندی |
| ٢٧- عبدالخالق محمد رەشید زەنگەنە | ١٩٤١ | ئامۆژگاری پیشەسازی |
| ٢٨-عبدالکریم کاکە حەمە عبدالکریم | ١٩٤٩ | ئامادەیی |
| ٢٩- عزالدین مصطفی رسول | ١٩٣٤ | دکتۆرا |
| ٣٠- علی عبدالله احمد | ١٩٥٣ | بکالۆریۆس |
| ٣١- علی رسول روستم | ١٩٤١ | ئامادەیی |
| ٣٢- عمر سید علی حسین | ١٩٤٥ | خانەی مامۆستایان |
| ٣٣- عمر عبداللەمحمد (ملازم عمر) | ١٩٤٧ | کۆلێژی سەربازی |
| ٣٤- قادر عزیز حمد امین | ١٩٥٤ | ناوەندی |
| ٣٥- قادر ممند بابکر اغا | ١٩٤٢ | ناوەندی |
| ٣٦- کمال ابراهیم فرج شالی | ١٩٤١ | بکالۆریۆس |
| ٣٧- کمال جلال غریب | ١٩٢٩ | بکالۆریۆس |
| ٣٨- کمال عبدالکریم محمد فؤاد | ١٩٣٢ | دکتۆرا |
| ٣٩- گەلاوێژ عبدالجبارمجید جباری | ١٩٥٤ | خانەی مامۆستایان |
| ٤٠- محمد امین عبدالحکیم محمد(ملا) | ١٩٤٧ | زانای ئاینی |
| ٤١- محمد توفیق حمە رحیم | ١٩٥٣ | بکالۆریۆس لە ئەندازە |
| ٤٢- محمد فاضل‌محمد عزیز قفطان | ١٩٤٣ | دکتۆرا |
| ٤٣- محمد فؤاد معصوم خضر | ١٩٣٨ | دکتۆرا |
| ٤٤- مصطفی قادر مصطفی | ١٩٥٨ | ئامۆژگای کشتو کاڵ |
| ٤٥- مظهر علی مصطفی‌کاکی هیرانی | ١٩٥٦ | ئامادەیی |
| ٤٦- نوشیروان فؤاد معروف مەستی | ١٩٤١ | کۆلێژی سەربازی |
| ٤٧- نجم‌الدین عزیز اسماعیل(سالار) | ١٩٤٩ | قوتابی زانکۆ |
| ٤٨- نژاد احمد عزیز اغا | ١٩٢٧ | بکالۆریۆس |
| ٤٩- نهلە محمد سعدالله | ١٩٥٧ | بکالۆریۆس |
| ٥٠- هێرۆ ابراهیم احمد | ١٩٤٨ | بکالۆریۆس |

## لیستەی بزوتنەوەی دیموکراتیکی ئاشوری

| ناوی سیانی | ساڵی لە دایکبوون | پلەی خوێندن |
|---|---|---|
| ١- یونادم یوسف کنا | ١٩٥١ | ئەندازیار |
| ٢- شمائیل ننو بنیامین | ١٩٥٩ | ئەندازیار |
| ٣- فرنسیس یوسف شابو | ١٩٥١ | ئەندازیار |
| ٤- اکرم عاشور عودیش | ١٩٤٨ | مامۆستا |

## لیستەی یەکگرتووی مەسیحیەکانی کوردستان

| ناوی سیانی | ساڵی لە دایکبوون | پلەی خوێندن |
|---|---|---|
| ١- سرکیس اغا جان مامندۆ | ١٩٦٢ | کاسب |



## (پاشکۆی ژمارە ١٠)
## ناوی ئەندامانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم

| ژ | ناو | پۆست | حیزب |
|---|---|---|---|
| ١ | فوئاد مەعصوم | سەرۆك وەزیر | یەکێتی |
| ٢ | رۆژ نوری شاوەیس | جێگری سەرۆك وەزیر | پارتی |
| ٣ | ئەمین مەولود | پیشەسازی و ووزە | یەکێتی |
| | ئەمین عبدالرحمن | جێگر | پارتی |
| ٤ | شێرکۆ بێکەس | رۆشنبیری | یەکێتی |
| | ئەحمەد سالار | جێگر | پارتی |
| ٥ | محەمەد تۆفیق | هاوکاری مرۆڤایەتی | یەکێتی |
| | کەمال کەرکوکی | جێگر | پارتی |
| ٦ | ئیدریس هادی | گواستنەوەو گەیاندن | پارتی |
| | فەرەیدون رەفیق | جێگر | یەکێتی |
| ٧ | یونادم یوسف | ئیشغاڵ و ئیشتەجێبوون | بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری |
| | تەیب جەبار ئەمین | جێگر | یەکێتی |
| ٨ | ناسیح غەفور | پەروەردە | پارتی |
| | عوسمان حەسەن | جێگر | یەکێتی |
| ٩ | قادر عەزیز | کشتوکاڵ | زەحمەتکێشان |
| | ئەکرەم عیزەت | جێگر | پارتی |
| ١٠ | کەمال موفتی | کاروباری پێشمەرگە | یەکێتی |
| | ئازاد فەتاح | جێگر | پارتی |
| ١١ | مەعروف رەئوف | داد | سەربەخۆ |
| ١٢ | سەلاحەدین حەفید | دارایی و کاروباری ئابوری | یەکێتی |
| | سەلاح دەلۆ | جێگر | پارتی |
| ١٣ | کەمال شاکر | تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی | شیوعی |
| | ئەبلەحەد ئەفرام | جێگر | پارتی |
| ١٤ | محەمەد مەلا قادر | ئەوقاف | پارتی |
| | محەمەد صالح | جێگر | یەکێتی |
| ١٥ | مەئمون بریفکانی | بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە | پارتی |
| | حسێن سنجاری | جێگر | یەکێتی |
| ١٦ | یونس رۆژبەیانی | ناوخۆ | پارتی |
| | ئەحمەد شەریف | جێگر | یەکێتی |

## (پاشكۆی ژماره ١١)
## كابینەی دووەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان

| ناو | پۆست | حیزب |
|---|---|---|
| كۆسرەت رەسوڵ عەلی | سەرۆك وەزیران | یەكێتی |
| د. رۆژ نوری شاوەیس | جێگری سەرۆك وەزیر | پارتی |
| یونس رۆژبەیانی | ناوخۆ | پارتی |
| قادر عزیز محەمەد جباری | داد | یەكێتی |
| د.ئیدریس هادی صالح | گواستنەوەو گەیاندن | پارتی |
| محمد ئەمین مەولود | پیشەسازیی و وزە | یەكێتی |
| شێركۆ بێكەس | رۆشنبیریی | یەكێتی |
| دارۆی شێخ نوری | دارایی و كاروباری ئابووری | یەكێتی |
| سەعدی ئەحمەد پیرە | كشتوكاڵ و ئاودێریی | یەكێتی |
| كافیە سولەیمان | شارەوانی و گەشت وگوزار | یەكێتی |
| كەما شاكیر | تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی | حسك |
| جەبار فەرمان | كاروباری پێشمەرگە | یەكێتی |
| مەئمون بریفكانی | بنیتنان و ئاوەدانكردنەوە | پارتی |
| محەمەد تۆفیق رەحیم | هاوكاری مرۆڤایەتی | یەكێتی |
| محەمەد مەلا قادر | ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی | پارتی |
| د. ناصح غەفور | پەروەردە | پارتی |
| یونادم یوسف كنا | ئیشغال و نیشتەجێبوون | ئاشووری |



## (پاشكۆی ژماره ١٢)
## كابینەی سێیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان - پارتی

| ناو | پۆست | حیزب |
|---|---|---|
| د. رۆژ نوری شاوەیس | سەرۆك وەزیران | پارتی |
| نێچیرەڤان بارزانی | جێگری سەرۆك وەزیر | پارتی |
| شوكت شیخ یەزدین | دارایی و كاروباری ئابووری | پارتی |
| یونادم یوسف كنا | ئیشغال و نیشتەجێبوون | بزوتنەوەی ئاشووری |
| قادر جباری | داد | پارتی |
| ئەبوحیكمەت | كشتوكاڵ و ئاودێریی | كاری سەربەخۆ |
| د. جەرجیس حسن | پەروەردە | پارتی |
| د.شەفیق قەزاز | هاوكاری مرۆڤایەتی | پارتی |
| د.ئیدریس هادی صالح | پیشەسازیی و وزە | پارتی |
| شێخ مەئمون بریفكانی | بنیتنان و ئاوەدانكردنەوە | پارتی |
| فازیل میرانی (موتنی) | ناوخۆ | پارتی |
| فەلەكەدین كاكەیی | رۆشنبیری | پارتی |
| حسێن سنجاری | شارەوانی و گەشتوگوزار | پارتی |
| حەمید عەقراوی | گواستنەوەو گەیاندن | پارتی |
| كەمال شاكیر | تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی | شیوعی كوردستان |
| كاوە مەحموود حەفید | ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی | پارتی |
| زەعیم عەلی | كاروباری پێشمەرگە | پارتی |
| د.جاسم ئلیاس | وەزیری هەرێم | پارتی |
| فرانسوا هەریری | وەزیری هەرێم | پارتی |

## (پاشکۆی ژمارە ١٣)
## کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان - یەکێتی

| ناو | پۆست | حیزب |
|---|---|---|
| کۆسرەت رەسوڵ علی | سەرۆك وەزیران | یەکێتی |
| د.کەمال فوئاد | جێگری سەرۆك وەزیر | یەکێتی |
| دارا شێخ نوری | دارایی و کاروباری ئابووری | یەکێتی |
| عادل ناسر | ئیشغال و نیشتەجێبوون | یەکێتی |
| عبدالرحمن نەوڕسی | داد | |
| سالار عەزیز | کشتوکاڵ و ئاودێریی | یەکێتی |
| ئەرسەلان بایز | پەروەردە | یەکێتی |
| سەعدی پیرە | هاوکاری مرۆڤایەتی | یەکێتی |
| بەهمەن حسێن | بنیتنان و ئاوەدانکردنەوە | |
| ملازم عمر عبدالله | ناوخۆ | یەکێتی |
| جەمال عبدالله | رۆشنبیری | یەکێتی |
| کافیە سلێمان | شارەوانی و گەشت وگوزار | یەکێتی |
| نجم حسێن سورچی | گواستنەوە و گەیاندن | پارێزگاران |
| عیماد احمد | تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی | یەکێتی |
| محمد عبدالعزیز | ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی | بزوتنەوەی ئیسلامی |
| کمال موفتی | کاروباری پێشمەرگە | یەکێتی |



## (پاشکۆی ژمارە ١٤)
## کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان - پارتی

| | پلە | ئەندامی کابینە |
|---|---|---|
| ١ | سەرۆك وەزیر | نێچیرڤان ئیدریس بارزانی |
| ٢ | جێگری سەرۆك وەزیر | سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ |
| ٣ | وەزیری ناوخۆ | کەریم سنجاری |
| ٤ | وەزیری کاروباری پێشمەرگە | حەمید ئەفەندی (حەمید حوسێن مەلا) |
| ٥ | وەزیری پەروەردە | عبدولعەزیز تەیب ئەحمەد |
| ٦ | وەزیری دارایی و ئابوری | سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ |
| ٧ | وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی | عەدنان نەقشەبەندی |
| ٨ | وەزیری داد | هادی عەلی عەبدولکەریم |
| ٩ | وەزیری رۆشنبیری | سامی شۆرش |
| ١٠ | وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری | ئازاد عزەددین مەلافندی |
| ١١ | وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار | بارزان موحسین دزەیی |
| ١٢ | وەزیری پیشەسازی و ووزە | یۆنان مرقس حەننا |
| ١٣ | وەزیری هاوکاری و کاروباری مرۆڤایەتی | شەفیق قەزاز |
| ١٤ | وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی | جەمال عبدولحەمید |
| ١٥ | وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن | نازەنین موحەممەد وسو |
| ١٦ | وەزیری گواستنەوە و گەیاندن | حەیدەر فەیلی |
| ١٧ | وەزیری مافی مرۆڤ | موحەممەد ئیحسان سلێڤانی |
| ١٨ | وەزیری هەرێم | یوسف حەننا یوسف |
| ١٩ | وەزیری هەرێم | مەحمود کاوە حەفید |
| ٢٠ | وەزیری هەرێم | ئەمر کەچۆ حەسەن |
| ٢١ | وەزیری هەرێم | جەودەت جەرجیس نەجار |
| ٢٢ | وەزیری هەرێم | فەلەکەددین کاکەیی |
| ٢٣ | وەزیری هەرێم | فەلاح مستەفا بەکر |
| ٢٤ | وەزیری هەرێم | عەبد کەریم موراد |
| ٢٥ | وەزیری هەرێم | عبدولوهەیمەن بارزانی |

## (پاشکۆی ژمارە ١٥)
## ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان ئیدارەی سلێمانی

# ناوی سەرۆکەکانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ڕێژەی دەنگەکانیان

...ەوی (٥٨) ئەنجومەنی شارەوانی لەسەرتاسەری ناوچەکانی دەسەلاتی حکومەتی شەرعی هەرێمی کوردستاندا، پاڵێوراوانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پۆستی سەرۆکایەتی (٥٣) ئەنجومەنیان بەدەستهێنا، کە ئەمە ناوەکانیانە:

| ژ | ناوی ئەنجومەن | سەرۆکی هەڵبژێردراو | ڕێژەی دەنگی بەدەست هاتوو |
|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | حاکم قادر حەمەجان | ٪٦٩,٢ |
| ٢ | بەکرەجۆ | عەلی ڕەحیم قادر | ٪٧٢,٥ |
| ٣ | قەرەداغ | حسێن محەمەد ئەمین | ٪٧٢,٨ |
| ٤ | تانجەرۆ | دارا فەتاح ڕەشید | ٪٧٠,٢ |
| ٥ | بازیان | ڕەئوف محەمەد فەتاح | ٪٨٦,٧ |
| ٦ | ڕاپەڕین | محەمەد حەمەتالیب قادر | ٪٧٦,٤ |
| ٧ | تاسلوجە | عەبدوڵڵا محەمەد سلێمان | ٪٧٤,١ |
| ٨ | ئەلایی | حەمەلاو حەمەد ڕەزا محەمەد ئەمین | ٪٧٤,٨ |
| ٩ | گۆپالە | شۆڕش مەحمود تۆفیق | ٪٨٣,٤ |
| ١٠ | باینجان | جەوهەر دەرویش مەجید | ٪٩٠,١ |
| ١١ | تەینال | کەمال حەمەد ئەمین مستەفا | ٪٩٣,٣ |
| ١٢ | شارەزوور | عەزیز محەمەد ئەمین ئەحمەد | ٪٥٣,٥ |
| ١٣ | تەوێڵە | دڵسۆز محەمەد سان ئەحمەد | ٪٥٥,٧ |
| ١٤ | پێنجوێن | ئازاد عەبدوڵڵا حەمە عەلی | ٪٩٧,٤ |
| ١٥ | گەرمك | محەمەد سەردار حەسەن | ٪٦٨,٨ |
| ١٦ | ئالپارێز | عومەر ئەحمەد حەمەئەمین | ٪٨٧,٩ |
| ١٧ | چوارتا | ئاوات محەمەد غەفور | ٪٩٧,٩ |
| ١٨ | باستێ | خالید عەبدوڵڵا حەسەن | ٪٩٨,٤ |
| ١٩ | بەرزنجە | عوسمان سورە ڕەشید | ٪٨٠,٤ |
| ٢٠ | ماوەت | ئیبراهیم فەتاح قادر | ٪٥٠,٤ |
| ٢١ | کەناروێ | عوسمان هادی مستەفا | ٪٩٦,٥ |
| ٢٢ | دوکان | ئامانج تەها ڕەزا | ٪٦٠,٧ |
| ٢٣ | خەلەکان | عومەر حەسەن خدر | ٪٧٠,٤ |
| ٢٤ | سورداش | عەلی مەجید مەحمود | ٪٨٣,٨ |
| ٢٥ | بنگرد | هەمزە برایم سوارە | ٪٩٩ |
| ٢٦ | پیرەمەگرون | عوسمان محەمەد گورون | ٪٧٧,٥ |
| ٢٧ | ڕانیە | ئەسعەد حەمە ئەحمەد | ٪٧٨,٨ |
| ٢٨ | چوارقورنە | حەسەن ئیبراهیم مام ڕەسول | ٪٨٩,٧ |
| ٢٩ | سەروچاوە | محەمەد مستەفا عەبدوڵڵا | ٪٧٨,٩ |
| ٣٠ | حاجیاوا | عەبدولرەحمان مەحمود محەمەد | ٪٧٨,٥ |
| ٣١ | قەلادزێ | دلاوەر فوئاد ئەحمەد | ٪٨٣,٣ |
| ٣٢ | هێرۆ | عەبدوڵڵا مەحمود ئەحمەد | ٪٩٥,٣ |
| ٣٣ | سەنگەسەر | عەبدوڵڵا ئیسماعیل حەسەن | ٪٨٤,٢ |
| ٣٤ | هەڵشۆ | محەمەد حەسەن ئیبراهیم | ٪٦٧,٣ |
| ٣٥ | کۆیە | ئاراز حەویز سادق | ٪٨٩,٧ |
| ٣٦ | تەق تەق | ئازاد مامەند خالید | ٪٩٨,٦ |
| ٣٧ | پالیسان | جەمال ڕەسول حاجی | ٪٩٤,٣ |
| ٣٨ | ئاشتی | محەمەد ئەحمەد محەمەد | ٪٩٦,٧ |
| ٣٩ | چەمچەماڵ | محەمەد تاهیر شێخ محەمەد | ٪٧٣,٥ |
| ٤٠ | شۆڕش | ئەوزاد جەلال محەمەد ئەمین | ٪٨٤,٢ |
| ٤١ | تەکیە | عومەر محەمەد ئەمین ئەحمەد | ٪٨١,٩ |
| ٤٢ | سەنگاو | سەمەد عومەر مستەفا | ٪٩٥,٥ |
| ٤٣ | ئاغجەلەر | ئیبراهیم ئەحمەد حەمەد ئەمین | ٪٩٨,٢ |
| ٤٤ | قەرەناو | ئەجم خورشید حەمە شەریف | ٪٩٥,١ |
| ٤٥ | دەربەندیخان | حەسەن حسێن عەلی | ٪٦٥,٣ |
| ٤٦ | کەلار | حەسەن جیهاد ئەمین | ٪٧٩,١ |
| ٤٧ | پێباز | ئەحمەد وەهاب حسێن | ٪٧٤,١ |
| ٤٨ | سمود | تەیمور ئامیق محەمەد ئەمین | ٪٨٥,٢ |
| ٤٩ | کفری | شوکر محەمەد حەیدەر | ٪٦٧,٦ |
| ٥٠ | ئەوجول | موەفەق مەردان ئەحمەد سلێمان | ٪٩٨,٦ |
| ٥١ | سەرقەڵا | عەلی باقی محەمەد | ٪٩٧,٢ |
| ٥٢ | قۆرەتو | هەلکەوت مەحمود عەلی | ٪١٠٠ |
| ٥٣ | مەیدان | فوئاد کەریم عەبدولرەحمان | ٪٩٦ |

هەروەها پاڵێوراوانی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنانەیان بەدەستهێنا:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٤ | هەڵەبجە | حەسەن ڕەشید محەمەد | ٪٦٥,٩ |
| ٥٥ | خورماڵ | ئەحمەد محەمەد حسێن | ٪٨٧ |
| ٥٦ | بیارە | تەها کەریم ئەحمەد | ٪٧٣,٨ |

پاڵێوراوانی یەکگرتووی ئیسلامیش بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنانەیان بەدەستهێنا:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٧ | سەیدسادق | جەلال تاهیر عەبدوڵڵا | ٪٤٨,٢ |
| ٥٨ | سیروان | لەتیف عەبدوڵڵا مستەفا | ٪٧٤,٨ |

**کوردستانی نوێ ژمارە (٢٠٦٦) یەکشەممە ٢٠٠٠/٢/٦**



## (پاشکۆی ژمارە ١٦)
## نامەی بارزانی بۆ تاڵەبانی

پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرۆک

الحزب الديمقراطي الكردستاني
الرئيس

٢- دیسان لە هندێک شوێن گرژی لە نێوان برادەرانی پارتی و ینک دروست بووە.

٣- لەسەر صندوقەکان ڕێگە نەدراوە ئەوانەی نەخوێندەوار بە کەسی خۆیان ڕەئی خۆیان بنووسن بەلکو کادرەکانی سەر صندوق بە کەیفی خۆیان نووسیویانە و خۆیان و بەختی خۆیان !

٤- دیسان هەندێک (جەنەرالاتی جەنگ) هەولیاندا کێشەکان گەورە بکەن و بۆ حزبایەتیەکی تەسک و دەرفەتێکی وا مێژوویی لە دەست کورد بدەن.

٥- شکایەتی یەکجار زۆر لەسەر ڕەفتاری برادەرانی ینک پێمان گەیشتووە و بێ گومان ڕەنگە هەمان شکایەت لەسەر پارتیش بەدەست جەنابت گەیشتبێ.

٦- هەندێک خروقات یەکجار زۆر زەقن و پینە ناکرێن وەک ژمارەی زیادی دەنگ کە بە دەها هەزار زیاترە لەوەی کە تۆمار کراوەو معلوم بووە پێشتر ئەو شوێنە ژمارەی دەنگدەری چەندە.

بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە لە دەست کورد نەچێت و بەهانە نەدەینە دەست خەلکی‌تر سبەی طعن لە دەنگی کورد بۆ پەرلەمانی عێراق بدەن. پێم باش نیە ئەوەی پارێزگاکان بکەینە مشکلە بەلام ئاشکرێت ئەو تەزویرە زۆرانەی کراون لە هەرلایەک قبول بکرێن و ئەمانە ببنە ئەساس بۆ ئایندە.

بۆیە پێم باشە لیژنەیەک لێکۆلینەوە لەو تەزویرانە بکات کە ژمارەی دەنگدەر زیاد کراوەو بۆ ئایندە نەبێتە ئەساس.

تفاصیلی‌تریش هەیە هەڤالان عەرزتان دەکەن.

لە کۆتاییدا ئومێدەوارم جەنابیشت بە شارەزایی خۆت باش بیری لێ بکەیەوە و هەول بدەین ئەنجامەکە هەر چیەک بێت لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان تەواو بێ.

لەگەل ڕێز و سلاوی گەرمم.

براتان
مسعود بارزانی
٢٠٠٥/٢/١

## سوپاس بۆ:

* کتێبخانەی نووسراودانی وشە، جەماوەر ئەحمەد
* کتێبخانەی گشتی سلێمانی